# کۆدەکانی جیۆکلتووری

## سیاسەتی دەرەوەی ئێران

نووسینی : د. دینمۆ حەمەد ئامێدبەک

وەرگێڕان : تەحسین وسو عەبدوڵڵا

لە بڵاوکراوەکانی
سەنتەری دیراسات و
توێژینەوە و ئەکادیمیای
پارتی

# کۆدەکانی جیۆکلتووری
# سیاسەتی دەرەوەی ئێران

نووسینی: د. دینموحەمەد ئامێدبەک
وەرگێڕان: تەحسین وسو عەبدوڵڵا

هەولێر ٢٠٢١

کتێب : کـۆدەکــانی جیۆکــلتووری
سیاسەتی دەرەوەی ئێران
نووسینی: د. دینموحەمەد ئامێدبەک
وەرگێڕان: تەحسین وسو عەبدوڵڵا
دیزاین : هیوا کۆمپیوتەر
تیراژ : ١٠٠٠ دانە

# ناوەرۆک


| | |
|---|---|
| ١. پێشەکی | ٥ |
| ٢. کۆدی جیۆکلتووری و سیاسەتی دەرەوە | ٨ |
| ٣. ناسنامەی ئێران | ١٦ |
| ١.٣. بە سیاسیکردنی ناسنامەکان | ٢٢ |
| ٢.٣. ناسنامە و ناسنامەی ئەویدی | ٢٦ |
| ٤. کلتووری میللی ئێران و ناسیۆنالیزمی ئێرانی | ٢٩ |
| ١.٤. قۆناغەکانی سەرهەڵدانی ناسنامەی ئێرانی | ٣٤ |
| ٢.٤. بەسیاسیکردنی کلتووری ئێران | ٣٩ |
| ٣.٤. ناسنامەی نەتەوەیی ئێرانی و ئەوانی دی | ٤٢ |
| ١.٣.٤. عەرەب | ٤٢ |
| ٢.٣.٤. تورک | ٤٤ |
| ٤.٤. دۆستەکانی ناسنامەی نەتەوەیی ئێران: کورد و تاجیک | ٤٧ |
| ٥. شیعەگەری | ٤٩ |
| ١.٥. بە سیاسیکردنی شیعەی ئیسلامی | ٦٠ |
| ٢.٥. ناسنامەی شیعە و ئەوانی دی: سوننە | ٦٤ |
| ١.٢.٥. ئیمپراتۆریەتی عوسمانی/کۆماری تورکیا | ٦٥ |
| ٢.٢.٥. عەرەبستانی سعودی | ٦٦ |
| ٣.٢.٥. پاکستان | ٦٧ |
| ٤.٢.٥. ئەفغانستان | ٧١ |
| ٥.٢.٥. تاجیکستان | ٧٣ |
| ٦.٢.٥. تورکستان/ دەوڵەتی تورک لە ئاسیای ناوەڕاست | ٧٩ |
| ٧.٥.٢. کورد | ٨٣ |
| ٣.٥. دۆستەکانی ناسنامەی شیعە | ٨٦ |
| ١.٣.٥. عەرەبە شیعەکان | ٨٧ |
| ٢.٣.٥. ئازەربایجان | ٨٨ |

| | |
|---|---|
| ٦. کلتووری ڕۆژئاوا | ٩٠ |
| ١.٦. ناسنامەی ئەوانی دیکەی ڕۆژئاوایی ئێران | ٩٣ |
| ١.١.٦. هەستی بەڕۆژئاوایی بوونی ئێران | ٩٣ |
| ٢.١.٦. ڕوانگەی ئێران بۆ ڕووسیا، چین و هیندستان | ٩٦ |
| دەرئەنجام | ١٠٠ |
| پەراوێزەکان | ١٠٣ |
| سەرچاوەکان | ١٠٦ |
| لەبارەی نووسەرەوە | ١٠٩ |
| وەرگێڕ لە چەند دێڕێکدا | ١١١ |

## ١. پێشەکی

ئێران دەوڵەتێکە کۆنترین شارستانیەتەکانی مرۆڤایەتی لەسەر خاکەکەی بنیاتنراوە. بوونی ئەو شارستانیەتانەش لەسەر خاکی ئێران زەمینەسازی گونجاوی دروستکردووە بۆ سەرهەڵدانی بنەمای دەوڵەتێکی بەهێز. بەدرێژایی مێژوو کلتووری ئێران کاریگەری کردۆتە سەر ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست، باشووری ئاسیا، قەفقاسیا و باکووری ئاسیا. لەڕاستیدا ئەو ناوچانەی ناومان بردن لەرۆژگاری ئەمڕۆشدا وەک حەوزەی کلتووری ئێران سەیر دەکرێن. لەگەڵ هاتنەناوەوەی ئێران بۆ نێو شارستانیەتی ئیسلامی هەرچەندە لە سەرەتادا ئەگەر وەک لەدەستدانی کلتووری ئێران بینرابێت، بەڵام لەڕاستیدا تەواو پێچەوانە دەبێتەوە، چونکە لەگەڵ کلتووری ئیسلام بەیەکەوە کاریگەری کلتووری ئێران بە شێوەیەکی بەرفراوانتر دەستی پێکرد. بە تایبەتی لە سەردەمی عەبباسیەکاندا کلتووری ئێران لەسەرای دەوڵەت بەدیکراوە. بۆ نموونە دامەزراوەی وەزیر لە سەردەمی دەوڵەتی عەبباسی بەپێی بنەمای تێگەیشتنی دابونەریتی ئەنجومەنی دەوڵەتی ئێران بوو. هۆکاری ئەمەش نەبوونی دابونەریتی بەهیزی دەوڵەت بوو لای عەرەبەکان لە پێش ئیسلام. تورکەکان لەگەڵ پەسەندکردنی ئایینی ئیسلام و دەستپێکردنی جێگیربوونیان بۆ جوگرافیای ئێران بەیەکەوە کلتووری ئێرانی بۆ تەواوی ناوچەکانی ئۆراسیا بڵاوبوویەوە. هەروەها لە پێنج سەدساڵی دواییدا بڵاوبوونەوەی ناسنامەی شیعەی ئێرانی لەروانگەی جیهانی سوننەی ئیسلامی گەیاندە ئەنجامی هەستکردنی کلتووری ئێرانی وەک "ئەوی دی"

تەنـــانەت وەک کلتـــووری دوژمـــن. ئەو خـــاڵەی ئەمـــڕۆ پێـــی گەیشـــتووە، هەمـــوو ئەو قۆناغـــانەی کە دەوڵەت پێیـــدا تێپەڕیـــوە کـاریگەری کـردۆتە سەرناسنامە و کلتـووری ئێرانـی. بە تـایبەتی لە پێـــنج ســـەد ســـاڵی ڕابـــردوودا، کاتێـــک بە سیاســـیکردنی بابەتەکـــانی کلتـــوور و ناســـنامە بەرچـــا دەکەون، دەگەیـــتە دەرئەنجامی هەڵسـەنگاندنی هەڵەی لەیەک جیاکردنەوەی کلتـوور و سیاســـەت. بەگوزارشـــتێکی دی، ناســـنامەی کلتـــووری وەک بەهێزتـرین فـاکتەری کـاریگەر دەردەکەوێـت لە کـاریگەریکردنە سەر سیاسەت.

لەم پەرتـووکەدا هەوڵـدەدرێت ڕەهەنـدەکانی کلتـووری سیاسـەتی دەرەوەی ئێـران شـرۆڤە بکرێـت. ڕەهەنـدی کلتـووری تـا ئەم ســەردەمانەی دوایـش لەلایەن پسـپۆڕانی سیاســەتی دەرەوە و زانایـــان ڕەچاودەکرێـــت فـــاکتەری ســـەرەکی پێکـــدەهێنێت لە باسـکردنی ئەکتەرەکـان لە سیاســەتی نێودەوڵەتیـدا. پاشـان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ئەو ئەکتەرانەی کە توانـای بنیاتنـانی کلتوور و ناسنامەی بەهێزیـان هەیە شـوێنی خۆیـان بەهێزدەکەن لەسەرئاسـتی نێودەوڵەتییـدا، ئەو دەوڵەتـانەی توانـای بەیەکەوە لکانـدنی کلتـوور و ناسـنامەی نیشـتیمانییان نـیە یـان دەبـنە کـارتێکراو لە سیاسـەتی نێودەوڵەتییـدا یـانیش بەرەو شـەڕێکی نـاوخۆی خوێنـاوی دەڕۆن. لەبەرئەوە لەکـاتی شـرۆڤەکردنی سیاسـەتی دەرەوەی هەر دەوڵەتێـک، کـۆدی جیۆکلتـووری زۆر گـــرنگە کە بە ڕەهەنـــدی کلتـــووری ناودەبرێـــت. لەم چوارچێوەیەشـدا بـۆ تێگەیشـتن لە سیاسـەتی دەرەوەی کۆمـاری ئیسلامی ئێران کلتوور، ناسنامە، پێکهاتەی نیشتیمانی و دیدگای

ئێرانی پێویستە بەکورتی لە چوارچێوەی یەک وشە بەناوی "کۆدەکانی جیۆکلتوور" ڕوون بکرێتەوە. ئەم بۆچوونەش تێگەیشتنمان بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئێران ئاسان دەکات و روانگەیەکی گرنگمان بۆ دەستەبەر دەکات. هەروەها، کۆدی جیۆکلتووری: وەک ئامرازێکی گرنگ دەبینرێت لە شیکردنەوەی مەیلی دروستکارانی بڕیاری ئێرانی و ڕوونکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران.

لەم چوارچێوەیەدا، سەرەتا بەکورتی گفتوگۆ دەکرێت لەبارەی بەستێنی نێوان کۆدی جیۆکلتووری لەگەڵ سیاسەتی دەرەوە، پاشان جەخت لەسەر کلتووری نیشتیمانی ئێرانی دەکرێتەوە. لەم خاڵەدا لەڕێگەی بابەتی "ناسنامەی نیشتیمانی"، "ناسنامەی ئایینی" و "ناسنامەی ڕۆژئاوایی" لە چوارچێوەی سێ باس دەخرێنەڕوو. لە هەمان کاتدا ئەم سێ ناسنامەیە چۆن دیدگای جیهانی ئێرانیان پێکهێناوە شیکردنەوەی لەبارەوە دەکرێت. بە تایبەتیش ئەو ناسنامانە چۆن ناسنامەی ئەوەی تری ئێرانی دروست کردووە دەخرێتە بەرباس و گفتوگۆ. بەگوێرەی بیرۆکەی ئەو زانایانەی لەم بوارە کار دەکەن، بەم دواییانە لە بوارەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بابەتەکانی تێڕوانین و ناسنامە لە رێگەی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت نییە بەڵکو دیاریدەکرێت لە رێگەی ئەوەی چۆن دەوڵەتەکان هەست بە ڕاستیەکە دەکەن و چۆن شیدەکەنەوە. لەم روانگەیەوە ئەو سێ ناسنامەیەی ئێرانی کە ناومان بردن، ئەو هۆکارانەی کار دەکەنە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران و ئاراستەی دەکەن وەک کۆدەکانی جیۆکلتووری دەردەکەون.

## ٢. كۆدی جیۆكلتووری و سیاسەتی دەرەوە

شـــیکردنەوەی سیاســـەتی دەرەوە لە دەروازەی کلتـــوورییەوە ئاراســـتەیەکی نـــوێیە لە تیۆرەکـــانی پەیوەنـــدی نێودەوڵەتییـــدا. لەچارەکی کۆتایی سەدەی ڕابردوودا، گرنگی بابەتەکانی کلتوور، ناســنامە، شارســتانیەت و ئــایین لەلایەن پســپۆڕانی پەیوەنــدییە نێودەولەتییەکان زیاتر دەرکەوتووە. چونکە لە مێژوودا تەوژمە سەرەکیەکان وەک "ڕیالیزم و لیبڕالیزم" تەنها لە ڕوانگەی هێز و بەرژەوەندییە ئابوورییەکان خوێندنەوەیان بۆ سیاسەتی دەرەوە کردووە، ئیتر لەم بارودۆخەشدا دەوڵەت بێ ئەنجام دەمێنێتەوە لە شـــیکردنەوەی سیاســـەتی دەرەوەدا. دیـــدگا و بۆچـــوونە نوێیەکـــان بە تـــایبەتیش ئەوەی لە لقەکـــانی سۆســـیۆلۆژی و زانســـتی کلتـــوورییەوە لەلایەن زاناکـــانەوە گەشـــەی پێـــدرا، بەگوزارشـــتێکی گشـــتی، دەتـــوانین ئەم دیـــدگا نـــوێیەش نـــاوی "قوتانخـانەی بونیـاتگەرایی" لـێ بنرێت. بەگـوێرەی بیروبۆچـوونی ئەم قوتابخـانەیە؛ ناســنامەی دەوڵەت، کـاریگەری دەکـاتە ســەر سیاســـەتی دەرەوەی دەوڵەت. بەپێـــی ئەم تیـــۆرە کاتێـــک شـیکردنەوە بـۆ سیاســەتی دەرەوەی دەوڵەت دەکرێـت، دەبێـت هەمـــوو توخمەکـــانی ناســـنامەی دەوڵەتەکە و چـــۆنیەتی دروســتبوونی ناســنامەکە بـاس بکرێـت. بەکـورتی مەبەسـت لە ناســنامەی دەوڵەتــیش ئەوەیە چــۆن خــۆی پێناســە دەکــات لەبەرامـــبەر دەوڵەتـــانی دی و هەســـت و ڕوانگەشـــی بـــۆ ئەکتەرەکـانی دی "ئەوانـی دی" چۆنەچـۆنیش هەسـت بە ئەوانـی دی دەکات.

لەڕاســـتیدا لەم روانـــگەیەوە (Samuel Hantington) ســـامویڵ هانتینگتۆن لە تێزەکەی بەناوی (Clash Civilizations) "پێکدادانی شارســـتانییەکان" باســـی دەکـات کە "بابەتەکـانی پەیوەندیـدار بە ئـایین، کلتـوور و شارسـتانییەتی دەوڵەتەکـان چـۆن کـاریگەری دەکاتە سەر سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت"[١].

ئـارگیۆمێنتی ســەرەکی ئەم تێـزە ئەوەیە کە سیاسـەتی دەرەوە تەنها لە ڕەهەندی ناوخۆیی دەوڵەتەوە سـەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لە چۆنیەتی پێزانینی بۆ کۆمەڵگەی جیهانی سـەرچاوە دەگرێت وەردەگرێت. هەروەهـا، دەوڵەت خـۆی بەنزیکـی کـام شارسـتانی دەبینێ، خۆی بە کام شارستانی هەژمـار دەکات و کامەیان وەک دوژمنـی خـۆی دەبینێـت، ئەمـانە گـرنگن لە روانـگەی پەیوەنـدی نێوان سیاسـەتی دەرەوە و کلتـوور. لێـرەوە بەخێرایـی، بـابەتی پێـزانین لەم دواییـانەدا لەپیوەنـدییە نێودەوڵەتییەکانـدا بەچـڕی کـاری لەسـەر کراوە. (Glen Fisher) گلێن فیشـەر لە پەرتوکێکیدا بەناوی "پێکهاتەکانی عەقڵ: ڕۆڵ کلتـوور و پیزانین لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکـان"، بەرگـری لەو تێـزە دەکـات، "لە راسـتیدا لە پەیوەنـدییە نێودەوڵەتییەکـان بـابەتی چـۆنیەتی هەسـت کـردن و پیـــزانین گرنگتـــرە لە بـــابەتی کاروبارەکـــان چـــۆن و بەچ شـــێوەیەکە"[٢]. هەروەهـــا، ئەم پێـــزانینە شـــێوازی پەروەردە و کلتووری دروستکەرانی بڕیار، دیزاین دەکات.

ئەم دیدگا نـوێیە، لێکۆڵضـینەوەکانی ڕیـالیزم کە تـا ئەمڕۆ کـراوە لە پەیوەنــدییە نێودەوڵەتییەکــان دەخــاتەژیر لێپرســـینەوە. وەک ئاشــکرایە لە ســـاڵی ١٦٤٨دا لەگەڵ دەســـت پێکردنـــی قۆنـــاغی

ویستفالیا و لەو سەردەمدا (Kardinal Richelieu)ی پیاوی دەوڵەت بە سەروەری دانانی بەرژەوەندییەکانی فەڕەنسا، ناسنامەی ئایینی فەڕەنسا و هاوبەندیبوونی مەسیحیەت چەمکی عەقلی دەوڵەتی هاتە نێو ئەدەبیاتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئەم چەمکە دەوڵەتەکان وەک ئەکتەرێکی عەقلانی پەسەند دەکات. لەبەرئەوە دەوڵەتەکان پەیوەست نین بە چەمکەکانی کلتوور، ناسنامە و ئایین و بیر و باوەڕەکان بەڵکو دەوڵەتان پەیوەستن بە هێزی سەربازی و ئابوری[٣].

لە سەدەی حەڤدە ڕێککەوتنی فەرەنسا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی موسلمان لە بەرامبەر هابسبۆرگی مەسیحی بەپێی ئەم چەمکە لێکدەدرێتەوە. لە سەدەی هەژدەهەمدا لاوازبوونی فەرەنسا و دەرکەوتنی بەریتانیا بە بەرپەرچدانەوەی هەمان لوژیک گۆڕانکاری بەسەرداهات. دبلۆماتکارانی ئینگلیز بەم شێوەیە ڕوون کردنەوەیان خستۆتەڕوو، "بەریتانیا نە دۆستی هەمیشەیی نە دوژمنی هەمیشەیی هەیە"، "بەڵام بەرژوەندی هەمیشەیی هەیە"، کاری ئێمەش پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانەیە"[٤].

ئەگەر سەیری مێژوو بکەین لە دبلۆماسیەتی ئینگلیزدا وەها دەبینرێت کە پێکهێنانی دۆستایەتی و هاوپەیمانی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا بووە. بەدرێژایی سەدەی نۆزدە بەریتانیا لەگەڵ رووسیا لەڕکابەری دابوو، بەڵام لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا پێویست بوو هاوپەیمان بێت، بەم شێوەیە هەلوێستی بەریتانیا ڕووندەکرێتەوە لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی. بەهەمان شێوە لە کۆتاییەکانی سەدەی

نۆزده ئەڵمانیا دەستیکرد بە بەهێزبوون، بەڕەنگدانەوەی هەمان بیرۆکە لە ئەدەبیاتی چەمکی سیاسەتی واقیعگەرایی ناسێنرا. بەکورتی ئەمانە، لەسەر بنەمای بەهاکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ناوەستێت بەڵکو لەسەر بنەمای هاوسەنگی هێز ڕادەوەستێت.

ئەوروپییەکان دوای داگیرکردنی هەموو جیهان و بڵاوکردنەوەی دیدگا و بۆچوونی خۆیان لەڕێگەی ئامرازی دەوڵەت - نەتەوەی نوێ کە لەسەر بنەمای شێوازی ئەوروپی ڕێکخرابوو، بەرژەوەندی و دیدگای هێزی ئەوروپاییان ڕێکخستبوو. ئەم بارودۆخە لە شیکردنەوەی پێکهاتەی سەردەمی جەنگی سارد دا وەک میتۆدێکی ڕاست دەبینرێت. بەڵام کۆتایی هاتنی لەناکاوی جەنگی سارد پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی بۆ ڕەهەندێکی جیاواز گواستەوە.

ئەوەی ناودەنرێت واقیعگەرایی کە ئەمڕۆ پێی گەیشتووە، وەها تێبینی دەکرێت ئەو ڕووداوانە لە واقیعیدا بارودۆخی بابەتی تێپەڕبوون لەڕێگەی فلتەری کلتووری، پێکهاتەی عەقلی و دونیای ناوەوەی دروستکەرانی بڕیار. بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی ئامرازەکانی پەیوەندی ڕای گشتی گەڵ ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرەو زیاد بوون دەچێت لە سیاسەتی دەرەوە. لەم دۆخەدا، وەها دێتە بەرچاو کە تا ئێستا ئەو دیاردەیەی وەک "بەرژەوەندی نەتەوەیی" پێناسە دەکرێت لە ڕاستیدا پەیوەست نین بە نیشتیمان بەڵکو پەیوەستە بە بەرژەوەندی دەسەڵاتدار. بۆ نموونە پێش شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩ لە ئێران پەیوەندی

تـاران لەگەڵ ئەمریکـا  پشتبەسـتوو بە بەرژەوەنـدی نەتەوەیـی ئێران پێناسـە دەکرا، بەڵام لەدوای شـۆڕش، ئەمریکا لەروانـگەی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران وەک دوژمنـی نەتەوەی ئێـران پێناسـە دەکرێـت. لەبەر ئەمەش پێناسـەکردنی ئەوەی کـێ دۆسـتە و کـێ دوژمــنە پەیوەســت نیــیە بە نیشــتیمان، بەڵکــو پەیوەنــدی بە ناسنامەی دروسـتکەرانی بڕیـاڕ و دیدگا و و جیهـانبینی ئەوانەوە هەیە. وەک بـابەت، پێناسـە کردنـی دۆسـت و دوژمنـی نیشـتیمان زەحمەت دەبێت.

لەبۆچـوونی بنیاتگەرایـیدا، سیاسـەتی دەرەوە وەک ڕەنگـدانەوەی ناسنامەی دەوڵەت دەبینرێت. هەروەک لە دیـدگای سۆسـیۆلۆژیدا هەیە، هەر دەوڵەتێــک ناســنامەیەکی تــایبەت بە خــۆی هەیە. لەوەڵامـی پرسـیاری "ناسـنامەی دەوڵەت چۆن دروسـت دەبێـت؟" ئەم دوو بۆچـوونە تێبینــی دەکرێــت: بۆچــوونی یەکەم  لەســەر ئاســتی سیســتم  نــاوی لێنــراوە، بۆچــوونی دووەمــیش لەســەر ئاستی یەکە ناوی لێنراوە. بەپێی تێڕوانینی سیسـتم دروسـتبوونی ناســنامەی دەوڵەتەکــان وەک دەرئەنجــامی کــاریگەری نێــوان دەوڵەتەکـان شـیدەکرێتەوە، لیـرەدا بەسـتێنی سـەرەکی بـابەتەکەیە پەیوەنـــدی کـــاریگەری لەگەڵ ناســـنامەیە. بەگـــوێرەی ئەمە پەیوەنـدی دەوڵەتەکـان لەگەڵ یەکتـر دەتوانێت کاریگەریـان بکـاتە سـەر. بەکـورتی، بەگـوێرەی ئەم بۆچـوونە ناسـنامەکان بەرهەمـی کاریگەرییەکانن.

تێڕوانینی ئاستی یەکە زیـاتر پەیوەندیدارە بە سیاسـەتی نـاوخۆی دەوڵەت. بەگـوێرەی ئەمەش، گۆڕانکارییەکـانی سیاسـی نـاوخۆیی

دەوڵەت کاریگەری دەکاتە سەر ناسنامەی دەوڵەت. بەواتایەکی دی، کاتێک ناسنامەی تێڕوانینی سیستم لە دەرەوە بنیات دەنرێت، ناسنامەی تێڕوانینی ئاستی یەکە لەناوخۆی دەوڵەت بنیات دەنرێت.

لە روانگەی سیاسەتی ناوخۆ، لە زانستی سیاسەتدا چەمکی "کلتووری سیاسی"ش لەم دواییانەدا دەرکەوتووە. بەگوێرەی ئەوەی نوسەر (Mansour Farhang) مەنسور فەرهەنگ دیاری کردووە، لە ڕۆژئاوا لە دۆخی ئاساییدا کاتێک سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتێک شرۆڤە دەکرێت، لە روانگەی بەرژەوەندییە ماددییەکانەوە هەڵدەسەنگێنرێت. لە دەرەوەی جیهانی ڕۆژئاواشدا تیۆری مۆدێرنیزاسیۆن و پشت بە یەکتربەستن بەکاردەهێنرێت. بەڵام لەهەندیک بارودۆخدا بە تایبەت لە بارودۆخی ئێراندا ئەم تیۆرانە سوودی لێ وەرناگیرێت. بەگوێرەی بۆچوونی نووسەر فەرهەنگ، هۆکاری سەرەکی پێشبینی نەکردنی ڕۆژئاوا بۆ شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی پێنەدانی دیاردەی ئایین وەک پێویست لەلایەن توێژەر و پسپۆرانی ڕۆژئاوا(٥).

لێرەدا نوسەر، جەخت لەسەر بنیاتنانی ناسنامەی ئێران لە ناوەوە دەکاتەوە. بەگوێرەی ئەوە ڕۆژئاواییەکان، گرنگترین تایبەتمەندی ناسنامەی ئێران کە تایبەتمەندی "ئایین"ە لەبەرچاو نەگرتبوو. بەواتایەکی دی، هەندێک جار تێگەیشتن لە کۆدی جیۆکلتووری زۆر قورسە لەهەر دەوڵەتێک، ئەمە بۆ ئێرانیش ڕاستە، ئەمەش دەبێتە هۆکاری هەڵە سەرەکیەکان لە لێکدانەوەکان.

جیۆکلتـوور، لە پەیوەنـدییە نێودەوڵەتییەکانـدا چەمکێکـی تـازەیە. لەئەدەبیـاتی ڕۆژئاواییـدا چەمکـی "جیۆکلتـوور" بەکارناهێنرێـت. کاتێک تـوێژەرانی ڕۆژئـاوایی زیـاتر چەمکـی "کلتـوور" بەکـاردێنن، تیۆرەکانی پەیوەندی نێودەوڵەتی و قوتابخـانەی بنیـاتگەراییش کە جەخـت لەسـەر ناسـنامە دەکـات بەکارهێنـانی چەمکـی کلتـوور پەسـەند دەکـات. بـۆ نمـوونە، (Peter Katzenstein) "پیـتەر کاتزەنسـتێین" لە پەرتوکێکـدا لەبـارەی قوتابخـانەی بنیـاتگەرایی بەنـاوی "کلتـووری ئاسایشـی نیشـتیمانی: پێـوەر و ناسـنامە لە سیاسـەتی جیهانیـدا". لە قوتابخـانەی بنیـاتگەرایی هەرچەنـدە (Emmanuel Wallerstein) "ئیمانوێـل والرشـتاین" پەرتـوکێکی ناونابیـت "جیۆپۆلیتیـک و جیۆکلتـوور: لەبـارەی نوسـینەکانی گـۆڕانی سیسـتمی جیهـانی"، نوسـەر لە پەرتوکەکەیدا مەبەسـتی بەکارهێنـانی چەمکـی جیۆکلتـوور نـیە بەڵکـو مەبەسـتی چەمکـی کلتوورە، ئەویش لە ڕوانگەی کەپیتالیزم بەکاردەهێنێت.

چەمکـی جیۆکلتـوور، چەمکـێکە لە بەیەکەوە گرێـدانی جوگرافیـا لەگەڵ کلتوور سەریهەڵداوە. کاتێک جیۆپۆلیتیک وەک کـاریگەری نێوان جوگرافیـا و سیاسـەت شـیدەکرێتەوە، جیۆکلتووریش وەک کـاریگەری جوگرافیـا لەگەڵ کلتـوور لیکـدەدرێتەوە. هەروەک بـڕگەی "جیـۆ" بـوو بە سیاسـی، چەمکـی کلتـووریش ڕەهەنـدێکی نێـودەوڵەتی وەرگـرت. بـۆ نمـوونە، کاتێـک دەوترێـت چـالاکی کلتـووری بەگشـتی دەگونجێـت لەگەڵ ئەو چالاکیـانەی پەیوەندیـدارن بەکلتـوور، کـاتێکیش دەوترێـت چـالاکی جیۆکلتـووری، بە شـێوەیەکی ئۆتۆمـاتیکی ڕەهەنـدی نێـودەوڵەتی بە چالاکی دەدات.

کاتێک دەگوترێت کۆدی جیۆپۆلیتیکی، ڕێکخستنی ناسنامەی دەوڵەتێکی دیاریکراوە بە درێژایی سەدان ساڵ هەندێک مۆدێل وەها دەردەکەون. ئەم مۆدێلانە تایبەتمەندی گرنگن بۆ پاراستنی گیانی مرۆڤەکان لەنێو نیشتیمان. بەگوزارشتێکی سەردەمیانە، دەتوانرێت بەو مۆدێلانە بگوترێت دەستەواژەی تێڕوانینی لایەنگری کوێرانە. لە دەرئەنجام ئەم کۆدانە بەتایبەتی لە سەردەمی قەیرانەکاندا دەردەکەیت کە ڕۆڵێکی دیاریکەر دەبینن. بۆ نموونە، لە سەردەمی شەڕی یوگوسلافیادا پشتگیری کوێرانەی سربییەکان لە دژی بۆسنابییەکان هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی وێرانکاریەکی زۆر گەورە ڕووبدات. لەبەر ئەوە کاتێک سیاسەتەکانی دەرەوەی نەتەوەکان شرۆڤە دەکەین، نابێت کۆدەکانی جیۆکلتووری وەلاوە بنرێت. چونکە هەرچەند ئەگەر دروستکارانی بڕیاری سیاسەتی دەرەوە واقیعگەراییانە کاربکەن لە دەرئەنجامدا ئەوانیش ئەندامی کۆمەڵگە (نەتەوە)ن و هەست و پێزانینی نەتەوە بەشدەکەن(٦). ئەوەی ماوە، لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، زیادبوونی کاریگەری گروپەکانی کۆمەڵگەکان لەبەرچاو بگیرێت، لەڕاستیدا دروستکارانی بڕیار ناچار دەبن گوێ لە کاردانەوەی خەڵک، هەستیارییان، تەنانەت لایەنگری کوێرانەیان بگرن. ئەگەر لەم قۆناغەدا دیموکراتیزەکردن زیاد بکرێت، دەسەڵات بیەوێت و نەیەوێت دەنگی نیگەرانی کۆدەکانی جیۆکلتووری نەتەوەیی بەهەند وەردەگرن.

لە تیۆرەکانی پەیوەندی نێودەوڵەتییدا، لەجیاتی چەمکی "کۆدی جیۆکلتووری" چەمکەکانی "ناسنامەی نەتەوەیی"، "ناسنامەی دەوڵەت"، "ناسنامەی کلتووری" یانیش "ناسنامەی ئەکتەر"

بەکاردەهێنرێت. لەبەرئەوە کۆدی جیۆکلتووری یەکسانە بە ناسنامەی نەتەوەیی. بۆیە لە میانەی باسکردندا ناسنامەی نەتەوەیی و کۆدی جیۆکلتووری وەکویەک بەکاردەهێنرێت. لە دەرئەنجامدا بۆ باسکردنی کۆدەکانی جیۆکلتووری سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتێک پێویستە لێکۆڵینەوە لە ناسنامەی نەتەوەیی دەوڵەتەکە بکرێت. بەکورتی کۆدی جیۆکلتووری، سیاسەتی دەرەوە هەرچی بێت فاکتەرێکی گرنگ و ڕەچاوکراوە. کاتێک هەموو ئەو هۆکارانە لەبەرچاو دەگیرێن، لە میانی ئەم باسەدا کۆدەکانی جیۆکلتووری ئێران یان ڕاستر ئەو ناسنامانە شرۆڤە دەکرێن کە دیزاینی سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەکەن.

## ٣. ناسنامەی ئێران

بەرلە شیکردنەوەی ناسنامەی ئێران پێویستە ئەم پرسیارانە بخرێنەڕوو: "ئێران لە کوێیە؟ ئیرانیەکان کێن؟ ئایا جیاوازی هەیە لە نێوان ئێران لەگەڵ فارس؟ ئایا چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان ئێرانیەکان لەگەڵ فارسەکان؟"

بەگشتی ناوەکانی دەوڵەت لە دەرەوەی لێدەنرێت، لە ناوەوەی دەوڵەت مرۆڤەکان خۆیان بە ناسنامەی لاوەکی (فرعی) پێناسە دەکەن. ئێران وەک ناوی دەوڵەت، لە دوای (١٩٣٥) ڕەزا شای پەهلەوی بەهۆی ویستی چونیەک کردنی دەوڵەتەکەی خانەدانەکانی قاجار(١٧٩٤ – ١٩٢٥) لەگەڵ دەوڵەتی فارس هاتەئاراوە. لەراستیدا ناوی ئێران هەر لەدێر زەمانەوە لەلایەن ئێرانییەکان بەکارهێنراوە، کە بە مانای "بەگزادە"، "ئەرستۆکرات"

دێت. "ڕەگەزی ئاری" نازی ئەڵمانی بەکاریانهێناوە لەهەمان ڕەگوڕیشەوە دێت. بەهۆی ئەوەی لە سەردەمانی کۆنەوە تورکەکان و ئێرانییەکان لەژێر کاریگەری یەکتر ژیاون، وشەی "ئاری" لەزمانی تورکیدا بە واتای "خاوێن" یانیش "گەورە" واتە "قارەمان"، "ئازا" دێت. لە وشەی ئار – ناموسدا وشەی "ئار" وەها بیردەکرێتەوە لە هەمان ڕەگوڕیشەوە هاتبێت.

بەهۆی ئەوەی ئێران بە درێژایی سەدان ساڵ کەوتۆتە ناوەڕاستی ئەو کۆچبەرانەی کە لە ڕۆژهەڵاتەوە ڕوو لە ڕۆژئاوا دەکەن پێناسەکردنی ئێرانییەکان وەک ئیتنیک زەحمەت دەبێت. ئەوانەی وەک ئیتنیک لە ئێراندا دەژین فارسەکان، تورکەکان، کوردەکان و ئەوانی ترن. بەڵام "فارسەکان پێکهاتەی سەرەکی دەوڵەت" پێکدێنن لە ئێران، ئەمە دەربڕینێکی هەلە نییە. هەروەک نوسەر تۆوراج ئەتابک لە وتارێکدا لە ژێرناونیشانی "جێگیربوونی خود و ڕەتکردنەوەی "ئەوی دی": پانتورکیزم و ناسیۆنالیزمی ئێرانی" دیاریکردووە کە پێکهێنانی ناسنامەی مۆدێرنی ئیرانی، ئازەربایجان ڕۆلێکی مەزنی بینیووە. بەگوێرەی تویژینەوەی نووسەر، لە سەردەمی مەشروتیەتدا بەهێزبوونی ئەیالەتی ئازەربایجان و تورکەکانی ئێران لە بەرامبەر ناسیۆنالیزمی ئیتنیکی تورکی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ناسیۆنالیزمی کلتووری دەوڵەتی ئێرانیان پەسەندکرد(٧).

بە شێوەیەکی گشتی کاتێک هەڵسەنگاندن نەک تەنها بۆ سەدەی بیستەم بەڵکو بۆ مێژووی هەزار ساڵی کۆتایی ناوچەکە دەکەین،

ئەوانەی ئێرانییان دروستکرد تورکە ئێرانییەکانن. ئەم بابەتە بە وردەکاری زیاترەوە گفتوگۆ دەکرێت. لێرەدا بەڕازیبوون لەم گوزارشتکردنە ، "بەسەروەری دانانی ناسیۆنالیزمی فارسی لە ئێرانی ئێستادا، بەرەوە ڕووی هەڵەیەکی گەورەمان دەکاتەوە ئەگەر ئێران وەک دەوڵەتێکی فارسی پێناسە بکەین". چونکە لە ئێران ناسنامەی تورکی بە شێوەیەک کاریگەرە، نابێت وەلاوە بنرێت. بە کورتی لەرووی ئیتنیکییەوە ئێران وەک فارس یان تورک پێناسە بکەین زۆر قورس و بێ ئەنجام (سەرلێشێواو) دەبێت.

لەبەرئەوە ئەوانەی ئێرانییان دروستکردووە نە ناسنامەی ئیتنیکی نە جوگرافیایە، هەروەک نوسەر (Mechael Axworthy) دیاریکردووە، بیرۆکەکەی بەر لەهەر شتێک گوزارشتە لە کلتوور و زمان[٨]. ئەم کلتوور و زمانەش بە درێژایی سەدەکان گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە. نوسەر (Freshteh Davaran) فریشتە داڤاران لە هەولی سەلماندنی بۆ ئەم بابەتە لە چوارچێوەی پەرتوکێکیدا بە ناوی "بەردەوامیێتی ناسنامەی ئێران: خۆڕاگری میراتی کلتووری"، ناسنامەی ئێرانی هەر لە دێر زەمانەوە خودی خۆی دەپارێزێت[٩].

کەواتە بۆ باسکردنی ئێران بەر لە هەرشتێک پێویستی بە باسکردنی ناسنامە و کلتووری ئێرانە، کە خودی ئێران ئەم کلتوورەی پێکهێناوە. لە دوایدا هەموو ئەو خەڵکانەی ڕوویان لە ناوچەکە کردووە ویستوویانە خۆیان لەگەڵ ئەم "بەهێزبوونەی خود"ە چوونیەک بکەن و بەگرنگی پێدانی ئەمە خۆیان دیزاین

بــکەن. نووســـەری نـــاوداری ئێـــران (Abdulkarim Soroush) عەبدولکەریم سروش دیاریکردووە ئەمڕۆ لە ئێراندا سێ کلتـوور بە یەکەوە دەژین: "کلتووری میللی"، "کلتووری ئاییینی"، "کلتـووری ڕۆژئـاوایی"[١٠]. ئەم ســێ کلتــووره، وەک سێگۆشــەی کلتــووری ناسـنامەی ئێرانــی پێکـدێنن. ئەگەر پێکهێنـانی ئەم ســێ کلتــووره ســـەردەمانی جیـــاوازیش لەخۆبگرێـــت، بەڵام ئەمـــڕۆ ئەم ســـێ کلتووره لە بارودۆخی زۆر نزیک لەیەکتردان.

سەرەتای دەستپێکی کلتـووری میللـی، دەگەڕێتەوە بۆ سـەردەمی ئیمپراتـۆریەتی میـدیا (١٠٠٠)ســاڵ پــێش زایـین، بەتـایبەت (٥٥٠) ســـاڵ پــێش زاییـنـدا دروســتبوونی ئیمپراتــۆریەتی هاخامنیشـــی فارســـی. ناوەنــدی ئیمپراتـــۆریەتی میـــدیا کەوتبـــووە بـــاکوری ڕۆژئـاوای ئێـران واتە ئەیـالەتی ئازەربایجـانی ئەمـڕۆ، ناوەنـدی ئیمپراتـۆریەتی هاخامنیشـی فارسـیش کەوتبووە باشـوری ئێران. پاشـان ئێـران لە نێـوان سـاڵانی (٢٤٧ - ٢٢٤) پـێش زایـین کەوتە ژێـر حـاکمیەتی ئیمپراتـۆریەتی پارسـی. ناوەنـدی ئیمپراتـۆریەتی پارسـیش دەکەوێـتە نێـو خـاکی ئێسـتای تورکمانسـتان. پـێش ئیسـلامیش لە ئێـران ساسـانییەکان دەسـەڵاتیان بەدەسـتەوە بـووە، هێزەکـانی عەرەبە موسـلمانەکان لە سـەدەی حەوتـدا ئەم ئیمپراتۆرییەتەیان ڕووخاند.

ئەم ئیمپراتۆرییەتانە سـەرکەووتوو بـوون لە پێکهێنـانی کلتـورێکی هەمیشـەیی بۆ ئێران. بەلایەنـی کەمەوە لە سـەدەی سـێیەمی پێش زایــین تــا ئێســتا نــاوی "شــای ئێران/ئێـران شــاهر" و "خــاکی ئێران/سەرزەمینی ئێران" وەک چەمکێکی سیاسی بـوونی هەبـووە

بە روونی دیاریکراوە کەوتۆتە ئەو شوێنەی کە ئەمڕۆ بە ئێران ناودەبرێت. لە رووی ئیپستمۆلۆژییەوە مانای وشەی "شاهر" لەجیاتی دەسەڵات و ئۆتۆریتەی شا بەکارهاتووە، ئەگەر لە زمانی تورکیدا لەگەڵ وشەی "شەهیر/شار" هەمان مانا بدات، بەڵام لە یەکەم مانادا وشەکە گوزارشتە لە شوێنە بەرەو پێش چووەکانی دەوروبەری شا، واتە ئەولەویەت بە دەسەڵاتی سیاسی دەدات. بەهەمان شێوە بە خەڵکی ئێران دەگوترا "شەهرباند"، مانای ئەمەش "خەڵکی دەوروبەری شا"یە(١١). بەواتایەکی دیکە، لەپرۆسەی پێکهێنانی ناسنامەی ئێرانی بنەمای سیاسی لە پێشەوە هاتووە.

لە ڕووی کلتوورییەوە ئەم دەوڵەتانە دەگەڕێنەوە بۆ ئایینی زەردەشتی. لەهەمان کاتدا هەموو ئەو دەوڵەتانە بەگواستنەوەی دابونەریتەکانی دەوڵەت بیرۆکەی دەوڵەتی بەهێزی ئێرانیان بنیاتنا. ئەم بیرۆکەیە، لە ئەمڕۆدا کاریگەری قووڵ دەکاتەسەر کۆدەکانی جیۆکلتووری سیاسەتی دەرەوەی ئێران. گرنگتری ناسنامە کە پالپشت بووە بۆ بوونی ئێران وەک دەوڵەت ناسنامەی میللییە کە سەرچاوەکەی بۆ پێش ئیسلامی دەگەڕێتەوە.

ناسنامەی ئایینی شیعە لە ئێران لەگەڵ هاتنی ئیسلام بەیەکەوە دروستبوو. لەگەڵ هاتنی ئیسلام بۆ ئێران کلتووری فارس، نەریتی دەوڵەتی پارس و زەردەشتیەت کاریگەری زۆریان دروستکرد. لە لایەکی دیکەوە ئەمانە کەوتنە ژێر کاریگەری شارستانیەتی ئیسلامی. چوونە ناوەوەی دەوڵەتی ئێران بۆ نێو

شارستانیەتی ئیسلامی لەساڵی ٦٤٢ تا سەدەی پازدە، ئێران لە نێو ئەو شارستانیەتە نوێیە دەگەڕا بۆ دروستکردنی ناسنامەیەکی تایبەت بەخۆی. بە گوزارشتێکی جیاوازتر، بنەمای دەوڵەتی ئێران سەدان ساڵە دروستبووە، وەها لێکدەدرێتەوە ئیسلامیەتێکی تایبەت بەخۆی هەیە. بە هاتنی سەدەی دەیەم و یازدە گەواهی هەڵسانەوەی کلتووری تایبەت بە ئێران دەدرێت. سیمبوڵی ئەم هەلسانەوەیە ناوی فیردەوسی بوو. هەروەها کلتوور و زمانی فارسی ناوچەی کۆنی نفوزی دووبارە گەڕاندەوە. بەگوێرەی ئەوەی نووسەر (Abbas Amanat) عەباس ئەمانات دیاریکردووە، هەریەکە لە ئیلخانییەکان، تەیمورییەکان، عوسمانییەکان، موگالیەکان لە هیندستان، سەفەرییەکان، ئەفشارییەکان، زەندییەکان و قاجارییەکان کە دواتر هاتن بۆ ناوچەکە، خۆیان وەک مۆدێل باسکردبوو لە چوارچێوەی شانامەی فیردەوسیدا[١٢].

ئەم ڕابوونە کلتوورییەی ئێران پێویستی نەدەکرد ئیسلام ڕەتبکاتەوە، بەڵام لەم بارودۆخە ئێران وەها دەردەکەێت کە بە دوای ئەوەوە بێت کە شوێنێکی تایبەتی هەبێت لەنێو جیهانی ئیسلامیدا. ئەم شوێنە تایبەتەش، لە کۆتایی سەدەی پازدە خانەدانەکانی سەفەوی لە ئێران حاکمیەتی دەستەبەر کرد بە پەسەندکردنی مەزهەبی شیعەی ئیسلامی وەک ئایدۆلۆژیای فەرمی دەوڵەت. پاشانیش لەلایەن نادر شا، خانەدانەکانی زەند و قاجارییەکان وەک کۆتا خانەدان ڕێبازی شیعەگەری وەک ئایدۆلۆژیای فەرمی بەردەوامی پێدرا. تایبەتمەندی گرنگ لە ناسنامەی شیعی ئێرانیدا، بریتی بوو لە گەرەنتی کردنی

بەردەوامێتی کلتووری میللی مەزهەبی شیعەی ئێرانی. ئەگەر بە چەمکێکی مۆدێرن گوزارشتی لێ بکرێت، بەهۆی شیعەی ئیسلام ئێران بووە دەوڵەتێکی ئایینی نەتەوەیی.

بەهاتنی سەدەی نۆزدە ئێرانیش وەک کۆمەڵگەکانی دی ڕۆژهەڵات لەژێر کاریگەری شارستانیەتی ڕۆژئاوا مایەوە. بەهەمان شێوەی کە لە دەوڵەتی عوسمانی ڕوویدا، بیریارانی ئێرانی دەستیان کرد بە گەڕان بەدوای ڕیگاکانی زاڵبوون بەسەر دواکەوتووی ئێران. بەکورتی، هەموو ئەو ناسنامانەی ئەمڕۆی ئێران لەبەرچاو بگیرێت، وەها خۆیان نیشاندەدەن ئەم ناسنامانە گەشەیان کردووە لە پرۆسەی کاریگەری لەگەڵ شارستانیەتی ڕۆژئاوا. تەنانەت، "کۆماری ئیسلامی" و " شۆڕشی ئیسلامی" لە دوایین شیکردنەوەدا وەک رووداوی درسوتبوونی مۆدێرنیتە دەبینرێن.

### ١.٣. بە سیاسیکردنی ناسنامەکان

بە بەراوردکرنی ئێران لەگەڵ شارستانییەتی ڕۆژئاوا دەچینە نێو پرۆسەیەکی گۆڕانکاری بە جۆرێک کە ڕووناکبیران دەستیان کرد بە لێپرسینەوە و گفتوگۆ لە بارەی دواکەوتووی دەوڵەت. بەم شێوەیە بە سیاسیکردنی ناسنامە کلتووره جیاوازەکان لە کۆمەڵگە کۆنەکان و بەگوێرەی ئەمەش گرووپی سیاسی میانڕەوی جۆراوجۆر لەسەر بنەمای کلتووری جیاواز دروستبوونە.

گرووپی یەکەم مۆدیرنیستەکانن، بەرگری دەکەن لەوەی ئێران بە

وازهێنـان لە بەهاکـانی خـۆی پێوسـیتە لاسـایی ڕۆژئـاوا بکـاتەوە. بەپێی دیدگا و تێڕوانینی ئەم گروپە تەنهـا ڕەگەز، زمـان و مێژوو دەمێنێـــتەوە، بەڵام بنەماکـــانی دی کـــۆمەڵگە دەبێـــت وازی لـــێ بهێنرێت، ئیتر بەم جۆرە ئێران دەتوانێ لە ڕۆژئـاوا نزیـک بێتەوە. ئەم گـروپە پشـتگیری لە بیروبۆچوونەکـانی لیبرالیـزم، شـێوازی پەروەردەی ڕۆژئـــاوا، عەقلانـــیەت و سیســـتمی بەڕێـــوەبردنی پەرلەمـــانی دەکەن. ســـەرکردە دیارەکـــانی ئەم گـــروپەش میـــرزا مـــالکۆم خـــان (١٨٣٣ - ١٩٠٨) و ســـەید حەســـەن تەقـــی زادەیە (١٨٧٨ - ١٩٧٠).

گروپی دووەم، کاردەکەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەکی هـاوبەش لە نێـــوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـــاوا. بەواتـــایەکی دی، ئەم گـــروپە کـاردەکەن بـۆ ڕێککەوتـن لە نێـوان مـۆدێرنیتە و کلاسـیک (تقلیـد). هەریەکە لە میـرزا فـاتح عەلـی ئـاخونزادە (١٨١٢ - ١٨٧٨)، میـرزا ئاغا خان کرمـانی (١٨٥٣ - ١٨٩٦) و ئەحمەد خوسـرەوی (١٨٩٠ - ١٩٤٦) لەنـاوە هەرە لە پێشـەکانی ئەم گـروپە دێـن. لەڕاسـتیدا گروپـــی بەهێـــز لە ئێـــران ئەم گـــروپەیە. چـــونکە ئەم گـــروپە هەوڵـــدەدەن پاریزگـــاری لە جەوهەری ئێـــران و دروســـتکردنی دەوڵەتێکـی مـۆدێرن بکەن لەسـەر  بنەمـای کلتـووری ئێرانـی. لە بەر ئەم هۆکارە، بنەمای تێگەیشتنی ئەم گروپە پشتدەبەستێت بە شـۆڤینزمی فارسـی بەرلە ئیسـلام، دوژمنـایەتی عەرەب لەلایەک، بەهاکـــانی ســـێکۆلار، دیمـــوکراتی، سۆســـیالیزم و زانســـتگەرایی لەلایەکی ترەوە.

ئەم دوو گـروپە، هۆکـاری سـەرەکی دواکەوتنـی ئێران بـۆ ئـایینی

ئیسـلام دەگەڕێنـەوە. لەبەرئەوە لە پلانـی ئەم دوو گـروپەدا لەبـارەی داهـاتوو گرنگییـان بە ئیسـلام نەدا و شـوێنیان بـۆ تەرخـان نەکرد. لەکاتێکدا ئیسـلام وەک ناسنامەیەکی زۆر بەهێز لەنێو کۆمەڵگەدایە. گروپی سێیەم بە پێچەوانەی هەردوو گروپی پێشـوو بەرگرییـان لە مـۆدێرنیتە کـردووە بە پاراسـتنی ئیسـلام. لەبەر ئەم هۆکارە بە شـێوەیەکی گشـتی ئەوانە بە "ئیسـلامیەکان" یـان "ئیسـلامیە مۆدێرنیستەکان نـاودەبرێن. لە ئێـران نـاوی هەرە دیـاری ئەم گـروپە سـەید جەمـالەدیینی ئەفغـانی یە (ئەسـعەد - عەبـادی). بە ئایـدۆلۆژیای سیاسـی ئەم گـروپە دەگوترێـت "پانئیسلامیزم". لەبەر ئەم هۆکارە ئەم گروپە پێویستی فێربوونی هەنـدێک لە دیاردەکـانی ڕۆژئاوایـان تێبینـی کـردووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی وەستان لە بەرامبەر ڕۆژئاوا بابەتی سـەرەکی ئەم گـروپە بـووە. بیریارەکـانی ئەم گـروپە تێبینـی پێزانینـی ئەوەیـان کـردووە هەردوو گـروپەکەی پێشـوو وەک ناسـنامەی "ئەوی دی" لە روانگەی گۆمەڵگەوە(١٣).

کاتێـک سـەیری مێـژووی سـەدەی بیسـتەمی ئێـران دەکرێـت دەستپێکردنی بە سیاسیکردنی ناسنامەکان تـا شۆڕشـی ئیسـلامی لە سـاڵی ١٩٧٩ دوو گروپی پێشـوو لە دەسـەڵاتدا بەهێزبـوون. لە سـەردەمی ڕەزا شـا سـێکۆلارە میانڕەوەکـان، لە بەرامـبەر ئاییـندا بیروبـاوەڕی گروپـی یەکەمـی بەهێـز کـرد لە ئێـران. لە سـەردەمی مـوحەمەد ڕەزا شـا دا کـارکرا بـۆ جێبەجێکردنـی بیروبۆچوونەکـانی گروپـی دووەم، کە ئەم گـروپە کاریـان دەکـرد بـۆ دۆزینـەوەی ڕێگەیەکـی هـاوبەش لە نێـوان ڕۆژئـاوا و ڕۆژهەڵات. بەڵام لە دەرئەنجامدا دەسـتوەردانی ڕژێمـی پەهـلەوی

له بنەما پیرۆزییە ئایینیەکان خەڵکی ئێران بیرۆکەی شۆڕشی ئیسلامی سەریهەڵدا، ئەمەش بەمانای جێبەجێکردنی پرۆژەی گروپی سێیەم دێت.

ئەگەر ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران خۆی لەگەڵ ئیسلام هاوجووتیش بکات، بەڵام هەندێک لەو کلتوور و ناسنامانەی له سەردەمی ڕەزا شا دا پێکهاتن و جێگیربوون تا ئێستاش لەناو نەبراون. هەروەک نووسەر (Ervand Abrahimian) ئێرڤاند ئیبراهیمیان دیاریکردووه، ئێرانییەکان خۆیان پیناسە دەکەن هەم لەگەڵ شیعەی ئیسلامی هەمیش لەگەڵ مێژووی پێش ئیسلام بە تایبەت لەگەڵ مێژووی ساسانییەکان، هاخامەنشی و پارسی. وەڵامی ڕوون و ئاشکرا بۆ ئەمەش پەیوەستبوونی شیعەیە لەگەڵ ئیسلام و بە شێوەیەکی بەرچاو بەکارهێنانی ناوەکانی عەلی، مەهدی، حەسەن و فاتیمە، له سەردەمی کۆنی ئێرانەوە فیردەوس و لە ڕێگەی داستانی شانامەکەی ناوەکانی ئیسفاندیار، ئیسکەندەر، ڕوستەم، سوهراب، ئەردەشیر، کاڤێ، بەرهەم و ئاتۆسا بۆ منداڵاکانیان بەکاردێنن(١٤). دواتر له ڕوانگەی بەردەوامێتی ناسنامەی نەتەوەی ئێران بەکارهێنانی ئالای ئێرانی سەردەمی پەهلەوی لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بەخشینی نیشانەیەکی پڕمانایە. چونکه ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران تەنها لەسەر بنەمای ئیسلامی دروستبووایە، دەبوایە یان ئالای سەردەمی عەلی یانیش ئالای سەردەمی پێغەمبەر موحەمەدی وەک ئالای دەوڵەت دیاریکردبا. جگە لەوەش لە دابونەریتی پێش ئیسلام پیرۆزکردنی جەژنی نەورۆز قەدەغە نەبوو، لەڕاستیدا وەها دەردەکەوێت ڕژێمی کۆماری

ئیســلامی ئێـران بـایەخی داوە بە دامەزراوەیکردنــی نەریتەکـانی سەردەمی پێش ئیسلام و سەردەمی پەهلەوییەکان.



ئالای ئێران (١٩٠٧ – ١٩٧٩)



ئالای کۆماری ئیسلامی ئێران (١٩٧٩ - بەردەوام)

لە خـوارەوە هەرســی ڕەهەنـدی "کلتــووری میللــی"، ناســنامەی "شــــیعی" و "ڕۆژئائـــــاوایی" گفتوگۆدەکرێـــــت. لەبەرئەوەش، ئەو دەوڵەت یــان ناوچــانەی ئەو ناســنامانە بە دژی خۆیــان یــان بەناســنامەی "ئەویـدی" پێناســە دەکەن کـاریگەری قـوول دەکەنە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران.

## ٢.٣. ناسنامە و ناسنامەی ئەویدی

ناسـنامە چەمکێکـی سۆسـیۆلۆژیە. لەپەیـدابوون هەر ناسـنامەیەک گەڕان بەدوای وەڵامــی پرســیاری "کــێ" بــابەتی ســـەرەکیە. بە شـێوەیەکی گشـتی کاتێـک مـرۆڤ پێناسـەی دیـاردەیەک دەکـات، ئەو دیـــاردەیە لەگەڵ دژەکەی دەناســـینێت. بـــۆ نمـــوونە بـــۆ تێگەیشــتن لە دیـاردەی "ســەرما" پێویســت بە زانینــی دیـاردەی "گەرما" دەکات. لە سۆسیۆلۆژیشدا هەمان یاسا جێبەجێ دەبێت. بـۆ تێگەیشـتن لە مرۆڤبـوونی مـرۆڤ پێویسـتی بە زانینـی ئەوەیە

کە ئــاژەڵ نیــیە. بەواتــایەکی دی بــۆ تێگەیشــتن لە ئینتیمــای کـۆمەڵایەتی مــرۆڤ دەبێــت بەڕوونــی دیاربێــت ئەو ئینتیمــایە پەیوەســت نەبێــت بە کــۆمەڵگەیەکی دی ئەگەر ئەم دۆخە لەگەڵ خێزان وەربگرین، بۆ تێگەیشتن لە کەسێک کە سەربە خێزانی "A" بێت پێویست بە دۆزینەوەی بەرامبەرەکە خێزانی "B" دەبێت. لێرەدا "ئەوی دی"ی یان "دژە" ناسنامەکان هەست پێکردنی وەک ناســنامەی دوژمــن پێزانینێکــی هەڵەیە. لەهەنــدێک بارودۆخــدا "ناسـنامە" و "ئەوی دی" یەکتـری تەواو دەکەن. بـۆ نمـوونە، بـۆ پێناســەکردن لە روانــگەی ڕەگەزی پیاوێـک (نێـر) لەبەرامـبەردا بوونی ڕەگەزی ئافرەت (مێینە) پێویست دەکات. لێرەدا کوڕ – ئــــافرەت ســــەرەڕای ئەوەی هەریەکەیــــان "ئەوی دی" ە بەڵام دوژمنی یەکتر نین بەڵکو بە پێچەوانەوە یەکتری تەواو دەکەن.

کاتێک لە ڕوانگەی ناسنامەی ناوخۆیی و نەتەوەیی باسدەکرێت، وەهـا دەردەکەوێت ناسـنامەکان لەژێـر کـاریگەری یەکتـردابن. لە هەنـدێک بارودۆخـدا ناسـنامەکان دەتـوانن وەک کـاردانەوە بـۆ یەکتـر دەربـکەون. بـۆ نمـوونە، ئەگەر ناسـیۆنالیزمی فەرەنســی نەبــوایە، ناســنامەی ئەڵمــانیش نەدەبــوو. لەبەر پێشــکەوتنی ناسـنامەکان لە رووی مێـژووییەوە، هەنـدێک ناسـنامە خۆیـان دەخەنە ئاستێکی بەرز، هەندێکی دی دەخەنە دەرەوە. بۆ نموونە کاتێک ئەمریکا لەگەڵ بەریتانیا یەکتر بەرز ڕادەگرن، بەڵام چین لەگەڵ ژاپۆن یەکتـر وەلاوە دەنـێن. کەواتە پێزانینـی ناسـنامەکان وەک "دۆست" و "دوژمن" ئەوانی دی هەیە.

هەروەک هەموو شتێک پێچەوانەکەی هەیە، ناسنامەکانیش دژ و "ئەوی دی" هەیە. بە گشتی ناسنامە بەهێزە نوێیەکان "ئەوی دی" یان دژەکەی نابینرێت، بەڵام ناسنامە بەهێزەکان "ئەوی دی" ی بەهێزەکان دەبینرێت. بۆ نموونە، دەرکەوتنی کازاخستان لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی هەرچۆنێک بێت ناسنامەی دوژمن یان وەک "ئەوی دی" نییە. لە روانگەی پێزانینی تورکیا وەک دەوڵەتێک بەهۆی بوونی دابونەریتی دەوڵەت و بەردەوامێتی و لەدەستنەدانی ناسنامە هەرلایەنێک وەک دوژمن دەبینێت بۆ سەر ناسنامە و کلتووری خۆی. کەواتە ناسنامە هەرچەند کۆن و ڕەگوڕیشەی قووڵ بێت، بەرامبەرەکەشی (ئەوی دی) کە وەک دوژمن دەبینێت بەو ڕادەیە بەهێز و ڕەگوڕیشە قووڵ دەبێت.

بەهۆی ئەزموونی مێژوویی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەست و پێزانینی دوژمن یان بەرامبەرەکەی "ئەوی دی" بوو بە هۆکاری ناسەقامگیری لە نێوان دەوڵەتەکان. لەبەرئەوە جیهانبینی مرۆڤەکان بۆ بەرامبەرەکانیان بەردەوام هەست پێکردنی وەک "دوژمن"، وایکردووە متمانەی پێناکات کە بەنیازێکی باش لێی نزیک بێتەو. هەلوێستی بێ متمانەی لایەنێک، لایەنی بەرامبەریش ڕادەکێشێت بۆ بێ متمانەیی. ڕێککەوتن لە نێوان دوو مرۆڤی زوو هەڵچوو چەند قورس بێت، ئەو نەتەوانەی لەنێو خۆیاندا وەک دوژمن "ئەوی دی" یەکتر دەبینن، چارەسەرکردنی کێشە لە نێوانیاندا بەو ڕادەیە قورسە. چونکە لێرەدا پاراستنی کۆمەڵگە و کلتووری نەتەوەیی بابەتی سەرەکیە. بەم شێوەیە ناسنامە نیشتیمانییەکان، لە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتەکاندا کاریگەر دەبێت. کۆدی جیۆکلتووری سیاسەتی دەرەوە بە تەواوی ئەم مانایە دەدات.

لەم چوارچێوەشـدا لە خـوارەوە سـەرەتا، پێکهێنـانی ناسـنامەی میللی لە ئێران و ناسنامەی ئەوی دی، دروسـتبوونی ناسنامەی شـــیعە و ناســـــنامەی ئەوی دی، لە کۆتایشـــــدا ناســـــنامەی ڕۆژئاوایی ئێران و ئەوی دی گفتوگۆی لە بارەوە دەکرێت.

## ٤. کلتووری میللی ئێران و ناسیۆنالیزمی ئێرانی

کلتـــووری نەتەوەیـــی ئێرانـــی، لە ناســـیۆنالیزمی ئێرانـــی سـەریهەڵداوە. مەبەسـت لە ناسـیۆنالیزمی ئێرانـی، هەوڵەکـانی دروسـتکردنی دەوڵەتـی سـەربەخۆی نیشـتیمانی گەڵ لە ئێـران دەرکەوتـووە. لە رووی سیاسـییەوە ناسـیۆنالیزمی ئێرانـی لە سـەدەی نـۆزدەدا لەژێـر کـاریگەری شـەپۆلی ناسـیۆنالیزمی ڕۆژئاوا سەریهەڵداوە. بەردەوامی هەوڵەکانی ڕۆشنبیرانی ئێرانی بـۆ بنیاتنـانی نیشـتیمانێک لەسـەر شـێوازی ڕۆژئـاوایی دەوڵەتـی نەتەوەی لە ئیران هاتەکایەوە. تایبەتمەندی ناسیۆنالیزمی ئێرانی ئەوەیە لە دەوروبەری دەوڵەتـــی ئێـــران دیزاینکـــراوە. ئەگەر بەراوردی ناسـیۆنالیزمی ئێرانـی لەگەڵ ناسـیۆنالیزمی تـورکی بکەیــن، دەتوانرێــت ناســیۆنالیزمی ئێرانــی بە بیروبــاوەڕی عوسمانی بچوێنرێت. هۆکاری شکستی بیرباوەڕی عوسـمانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئیمپراتـۆریەتی عوسـمانی هەم لە روانـگەی ئیتنیکییەوە هەمیش لە روانگەی ئایینیەوە پێکهاتەی جوراوجۆری تێـــدابوو. بە پـــێچەوانەی ئەمەش هۆکـــاری ســـەرکەوتنی ناسـیۆنالیزمی ئێرانـی بـۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێـران خـاوەنی پێکهــاتەیەکی چــونیەک و جیــانەکراوەبوو. بەڵام، وەک ئەوەی

نووسەر ئاتابک دیاریکردووە، لە سەردەمی مەشروتییەتەوە تاکو ئێستا پشتگیری ڕووناکبیرانی ئازەربایجانی لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی تورکی گرنگ نییە، بەڵکو پشتگیرییان لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی ئێران گرنگە[١٥].

ڕۆشنبیران لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەیی ئێرانی، دووبار لێکدانەوەیان دەست پێکرد بۆ مێژووی ئێران پێش هاتنی ئیسلام. چونکە بۆ هێنانەکایەی نەتەوەیەک پێویست بە نووسینەوەی مێژووی ئەو نەتەوەیە هەیە. ئەوانەی کاریان کردووە لەسەر چەمکی ناسیۆنالیزم و ئەوانەی بەرگری لە بوونی چەمکی مۆدێرنی نەتەوەکان/میللەتەکان دیاریانکردووە، ناسیۆنالیزم پێش نەتەوە لە دایک دەبێت، لەبەرئەوە مێژوو نەتەوە دروستدەکات. هەروەک ناسیۆنالیستی ئیتالی ( Massimo d' Azegligo) دوای بەیەکەوە لکاندنی ئیتالیا دیاریکرد، " *ئیتالیامان دروستکرد، ئێستا پێویستمان بە دروستکردنی ئیتالیەکانە* "[١٦].

ئەم مێژووە، کە بە مێژووی نەتەوەیی ناوبراوە، کۆمەڵگەی تەقلیدی/کلاسیکی دەگەیەنێتە ئاستی نەتەوەی مۆدێرن. لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە دا ئەوانەی لە ڕۆژئاوا پەروەردەیان بینیبوو، گروپی ڕۆشنگەری، ئەندازیارانی کۆمەڵایەتی کاریاندەکرد بۆ دروستکردنی نەتەوەیەکی مۆدێرن لە کۆمەڵگە. ئەوان لە یادەوەری ڕابردووی کۆمەڵگە، لە شوێنی مادده بەکاردەهێنرێت. لە هەندێک بارودۆخدا ئەندازیارانی کۆمەڵایەتی، کاریان دەکرد بۆ ئەوەی ئەو شتانە زیندوو بکەنەوە کە کۆمەڵگە

لەبیری کردوون یانیش لە رابردوودا هیچ ئەزموونی نەکردوون. وەزیــفەی ئەوان، کــارکردنە بــۆ بەردەوامیــدانی ناســنامەیەکی نەتەوەی لەو خاکە.

بە گـوێرەی تێـزی مێـژووی ئێـران کە لەلایەن ناسیۆنالیسـتەکان داهێنــراوە، مێـــژووی گەڵـــی ئێـــران لە بەرامـــبەر هەمـــوو داگیرکارییەکان وەستاوەتەوە، خۆی پاراستووە، گەلێکە خـاوەن شارسـتانیەتێکی بەهێـزە. "بیـرۆکەی ناسـیۆنالیزم" بەگشـتی لە رێــگەی "دوژمنــایەتی بیــانی" بنیــاتنراوە. لەم ڕوویەوە ئێــران دەناسـرێت لەگەڵ مێـژووی داگیرکـاری. وەک ئەوەی نووسـەر (Mehrdad Mashayekhi) میهـرداد مەشـایەخی دیـاریکردووە، لە بەرامـبەر بیروبۆچـوونی گومانــاوی داگیرکەرانــی بیــانی، وەک یۆنانیەکـــان (٣٣٠ - ٣٣٤)، عەرەب (ســـەدەی حەوت)، تـــورک (سەدەی دە و یازدە) و مەغۆلەکان (سەدەی سێزدە و چواردە) پشــتگیری یادەوەرییەکــانی کـۆمەڵگە، گەشــەپیدانی میکــانزمی بەرگری بڵاوبوونەوەی کۆمەڵگەیان دەستەبەر کردووە[١٧].

لە رووی مێــژووییەوە، لە گەشــەپێدانی ناســیۆنالیزمی ئێرانیــدا گرنگتــرین دوو ڕووداو بــریتین لە لەســەرخۆ بڵاوبــوونەوەی ناســـنامەی شـــیعەی ئێرانـــی و بەرەو ڕووبـــوونەوە لەگەڵ ناسـنامەی ڕۆژئـاوا. بیـرۆکەی شـیعەی ئیسـلامی، لە سـەردەمی دەوڵەتـی سـەفەوی (١٥٠١ – ١٧٣٦) پەسـەندکردنی ئەم بیـرۆکەیە وەک ئایدۆلۆژیای فەرمـی دەوڵەت بـووە، هۆکـاری کۆکردنەوەی ئەو گروپە جۆراجۆرانەی لە ئێران دەژیـان. ئەم شارستانیەتەش بــۆ ڕۆشـــنگەرانی ئێرانـــی لە پرۆســـەی بنیاتنـــانی نەتەوە و ئەندازیاری کۆمەڵایەتی فێرکراون.

ڕێبازی شیعەگەری لە کۆمەڵگەی ئێران گرنگە، بەڵام پێویستی بە دیاردەی ناسیۆنالیزم و لایسیزمی ڕۆژئاوایی هەیە. لەبەرئەوە لەکاتی بنیاتنانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی فاکتەری ئایین/ئیسلام بە ئەنقەست پشتگوێ خراوە، هەروەها ئایینی ئیسلام بەرپرسیاربووە لە دواکەوتوویی ئێران. بە گوێرەی ناسیۆنالیستەکان کلتووری پاکی ئێرانی بە شێوەیەکی زۆر خێرا بەرەو پێش دەچێت. لەم ڕوانگەیە لە خوارەوە، دروستبوونی ناسنامە شیعەی ئێرانی شیدەکرێتەوە.

هەموو ناسیۆنالیستێک لە ڕێگەی دوژمنکاری/ئەوی دی بیرۆکەکەی بنیات دەنرێت. واتە ئەو بیرۆکەیە بوونی هەیە کە دەڵێت؛ "بەبێ بوونی دوژمن/ئەوی دی نەتەوە دروست نابێت". ئەم هەستی دوژمن/ئەوی دی لە ڕێگەی ئامرازی پەروەردە لە قوتابخانەکان بە گەنجەکان دەدرێت. میللەتی ئێران دوو دوژمنی هەیە، عەرەبە و تورکە. عەرەبەکان دابونەریتی ئێرانیان لەناوبرد، ئایینی بنەڕەتی ئێران کە ئایینی "زەردەشتی" بوو گۆڕییان بۆ ئیسلام. دوژمنایەتی بۆ عەرەبە، لەگەڵ دوژمنایەتی بۆ ئیسلام هێناوەتە ئاراوە.

دوژمانایەتی فارسە لەگەڵ تورکە وەها بیردەکرێتەوە لە کۆنترەوە ڕوویدا بێ. لە شانامەی فیردەوسیدا "دوژمنایەتی ئێران – توران" وەک بابەتێک لە یادەوەری و هزری کۆمەڵگەی ئێرانی نیشان دەدرێت کە ئەم دوژمنایەتیەی نێوانیان چەند کۆنە. ئەگەر هەم لەلایەن شارەزایانی ئێرانی هەمیش لەلایەن شارەزایانی ڕۆژئاوا کارکرابێت بۆ ئەوەی وەها نیشان بدرێت

چەمکی توران ڕەگوڕیشەی فارسەکان بێت، توران لەلایەن تورکەکان وەک نیشتیمانی سەرەکی سەیرکراوە. بەپێی ئەوەی لە سەدەی یازدە نووسراوە لە (Kutadğu Bilig) کوتادگو بیلیگ نوسراوە (Turan Hakanı Afrasiyab) توران هاکانی ئەفراسیاب (Alper Tunga) ئەلپەر تونگای وەک ئەفسانەی تورکەکان دیاردەکرێت.

لە سەردەمی بنیاتنەری خانەدان "کیرۆسی مەزن" هاخامنیشدا، شاژنی "سەکالیەکان" لە تۆران لەلایەن "تۆمریس"ەوە کوژراوە. لە سەردەمی دواتر "گۆک تورکەکان" لەگەڵ "ساسانییەکان" ئێرانیان وەک دوژمنی خۆیان نیشاندا. لە کۆتا سەردەمیشدا ناکۆکی نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکان لە یادەوەری و هزری ئێرانییەکان بەزیندووی ماوەتەوە. عوسمانییەکان لە تەوەری ڕۆژهەڵات لە ئێران بەردەوام لەگەڵ خانەکانی تورکستان لەشەڕ دابوونە. کاردانەوەی ئەم هەستەی دوژمن/ئەوی دی لەسەر سیاسەتی دەرەوە لەبەشی دەرئەنجامدا گفتوگۆ دەکرێت. لێرەدا ئەم دەربڕینە سودی دەبێ؛ کاتێک نەتەوەیەکی نوێ بنیاتدەنرێت لە روانگەی دووپاتکردنەوەی هەستی بەرامبەر، وێنەی دوژمن/ئەوی دی گرنگە. نەتەوەی ئێران وەک جەوهەر، کاتێک بنەمای کلتووری ئێرانی بەر لە ئیسلام وەردەگیرێت، ئەوانەی زیانیان گەیاندووە بە کلتوور/ناسنامەی ئێران بە شێوەیەکی سروشتی وەک دوژمن پەسەند دەکرێت.

## ١.٤. قۆناغەکانی سەرهەڵدانی ناسنامەی ئێرانی

بە درێژایی مێژوو، چەند دەوڵەتێک هەبوونە خاکی ئەمڕۆی ئێرانیان بەناوەندی خۆیان داناوە. دروستکارانی ئەم دەوڵەتانەش بە شێوەیەکی گشتی لەسێ ناوچەی ئێراندا دەرکەوتوون. ناوچەکانیش ئەمانەن؛ باکووری ڕۆژهەڵات واتە ناوچەی خوراسانی ئەمڕۆ، باکووری ڕۆژئاوا واتە ناوچەی ئازەربایجانی ئێستا و باشووریش واتە ناوچەی فارس نشینەکان. هەروەها لە پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەتی ئێران پێویستە لێکۆلینەوە لە شوێنی کۆچبەرەکانی بکرێت. چونکە مەزەندە دەکرێت کۆچەرییەکان لە دەوڵەتی ئێران بەشدارییەکی گەورەیان هەبووە. بە گشتی، ئەو کۆچەرییانە  کە بە ساکا (Saka) ناویان دەرکردبوو، وەک هیندی – ئەوروپی دەبینرێن. بەڵام ئەگەر بابەتەکە لە ڕووانگەی بەردەوامێتی کلتوورییەوە باسبکرێت، ئەوانەی لەسەر شێوازی ژیانی کۆچەری ژیاون، هەموو کات تورکەکان بوونە.

دەرئەنجام هەرچۆنێک بێت، وەها بیردەکرێتەوە نابێت مێژوو، کلتوور و ناسنامەی ئێران بەجیا لە شارستانیەتی (بۆزکر) هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، بەڵکو پێویستە ئاسیای ناوەڕاست لەگەڵ ئێران لە ڕووانگەیەکی یەکگرتووەوە سەیر بکرێت. بۆیە بەبێ بوونی یەکێک، مێژووی ئەوی تریش بە ناتەواوی دەمێنێتەوە. لەم ڕووەوە لە بەرگی شەشەمی پەرتووکی "مێژووی شارستانیەتەکانی ئاسیای ناوەڕاست" کە لە ژێر سەرپەرشتی ڕێکخراوی "پەروردە، زانست و کلتووری

نەتەوەیەکگرتوەکان" (UNESCO) نووسراوە، جوانترین نموونەیە بۆ شیکردنەوەی کاریگەری گەلانی ناوچەکە.



ئیمپراتۆریەتی هاخامنیش لە سەردەمی داریوشی یەکەم و کیرسیسی یەکەم

*(Kaynak: http://www. civilization.org.uk/greece/the-persian-wars)*

ئەو دەوڵەتەی بەشداریيەکی مەزنی هەبوو لە پرۆسەی دروستکردنی ناسنامەی ئێران ئیمپراتۆریەی هاخامنیش بوو کە "کیرۆسی مەزن" دامەزرێنەرەکەیەتی. ئەو دەوڵەتانەی کە دواتر سەریانهەڵدا لە رێگەی میراتی هاخامەنیشەکانەوە دروستبووە. بە شێوەیەکی گشتی دەوڵەتە بەهێزەکان لە رێگەی ئایدۆلۆژیا بەهێزەکان دروستدەکرێت. دەوڵەتەکانی ئێرانیش لەگەڵ ئەم بنەمایانە/یاسایانە یەکدەگرێتەوە. بنەمای دروستبوونی دەوڵەتی هاخامنیش ئایینی زەردەشتی بوو[١٨]. لە بەر ئەوەش بۆ باسکردنی کلتووری ئێران پێویست بە باسکردنی زەردەشتیەت دەکات.

زەردەشتیەت، ئاینێکە لەناوی مرۆڤی زەردەشت هاتووە. بە گوێرەی هەندیک لە سەرچاوەکان و ئەوانەی باوەڕیان بە بوونی زەردەشت پێغەمبەرە، لە (٢٠٠٠)ساڵ پێش زاییندا، بەپێی هەندێک لە سەرچاوەی دی (١٧٠٠) ساڵ پێش زایین یانیش لە سەردەمی "کیرۆسی مەزن"دا زەردەشت پێغەمبەر ژیاوە. وەها زانراوە زەردەشت پێغەمبەر لە باکووری ڕۆژئاوای ئێراندا لە خێزانی کۆچەریەکان ژیاوە. بیربۆچوونەکانی لە چوارچێوەی پەرتووکێک بەناوی "ئاڤێستا" کۆکردەوە. بە گوێرەی تێڕوانینی زەردەشتیەت، "جیهان پێکدێت لە شەڕی تاریک پەرستان لەگەڵ ڕۆشنگەران و چاکەخوازان لەگەڵ خراپەکاران. خودای چاکەکار (Ahura Mazda) ئاهورا مەزدایە، هی خراپەکاریش (Ahriman) ئەهریمەنە. مرۆڤ دەچێتە پاڵ کام لایەن، ئەو بڕیارە مرۆڤ خۆی دەیدات. واتە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئیرادەی خۆیەوە بژاردەی خۆی دیاریدەکات. ئەوەی دەچێتە پاڵ خراپەکان بۆ جەهەنەم و ئەوەی دەچێتە پاڵ چاکەکان بۆ بەهەشت دەڕوات". بە گوێرەی روانگەی زەردەشت، "ئێمە فریشتەیەکین بۆ ئەوە هاتووین تا لە دونیا لە بەرامبەر خراپەکاری بجەنگێین و جیهان ڕزگار بکەین".

کاتێک پادشاکانی هاخامنیش دەوڵەتەکانیان دروستکرد، وەها دەردەکەوێت ئامۆژگاری زەردەشتیەت بەم جۆرە کراوە "بۆ ئەوە ڕێگا گیراوەتەبەر تا دادپەروەری و ئاشتی بهێنرێت بۆ دونیا". واتە بەو مانایەی کە ئیمپراتۆرییەت تەنها پشت بەهێزی سەربازی نابەستێت. لە نووسینێکی نەقشی بەردین ناسراو بە ناوی "کالیندەری کیرۆس" لە ساڵی ١٨٧٩دا کاتێک پادشاکانی

هاخامنیش بابلیان گرت بەم شێوەیە گوزارشتی لێدەکرێت[١٩]:

*"من کیرۆسم؛ پادشای بابل، پادشای سۆمەر، پادشای ئەکەد و پادشای چوار لایەنم...... سوپای شکۆدارم بۆ ئاشتی هاتۆتە بابل و من مۆلەتم نەدا زیان بە بابل و مال و موڵک و گیانی مرۆڤەکان بگەیەنرێت. خەڵکی بابل ڕەوشتی جوانیان فێرکردم و پێم وتی هەر کەس بە ئازادی کۆیلەی خودای خۆیەتی. هەروەها فەرمانم کرد کە من نە خانووی کەس دەڕوخێنم و نە دەستیش بەسەر ماڵ و موڵکی کەسدا دەگرم."*

شیرین عەبادی تاکە خاوەنی خەڵاتی نۆبل لە ئیران کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٣ خەڵاتەکەی وەرگرت، بە وتەیەکی "کیرۆسی مەزن" بەم شێوەیە ئاخاوت[٢٠]:

*"من ئێرانیەکم، نەوەی کیرۆسی مەزنم. کیرۆسی مەزن (٢٥٠٠) ساڵ پێش ئێستا فەرموویەتی ئەگەر مەحکومەکان (گەڵ) نەیەوێت حاکمەکان (دەسەڵاتدار) دەسەڵاتدارێتیان بکەن، با حوکمیان نەکەن. بەڵێنیدا نابێت هێز بەکاربهێنرێت لە بەرامبەر هیچ کەسێک بۆ گۆڕینی ئایینی یان بیروباوەڕی هیچ کەسێک، ئازادی بۆ هەموو کەس فەراهەم کردبوو."*

ئاخاوتنی ناوێکی دیاری ئێران بەم شێوەیە بوونی نیشانەیەکە لە مێژوو و کلتووری کۆمەڵگەی ئێرانی بەر لە ئیسلام لەسەر کۆمەڵگەی ئێستای ئێرانی بەزیندووی مابێتەوە.

زەردەشتیەت پەیوەست بە سیاسەت، بنەمای "بەرێوەبردن بە دادپەروەری" چەمکگەلێکی تری گرنگی هەیە. لەم بارەوە

کــاریگەرترین چەمــک، چەمکەکــانی "بیــرۆکەی مەشــروعیەت و سیســتم"ن. بە گــوێرەی (Sandra Mackey) ســاندرا مەکێــی لە پەرتووکی ئێرانییەکاندا دیاریکردووە[٢١]:

*"بــۆ دەســـتەبەرکردنی شـــەرعیەتی دەســـەڵاتدار لە ئـــایینی زەردەشــتیدا بیــرۆکەی (Farr) هەیە. (Farr) مــافی بەڕێــوەبردنی گەڵ لەلایەن خوداوە دراوەتە دەسـەڵاتدار. حوکمدار وەک ئەوەی زەردەشــتیەت دیــاریکردووە چەنــد بەباشــی و دادپەروەری گەڵ بەڕێوەببــات، ئەو (Farr)ی دەبێــت. بەڵام کاتێــک دەســـەڵاتدار، دەسەڵاتی خـراپ بەکارهێنـا، ئەوا (Farr) ئەو دەسـەڵاتدارە دەکـاتە دەرەوە. بەم شــێوەیە لێپرســـینەوە لە بەڕێــوەبردنی دەســـەڵات دەکرێت. لەم بارودۆخە مۆڵەت بەگەڵ دەدرێت دەستهەڵبڕن گەڵ لەبەرامبەر دەسەڵاتدار و پشتگیری کردن لە دەسەڵاتداریکیدی."*

بیــرۆکەی (Farr)، لەنێــو تورکەکــان بە بیــرۆکەی (Kut) بەخــت دەچووێنرێــت. وەک دیــارە، وەهــا بــاوەڕ دەکرێــت بەخــت (Kut) بەدەســت پێکــردن لە (هونەکــان)ەوە لەلایەن خــوداوە بە تــورکە هاکانیەکــان (Türk Hakanlar) بەخشــراوە. بــۆ ئەمەش بەپێــی ســـەرچاوەکانی چــین دەســـەڵاتدارەکانی هــون (Hun) نازنــاوی (Tanhu) تانهو دەدات، تـانهو لە زمـانی کورتکراوەی ( Tan Li Hu Tu)یە. ئەم وشــەیەش لــە زمـانی تورکیـدا بە مانـای (Tanrı Kut) خــودای "شــانس/بەخت" دێــت. واتە لەڕاســتیدا وەهــا پەســەند دەکرێــت لە ڕاســتیدا هاکــان ئەو بەخــت (Kut)یە لەلایەن خــوداوە دەستنیشانکراوە[٢٢]. لەسەردەمی شارستانیەتی ئیسلامدا چەمکی "بەخـــت" مانـــای زانســـتی سیاســـی، کاروبـــاری سیاســـی و

بەڕێوەبردنی لەخۆدەگرت. بۆ نموونە، لە پەرتووکی " Kutadgu Bilig"دا چەمکی "زانستی بەڕێوەبردن" بەواتای "زانستی سیاسی" وەرگێردراوە. لێکچوواندنی هەریەکە لە چەمکەکانی "Farr" و "Kut" بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئێران و تورکەکان لە کاتیگەر بەردەوام دابوونە.

ئاماژە بەهاتنە ئارای دەرئەنجامی گرنگی بیرۆکەی "Farr" لە کۆمەڵگەی ئێران ئەمە دەربڕینێکی هەڵە نابێت. ئەزموونکردنی سەدان ساڵی ئەم بیرۆکەیە کاریگەری قوڵی لە کۆمەڵگەی ئێراندا هەیە. بەدرێژایی مێژوو بەهۆی دادپەروەرنەبوون، هەندێک لە پادشاکان "Farr"یان لەدەستداوە و ئەمەش کۆتای دەسەڵاتداریتیان بوو. تەنانەت دەتوانرێت روداوی لەکارلادانی شا لە ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ ئەم بیرۆکەیە لێکبدرێتەوە[٢٣].

## ٢.٤. بەسیاسیکردنی کلتووری ئێران

کلتووری ناسنامەکان دەتوانرێت لە هەر کۆمەڵگە و گروپێک ببینرێت. بەهۆی ئەوەی مرۆڤ خۆی بە بوونێکی کۆمەڵایەتی هەژماردەکات، هەر مرۆڤێک کە خۆی پێناسەکردووە، ئەمە خۆی لەخۆیدا وەک ناسنامە دەبینرێت. بەهەمان شێوە لەگەڵ کۆمەڵە و گروپەکان لەژێر کاریگەری ناسنامەدانە، واتە لە کۆمەڵە و گروپەکانیشدا ناسنامە دەبینرێت. ئەم ناسنامانە وەک فاکتەری کلتووری بەردەوام دەبێت. لەگەڵ هاتنی سەدەی نۆزدە لە قۆناغی بنیاتنانی نەتەوەکاندا ئەم ناسنامە کلتوورییانە دەستیان کرد بە گۆڕین بۆ ناسنامەی سیاسی. بەم شێوەیە پرۆسەی

گەڕانەوەی کــۆمەڵگە ســـوننەتیەکان (تەقلیـــدی) بـــۆ نەتەوەی مۆدێرن بەردەوام بوو.

ئێــرانیش لەڕێــگەی کــاریگەری لەگەڵ ڕۆژئــاوا بەم پرۆســـەیە گــوزەری کــردووە. ســەرەتا لە ناوەڕاســتی ســەدەی نــۆزدەوە بەهێزبـوونی ناسـنامەی ئێرانـی دەسـتی پێکـرد. سـتایلی ڕۆژئـاوا بەتەواوی لە ســـەردەمی ڕەزا شـــای پەهــلەوی ڕێکخـــرا، کە بە ئەنــدازیاری نەتەوەیــی ئێرانــی هــاوچەرخ دادەنرێــت. ڕەاز شــا ســەرەتا کـاری کـردووە بـۆ دەرخسـتنی هەسـتی سـەروەرێتی ئێرانییەکان. لەو سەردەم دەربڕینی "هەمـوو تواناکـان لە ئێرانەوە دەردەچن" دەسـتی کرد بە بڵاوبوونەوە. ئەم هەسـتی سـەروەری بـوونە لە بەرامــبەر عەرەبەکــان جەختــی لەســـەرکراوەتەوە. لە سـەردەمانی کۆنەوە بـوونی نـاکۆکی نێـوان ئێـران و عەرەب، لەو سەردەمەدا بە ئایدۆلۆژیای فەرمی دەسـتی بە بڵاوبـوونەوە کـرد. ئێران هەرچەنـدە ئەگەر شـیعەش بێ، بەڵام وەک دراوسێ لەگەڵ عەرەبەکــان ژیــاوە. لەگەڵ ئەوەشـــدا، ناســـیۆنالیزمی عەرەبـــی پشتبەسـتوو بە "وەهـابیزم" لەنێـوان عەرەبەکـان لەو سـەردەم لە بەرزبوونەوە دابـوو. لەڕاسـتیدا، چاکسـازییەکانی ڕەزا شـا ئێرانـی لە جیهانی عەرەبی دوورخستەوە.

ناســـنامەی نەتەوەیــی ئێــران لە ڕێــگەی هەمــوو ئامرازەکــانی ڕابــردووی ئیمپراتــۆرییەت بەر لە ئیســلام و ناســنامەی ئێرانـــی بنیــاتنراوە. ناســـنامە لاوەکییەکــان و ئیتنیکییەکــان بەئەســـتەم بەیەکەوە گــونجێنران. خەڵکــی ئێــران بەدرێژایــی ســەدان ســاڵ لەلایەن هێـزە بیانییەکـانی وەک یۆنـانی، عەرەب، تـورک، مەغـۆل؛

له سـەردەمی دواتـریش عوسـمانیی، ئـۆزبەکیی و ئەفغانییەکـان داگیرکـــراوە، بـــۆ گەڵـــی ئێـــران وەک گەلێکـــی ســـتەملێکراو پێناســـەکراوە. له ســـەردەمی ئەم داگیرکارییـــانەدا هەریەکە له خێزانی بارماک و نیزامولمولک وەک قارەمانی میللی دیاریکراون که خزمەتـی پاراسـتنی ناسـنامه و کلتـووری ئێرانیـان کـردووە. بەپێی ئایدۆلۆژیای فەرمی ئیتر سەردەمی هەڵسانەوە هاتووە.

دوای دیـاریکردنی خـاکی نەتەوەی ئێـران هەنـدێک له کـۆمەله ئیتنیکـی بـۆ دووان دابەشـبوون. دیـارترین نمـوونەی ئەمـانەش کـورد و تورکەکـانی ئازەربایجـان بـوون. هەروەک نووســەر عەباس ئەمانـات دیاریکردووە، پشـتگیری نەکردنـی ناسـیۆنالیزمه ناوخۆییەکان/لاوەکییەکـان بـۆ ئەو گەلانه دەرگـای کـردەوە بـۆ ئەوەی ناسیۆنالیزمی ئێرانییان لەسەر جێبەجێ بکرێت[٢٤]. گوێ پێنەدانـی ئایـدۆلۆژیای فەرمـی لاوەکیەکـان، پشـتتگوێ خسـتنی ناسـنامه ئیتنیکـی، ئـایینی و ناسـنامەی عەشـیرەتگەری وڵاتـی گەیاندۆته خاڵی هەوچەشنکردن. پێدانی تۆماری پاسپۆرتی میللی خەڵـک، مـانەوەی زۆرەملێـی خزمەتـی سـەربازی و به تـایبەتی خوێندنی بەزۆر هەسـتی بەیەکەوە بـوون و یەکگرتـووی لەنێـوان ئێرانییەکان بەهێزکردووە.

زمـــانی فـــارس وەک زمـــانی فەرمـــی دەوڵەت پەســـەندکراوە، خوێنـدنی پەروەردەی فارسـی له قوتانخانەکـان بەزۆرەملـێ کـرا. وەک دەرئەنجـام زمـانی فارسـی، لەنێوان ئەو گـروپه جیـاوازانەی له ئێران دەژین وەک ستاتۆی "lingua farnca" جێگیرکرد. بەهـۆی سـەروەربوونی زمـانی فارسـی زمـانه لۆکالییەکـان لەنێـو گـروپه

ئێتنیکیەکـان دەسـتیکرد بە لە دەسـتدانی گرنگیـان. چـونکە ئەو منداڵانەی دەچوون بۆ قوتانخـانە لەجیاتی زمـانی لۆکالی خۆیـان زمـانی فارسـییان هەڵـدەبژارد. بەردەوامبـوونی ئەم پرۆسـەیەش بەدرێژایی مێژوو پرۆسەی بەفارسی بوونی خێراکرد.

## ٣.٤. ناسنامەی نەتەوەیی ئێرانی و ئەوانی دی

هەڵسـانەوەی ناسـیۆنالیزم لە ئێـران، دەرئەنجـامی گرنگـی هێنـایە ئـاراوە لەسـەر ئاسـتی پەیوەنـدی نێودەوڵەتیشـدا. پێـزانین "ئەوی دی" لە کۆنەوە وەک کلتوور ئیتر بوو بە پێزانینی فەرمی جیهان بـۆ دەوڵەت. بە گوزارشـتێکی دی، بـوونی پێزانینـی "ئەوی دی"، "دوژمـــن" لە کـــۆنەوە ئیتـــر بە ڕەســـمی لەلایەن دەســـەڵات بەدامەزراوەیکرا. پێزانینی "ئەوی دی"ی ئێران لە ڕێگەی ئـامرازی پەروەردەی سیسـتم، چـاپەمەنی و ئایـدۆلۆژیاوە بەسـتاندارکراوە. واتە پێزانینـــی جۆراجـــۆری "ئەوی دی" لەنـــاوچە جیاوازەکـــانی ئێـــران بەگـــوێرەی ئایـــدۆلۆژیای فەرمـــی دەوڵەت ڕێکخـــراوە. بە کورتی نیشتیمانی گەیاندە ئەو خاڵەی کە ئێرانیەکان هەمـان بەهـا و هەمان "ئەوی دی" بەشبکەن.

### ١.٣.٤. عەرەب

نەتەوەکـان لە ڕێـگەی بەرامبەرەکانیـان "ئەوی دی" خۆیـان پێناســـەکردووە ، بەگشـــتی بەلایەنـــی کەم دەبێـــت "خـــود" پێشـــکەوتووتر بـــێ لە "ئەوی دی". بـــۆ نمـــوونە، "ئەوی دی"ی نەتەوەی ڕووس تەتەرەکـانن. تەتەریەکـان، لەتێـزی مێـژووی

رووسیا وەک "ئەوی دی" جێگیردەکرێت. بەهەمان شیوە "ئەوی دی"ی نەتەوەی ئێران نزمتر لەخۆی دەبینێت و ئەگەر بکرێت پێویستە وەک کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو هەژمار بکرێت. وەک ئاماژەی بنەڕەتی ناسنامەی نەتەوەی ئێران، ئەگەر بیربکرێتەوە لە شانامەی "فیردەوسی"، "ئەوی دی"ی ئێران بریتی یە لە "توران"، واتە پێویستە تورکەکان بن. بەڵام، هەلسەنگێنەری پێزانینی "ئەوی دی"ی ئێرانی لە شانامەی فیردەوسیدا ( Dick Davis) دیک داڤیز، لە وتارێکیدا بەناوی "ئێران و نائێرانی: وێنەکێشانی ئەفسانەی" گەیشتە دەرئەنجامێکی لەم شیوەیە[٢٥]:

*"دوژمنی ئێران، خەڵک و تێکدەری شارستانیەتی ئێران توران، هیندستان یان چین نین، تەنانەت " جیهانی شەیتان"یش نیە کە بەدریژایی داستانەکان ڕکابەری قارەمانەکانیان کردووە، بەڵکو دوژمنی سەرەکی ئەوەیە کە لەناوەڕاستی عەرەبەکان وەک مرۆڤ لەبەرامبەر ئێران دەردەکەوێت. بەم شێوەیە لەسەرەتای داستانەوە تاوەکو کۆتایی ئەوەی لەبەرامبەر کلتووری ئێران وەک "دژ" یان "ئەوی دی" پێناسەکراوە عەرەبەکانە، کە نوسەر زۆر بە جوانی دیاریکردووە."*

وەک دەرئەنجام، ناسیۆنالیزمی ئێرانی لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی عەرەب بنیاتنراوە. نووسەر عەباس ئەمانات، ناسیۆنالیزمی ئێرانی دروستکراو لەسەر بنەمای دوژمنایەتی عەرەب بەم شێوەیە شرۆڤە دەکات[٢٦]:

*"بیرۆکەی سەروەری بوونی ئێران کە پەهلەوییەکان جەختیان لەسەر کردۆتەوە، جێگیرکردنی دوژمنایەتی عەرەب لە پێشەوە*

*هاتووه. ئەمەش تەنها پەیوەست نییە بەو توڕەبوونەی کە لە سەدەی حەوتدا لەگەڵ هاتنی داگیرکاری عەرەبەکان و بابەتی ئیسلام وەک ئایینێکی بێگانە. لەهەمان کاتدا ئەم دوژمنایەتییە لە بەرامبەر دەوڵەتە دراوسێ عەرەبەکان ئیدارەدەدرا. بێگومان، ناکۆکییەکانی ئێران لەگەڵ عێراق لەبارەی بابەتی سنوور، گومانی دژایەتی کردنی ئێرانییەکان لەبەرامبەر وەهابییەکان و ویستی دوژمنایەتی عەرەبەکان بۆ مەزهەبی شیعە، هانی ئەم دوژمنایەتییە دەدات."*

ئەم هەستی دوژمنکاریەش لەگەڵ هاتنی ئیسلامییەکان لە ئێران بۆ سەر دەسەڵات نەتوانرا گوڕانکاری بەسەردا بێنن. بە پێچەوانەوە، وەها بەرچاودەکەوێت کە ناسینی "ئیسلامی سوننی" وەک "ئەوی دی"ی شیعەگەری دوژمنایەتی عەرەبی لە ئێران بەهێزکرد. لەبەرئەوە هەلوێستی دژایەتی عەرەبەکان لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران وەک ئەوە نییە بە ئاسان لەدەست بدرێت.

### ٢.٣.٤. تورک

ئەگەر ڕکابەری ئێران/فارس – توران، ناکۆکی ساسان/ئێران – گۆک تورکەکان لە مێژوودا لەبەرچاو بگیردرێت، بۆ ئەمە ئەگەر ئەو دوژمنایەتییە بخرێتەسەر کە لە شانامەی فیردەوسی بەرامبەر تورانییەکان بنیاتنراوە، وەک چۆن ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە بەرامبەر عەرەبەکان ڕوویداوە، لە بەرامبەر تورکەکانیش دەبێت بە هەمان شێوە بێت.




ئێران و توران

(Kaynak: http://wfltd.com/persians/turan_map.htm)

کەواتە لە سەردەمی پەهلەوی، وەها دەردەکەوێت گوتاری دژبەری لە بەرامبەر تورکەکان گەشەی پێنەدراوە لە ئێران، ئەمەش چەند هۆکارێکی هەیە:

یەکەم، ململانێی ئێران/فارس – توران و ناکۆکی ساسان/ئێران – گۆک تورکەکان زۆر لە کۆنەوە هەبووە ئیتر لە یادەوەری و روحی خەڵک تەواوبووە. جگە لەوەش هەزار ساڵی دوای ئێران لەلایەن تورکەکانەوە بەرێوەبردراوە و تورکەکان بوونە خاوەنی رێژەیەکی زۆری دانیشتوان لە ئێران. هەروەها تورکستان لە ناوچەی توران لەلایەن رووسیاوە داگیرکرا و وەک هەرەشە رووسیا گۆرانکاری بەسەر توران داهێنا.




نەخشەی جیهان پێش ئیسلام
*(http://www.tarihbilimi.gen.tr/makale/islamiyetin-dogusunda-dunyanin-durumu/1317/)*

دووەم، نزیکبوونەوەی ڕژێمی پەهلەوی لە ڕۆژئاوا، بینینی شارستانیەتی ئەوروپا وەک ناوەندی ڕاکێشان، هەروەها تورکیاش لە سەردەمی ئەتاتورک بەرەو ئاراستەی ڕۆژئاوا، بە دەربڕینێکی دی، پێکچوونی ناسنامەی هەردوو دەوڵەت هۆکاری ئەوە بوو ئێران، تورکیا وەک دەوڵەتێکی دۆست ببینێت. هەم ڕوانگەی ڕەزا شا هەمیش ڕوانگەی موحەمەدی کوڕی ڕەزا شا لەبەرامبەر تورکیا زۆر ئەرێنی بوو.


سێیەم، دژایەتی ئێران – تورک لە ململانێی نێوان شیعە و سوننە هاتووە. واتە ئەم دژایەتیە لەسەر بنەمای ئیتنیک نیە بەڵکو لەسەر بنەمای ئایینی بووە. پاشەکشەکردنی کۆماری تورکیا لە بیرۆکەی خەلافەتی عوسمانی و ڕژێمی پەهلەوی لە ئایدۆلۆژیای شیعەگەری، زەمینەسازی کرد بۆ نزیکبوونەوەی ئێران لەگەڵ تورکیا.

لەگەڵ ئەوەشــدا، دوژمنــایەتی تورکیــا و تورکســتان لە نێــوان ئێرانییەکــان، ئەم دوژمنــایەتییە لەگەڵ ناســنامەی شــیعەگەری بەردەوام بـــووە. لە ســـەردەمی پەهلەویـــدا هەڵوەشـــانەوەی ناسـنامەی شـیعەگەری یـاخود گرنگـی پێنەدانـی، ئەمەش مانـای ئەوە ناگەیەنێــت کە دوژمنــایەتی تورکیــا و تورکســتان وەک کۆدی جیۆکلتووری سیاسەتی دەرەوەی ئێران نەمابێت. لەساڵی ١٩٧٩ وەک شۆڕشــی ئیســلامی نیشــانیدا شــوێنی ئایــدۆلۆژیای فەرمـی ناسـنامەیەک لە کـۆمەڵگە دەتوانێـت بەرزبێـتەوە. بـابەتی سـەرەکی، وەک دیـاردەی ئـایین لەنێـو کـۆمەڵگە، ئەوانەی کاریـان کرد بۆ پاراستنی زیندووبوونەوە بە شـێوەیەکی بەهێز سـەرنجی ئەوانەی ڕاکێشـا کە کـار دەکەن لەسـەر کۆدەکـانی جیۆکلتـووری لە سیاســـەتی دەرەوە. لە خـــوارەوە گفتوگـــۆکردن لەبـــارەی شیعەگەری لە روانگەی دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی ئێران زۆر گرنگە.

## ٤.٤. دۆستەکانی ناسنامەی نەتەوەیی ئێران: کوردو تاجیک

بەسیاســـیبوونی بابەتەکــان کلتــوور و ناســنامە، وەک چــۆن لە سیاسەتی دەرەوەدا "ئەوی دی"ی هێنـایە ئـاراوە، زەمینەسازیشـی کــرد بــۆ دروســتبوونی دۆســتەکان. کاتێــک بەراورد دەکرێــت لەنێـوان ئێـران و تورکیـا، گرنگـی پێـدانی "ناسـنامەی تـورک" ی دەوڵەتـی تورکیـا کە پـاش ئیمپراتـۆری عوسـمانی دروسـتکرابوو، ئەگەر قۆناغی دواتر بـووبێتە هۆکـاری زیـادبوونی پێگەی تورکیـا لە نێو دونیای تورکدا، بەهەمان شێوەش بەخۆمـاڵی کردنـی زمـان

و کلتووری فارسی، هۆکار بوو بۆ ئەوەی ئێران وەک هێزێکی گرنگ دەربکەوێت لە جیهانی فارس/ ئێرانی. مەبەست لە جیهانی فارس/ئیرانی ئەو دەوڵەتانەیە کە بەزاراوەکانی زمانی ئێرانی قسەدەکەن و خۆیان بە ڕەگەزی ئاری هەژمار دەکەن، لەبەرئەوە باس لەو کۆمەڵگەیانە دەکرێت کە هەمان بەهای ئێرانییەکان بەشدەکەن.




نەخشەی زمانەکانی ئێران

*(Kaynak: http://www.essex.ac.uk/larg/contact/)*

لەم ڕوویەوە تاجیکی لە ڕۆژهەڵاتی ئێران و کورد لە ڕۆژئاوادا دەکەونە نێو چوارچێوەی جیهانی فارس/ئێرانی. بەڵام وەک مێژوو تاجیک بەشێک بوون لە جوگرافیای سوننی تورکستان. بەهەمان شێوە کوردیش لەژێر ناسنامەی سوننی پێکهاتەی دەوڵەتی عوسمانی بوون. لەبەرئەوە، گونجاوترە لەروانگەی

ڕەهەندی ناسنامەی ئایینی ناونانی کۆدی تاجیکەکان و کورد وەک "ئەوی دی"ی ناسنامەی شیعەی ئێرانی لێکبدرێتەوە، لەروانگەی ناسنامەی میللییەوە.

### ٥. شیعەگەری

بەگوێرەی پەرتووکی پیرۆزی ئایینی زەردەشتی "ئاڤێستا"، ئێران شوێنی ژیانی هاوبەشی ئایینیە[٢٧]. ئەمەش مانای وایە ئایینی هاوبەشی ئەو مرۆڤانەیە کە بڕوایان پێەتی و لەسەر خاکی ئێران دەژین . زەردەشتی وەک ئایینێک بەر لە ئیسلام و بە تایبەتی ئیران لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلام بیرۆکەی دەوڵەتی لەدەست نەداوە. بە پێچەوانەوە، بە تایبەت دابونەریتی دەوڵەتی لەسەر بنەمای دەوڵەتی ئیسلامی دروستبوو. چونکە عەرەبە بەر لە ئیسلام دەوڵەتی بەهێزیان نەبووە. ( Prof.Dr. Rechard Nelson Frye) بەم شێوەیە گوزارشت لە بەردەوامێتی کلتووری ئێرانی دەکات[٢٨]:

*"چەمکی وڵاتی ئێران، بەدرێژایی داگیرکاری عەرەب تا سەدەی شازدە بەزیندووی مایەوە. لە سەدەی شازدەدا سەفەوییەکان سەرلەنوێ لەڕێگەی چەند فاکتەرێکەوە دەوڵەتێکی نەتەوەی پالپشت بە بیرۆکەی شیعەگەری بەناوی دەوڵەتی ساسانی بەر لە ئیسلام دروستکرد. دابونەریتی ئێران تا بە ڕۆژگاری ئەمرۆش گەیشتووە کاریگەرە. بۆ نموونە، ئەمڕۆ ئێرانییەکان گرنگترین جەژن کە پیرۆزی دەکەن جەژنی ئیسلام نیە، بەڵکو جەژنی نەورۆزە کە لە دێرزەمانەوە هاتووە."*

ژیانـــدنەوەی کلتـــووری ئێـــران لە ســـەدەی شـــازدە لەڕاســـتیدا نیشـــانەی هەردەم زینـــدووی ئەو کلتـــوورەیە. چـــونکە، هـــیچ ناســـنامەیەک لەســـەر خـــاکەکەی دەرنەکەوتـــوە. لەبەرئەوە بـــی تێگەیشـــتن لە ناســـنامەی شـــیعەی ئێـــران پێویســـتە بە ئیســـلامی بـــــوونی ئێـــــران لەبەرچاوبگیرێـــــت. بە شـــــێوەیەکی گشـــــتی شکســـــــتهێنانی دەوڵەتـــــــی ساســـــــانی لە بەرامـــــــبەر عەرەبە موسـلمانەکان وەک کۆتـایی هـاتنی شارسـتانیەتی ئێـران پەسـەند دەکرێـت. بـۆ نمـوونە، لە شـانامەی فیردەوسـیدا لەدێـر زەمـانەوە ئەفســانەی پادشــاکانی ئێــران دەســت پێــدەکات و بە شکســتی ساســانییەکان کۆتــایی پێــدێت. واتــای ئەمەش بەپێــی شــانامەی فیردەوســـی، مێـــژووی ئێـــران لەگەڵ ڕووخـــانی ساســـانییەکان کۆتایی دێت.




ئێران پێش ئیسلام

*(Kaynak: https://thehistoryofbyzantium.com/maps/)*

دوای دەستبەسەرداگرتنی ئێران لەلایەن موسلمانەکانەوە ئایینی سەرەکی و تایبەتی خۆی کە زەردەشتی بوو گۆڕی بۆ ئیسلام و نووسینی پەهلەویشی کرد بە نووسینی عەرەبی. لە روانگەی ناسنامەوە ئایین و نووسین زۆر گرنگە. چونکە ئایین لە ڕەهەندی واتای ناسنامە پێکدێت ئەمەش جیهانی واتا دەگەیەنێت. نووسینیش ڕەهەندی بینراوی دەرەوەی ناسنامە پێکدێنێت. وەک بنەمایەکی گشتی گۆڕینی مانای گۆڕینی ئەلفوبێ دەگەیەنێت. گۆڕینی ئەلفوبێی نوێ مانای چوونە ناوەوەی بازنەی شارستانیەتی ناسنامەیە بۆ نێو بازنەی شارستانیەتێکی دی. لەبەرئەوە ئیسلامی بوونی ئێرانییەکان و گۆڕینی نووسینەکانیشیان بۆ نوسینی عەرەبی نیشاندەری وەرچەرخانێکی گەورەیە لە ناسنامەی ئێرانییەکاندا.

ئێران لە سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب چۆتە نێو بازنەی ئیسلام، پاشان لە سەردەمی ئەمەوییەکان (٦٦١ - ٧٥٠) لەژێر سەرداریێتی عەرەب بەردەوام بووە. لەو سەردەمەدا ئێرانییەکان لە شۆکێکی گەورە و بێ ئومیدیدا ژیاون. کوشتنی خەلیفە عومەر لەلایەن کەسێکی ئێرانییەوە، بووە نیشانەی کۆستێکی دەروونی بۆ کۆمەڵگەی ئێرانی. لەبەرئەوەی عەرەب پێش ئیسلام خاوەنی شارستانیەتێکی بەهێز نەبوون، دروستکردنی شارستانیەت لە سەردەستی عەرەبەکان لەلایەن ئێرانییەکان بە بچووک سەیرکراوە. ئەو بیرۆکە داگیرکارییەی عەرەبە بەدەوییەکان (ئەوانەی بە بچووک دەبینران)، لەلایەن کۆمەڵگەی ئێرانی بەئەستەم دەسڕدرێتەوە. حەزرەتی عومەر لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ لەلایەن ئێرانییەکان وەک کەسایەتییەکی خۆشەویست نابینرێت.

لە سەردەمی ئەمەوییەکان، خەلیفەی ئیسلامی دەستیکرد بۆ ئەوەی ببێتە ئیمپراتۆرییەتێکی کلاسیکی/تەقلیدی. ئەمەوییەکان نەیانویست ئێرانییەکان ببنە موسلمان، چونکە موسلمانەکان نەیاندەتوانی باجی جیزە بدەن. لەبەر ئەوە دەسەلاتدرێتی ئەمەوییەکان لەپێشەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی تەنانەت شۆڤینیزمی عەرەبیش دەرکەوتن. لە سەردەمی ئەمەوییەکان، لە جیهانی ئیسلامیدا ئەو کۆمەڵگەیەی زیاتر لە هەمووان هەستی بە شۆڤینیزمی عەرەب کردووە ئێرانییەکانن. بەراوردکردنی هەردوو شارستانییەت و شکستی شارستانییەتی ئێرانی، لە روانگەی ئێرانییەکانەوە کاریگەری زۆر قوڵی بەجێهێشتووە. بە دەربڕینی ئەمڕۆ، ئێرانییەکان وەک هاولاتی پلە دووی پەراوێزخراو هەستیانکردووە. لە سەردەمی عەبباسیەکان (٧٥٠ - ١٢٥٨) بیرۆکەی دەسەلاتداری ئەوانە گۆڕانکاری بەسەرداهات کە عەرەب نین، ئەو گۆڕانکارییەش توانای قەبول کردنی ئایینی ئیسلامی بە ئێرانییەکان بەخشی. هەروەها دووبارە بە گشتی ئەو ئێرانییانەی لەشارەکان ژیاون دەستیانکرد بە قەبوڵ کردنی ئایینی ئیسلام، گوندنشینەکانیش بەردەوام بوون لە ئایینە کۆنەکانیان.

ئەگەر داگیرکاری ئێران لەلایەن عەرەبەکان، بەراورد بکەین لەگەڵ داگیرکاری میسر و شام، ئەو خاڵەی پێی دەگەین ئەوەیە، کاتێک میسر و شام بە تەواوی بەعەرەبکران، بەلام وەها دەبینرێت ئێران ناسنامەی خۆی بە زۆرینەیی دروستکرد. هەروەها ئەگەر سەرنج بخرێتە سەر نەخشەی ساسانییەکانی ئێران پێش ئیسلام، وەها بەرچاو دەکەوێت کە سنوورەکانی

ئیمپراتـۆرییەن ئەو ناوچـانە لەخۆدەگرێـت کە ئەمـڕۆ زۆریـنەی شــیعەی تێــدا نیشــتەجێن. ئێــران لە ڕێــگەی یاخیبووەکــانەوە نــاڕەزایەتی خــۆی لە بەرامــبەر داگیرکــاری عەرەب دەربــڕی. ئەوەی سەرنجڕاکێشــە ئەوەیە، یاخیبووەکــان، لەلایەن جەنەڕالە ئێرانییەکــانەوە ســـەرکوتکران. هەروەهـــا پۆلێــک لە جەنەڕالە ئێرانییەکان چوونە پاڵ عەرەبەکان بە تایبەت ئەمە بووە جێگەی هەڵوەسـتەکردن. بـۆ نمـوونە، بەشـێک لە جەنەڕالە مونافیقەکـان کــوژران بەهــۆی تاوانبارکردنیــان بەوەی کە بەنهێنــی ببــوونە زەردەشتی.

لە ئێـــران، یـــاخیبوون بەرامـــبەر عەرەبەکـــان لە بـــاکووری ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتـە (لە خـاکی ئازەربایجـان) دەسـتی پێکردبوو ئەم یاخیبوونە لە مێژووی جیهاندا خـاوەنی شـوێنێکی گرنگە، ئەم یاخیبوونەش بە سەرکردایەتی (Babek) بابێک بوو(٨١٦ - ٨٣٨). بەشـداربووی سـەرەکی ئەم یـاخیبوونە ئـافرەتە بالاپۆشـەکان بـوون، لەم ڕوانـگەیەوە ئەمە جێگەی سـەرنج بـوو. چـونکە دواتـر لەســـەدەی شـــازدەدا وەرگرتنـــی دەســـەڵات لەلایەن شـــیعە ســـەفەوییەکان بەهەمـــان شـــێوە وەک یـــاخیبوونی (Kızılbaşı) کزلباشـەکان دەزانرێـت. لە ئێسـتادا، لە ئێران یـاخیبوون لە دژی دەســـەڵاتدارێتی عەرەب بەســـەرکردایەتی هەریەکە لە ناوەکـانی وەک بابـاک، ئافشـین، مازیـار کە ئەمـانە جەمـاوەر و لایەنگریـان لەدەور کۆبـــــۆتەوە، ئەمەش بەرچـــــاوترین نمـــــوونەیە لە بەردەوامبوونی هەستی دژایەتی عەرەبی ئیسلامی لە ئێران.

لەگەڵ دەسـت بەسـەرداگرتنی نـاوچەکە لەلایەن سـەلجوقییەکان

که له ئاسیای ناوەڕاست هاتبوون و بەئیسلامی بوونی ناوچەکە یاخیبووەکان له ئێران کۆتاییان پێهات. ئەو سەردەمە نوێیەش بوە هۆی ئاراستەکردنی تەوژمی ئۆپزۆسیۆن له ئێران بۆ تەریقەتی سۆفیگەری. ئەگەر هێنانی شیعەگەری بۆ ئێران لەلایەن خانەدانەکانی سەفەوی لەسەدەی پازدە و شازدە، وەک دەرکەوتنی تەریقەتی سۆفیگەری لەبەرچاوبگیرێت، وەها گونجاوترە که هێنانە پێشەوەی تەریقەتی سۆفیگەری زیاتر ئەوە دەردەخات که گەڕانەوەی ئێران بێت بۆ دیدگا و تێڕوانینی ئایینی بەر له ئیسلام.

کاتێک ئاماژە دەکرێت بە کاریگەری ئایینی ئیسلام لەگەڵ شارستانییەتی ئێران، بەشداربوونی ئێران له شارستانییەتی ئیسلام بەرچاودەکەوێت. بە تایبەتی له کارلادانی ئەمەوییەکان و وەرگرتنی دەسەڵاتداریتی ئیسلام لەلایەن عەبباسییەکان، ئێران ڕۆلێکی زۆر گرنگی گێڕا، لەبەرئەوە ئێران بووە سەرچاوەی هێزی عەبباسییەکان. لەبەرئەم هۆکارانەش ناوەندی خەلافەتی ئیسلامی له شامەوە بۆ بەغدا گواسترایەوە. چونکە شام واتە بێزەنتین، بەڵام بەغدا واتە ئێران. لەم قۆناغەشدا بە فارسی بوونی ئیسلام جێبەجێکرا.





نەخشەی نیشاندانی گرنگی ئیران بۆ عەبباسیەکان،
لە بەراوردکردنی نێوان ئەمەوی و عەبباسیدا
*(Kaynak: http://historiarex.com/world-history/273-battle-of-zab-750)*

وەک ئاشکرایە، ئێران خاوەنی پێکهاتەیەکی گرنگی دەوڵەتدارییە، لە بەرامبەردا عەرەب خاوەنی بنەمای دەوڵەتداری ئەوتۆ نین. لەبەرئەوە ئەو بیرۆکراتانەی خزمەتی دەوڵەتی ساسانییان دەکرد دوای دەست بەسەرداگرتنی ئێران لەلایەن عەرەبەکان، دەستیان کرد بە خزمەتکردنی خەلافەتی ئیسلامی. لە گرنگترین ئەو بیرۆکراتانە خزمەتی دەوڵەتی عەبباسییان کرد لە هەموو لایەکەوە خێزانی (Barmak) بارماک بوو. بەڵام ئەم خێزانە لەلایەن هارون ڕەشید بە تاوانبارکردن و ناپاکی سزادرا(٢٩).

لەڕاستیدا سازدانی بیرۆکرات و جەنەڕاڵە ئێرانییەکان بەردەوام لەلایەن دەسەلاتدارە عەرەبەکان وایکرد گومانی ئێرانییەکان لەبەرامبەر دەسەڵات سەرهەڵبدات. ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە ساڵی ٦٨٦ لەلایەن ئەندامەکانی خانەدانی سەفەرید، بیرکردنەوەی ئێرانییەکان لەبارەی دەسەڵاتی عەرەب

دەردەکەوێت: *"ئەوان کوڕەکانی "ئەبوسەلامە"، "ئەبو موسلیم" و "بارماک"ن و لەبەرامبەر فازل بن سالح چیمان کردووە ئایا نەتانبینی؟ کەواتە ئەوان بەناوی ئەو خانەدانانە خزمەتی زۆریان کردووە. لە دوای ئەوە کەس متمانەیان پێناکات"* (٣٠). بەکورتی، بەڕێوەبردنی ئێران لەلایەن خانەدانە عەرەبەکانەوە، هۆکاری دروستبوونی بێ متمانەییەکی قووڵ بوو لە نێوان عەرەب و ئێرانییەکان. لەو کاتەوە تا ئێستا ئەم بێ متمانەییە بەردەوامە.

دوای سەفارییەکان (٨٦٨ - ٩٠٨) کە خانەدانێکی ئیسلامی بوون لە ناوچەی سیستان لە ڕۆژهەڵاتی ئێران دەژیان، هاتنی سامانییەکان (٨٧٥ - ٩٩٩) بوهەییەکان (٩٤٥ -١٠٥٥) خۆیان وەک بەردەوامیدانی ساسانییەکان دەست پێکرد. ئەم دوو خانەدانە ئێرانیە، فاتیمیەکانی میسری هەڕەشەیان لە بەغدا دەکرد و پارێزگارییان لە عەبباسییەکان دەکرد. گرنگی پێدانی خێزانی بوهەیی بە ئیسلامی شیعی، لەو کاتەوە نیشاندەری بوونی بەربڵاوی بیرۆکەی شیعەگەرییە لە ئێران. ئەم خانەدانانە دەوڵەتانی خۆیان تەنها نەبەستەوە بە پشتگیری کردنی نووسینی پەهلەوی و زمانی عەرەبی، بەڵکو لەهەمان کاتدا دەستیان کرد بە پشتگیری کردنی زەردەشتییەت لەگەڵ ئایینی ئیسلام  بە یەکسانی.





دەوڵەتی مەزنی سەلجوقی

*(Kaynak: http://www.bilgilerforumu.com/forum/konu/buyuk-selcuklu-devleti-hakkinda-ansiklopedik-bilgi.680704/)*

لە سـەردەمی دەسـەڵاتدارێتی تورکەکانـدا ئەم ئاراسـتەیە بەهێزتربـوو. لە سەردەسـتی غەزنەوییەکـان (٩٦٣ - ١١٨٦) کلتـووری فەرمـی ئێـران سـەرلەنوێ بـووژایەوە. بەرهەمـی شـانامەی فیردەوسـیش لە سـەردەمەدا نووسـراوە. پاشـان سـەلجوقییەکان (١٠٣٧ - ١١٥٧) هـاتن، بە دروسـتکردنی مەرکەزییەتـی ئیمپراتۆرییەتەکەیـان لە ئێـران، دووبـارە ساسـانییەکانیان گرێـداوە بە ناوەنـد لەخـاکی ئێـران. دەوڵەتـی سـەلجوقی بەهـۆی پێکهـاتەی دەوڵەت و زمـانی دەوڵەت ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر ڕوانگەی دەوڵەتی ئێرانی وەردەگرت، تەنانەت نـاوی دەسـەڵاتدارەکانیش بەفارسـی کـراون. وەک ئەوەی نووسەرێک دیاریکردووە، ناوی (Alparsalan) هەم لە نـاوی (Alp) قارەمـان هەمـیش (Aslan) شـێر، نـاوی (Melikşah)ش بەهەمـان شێوە هەم لە (Melik) فریشـتە هەمیش لە (Şah) شـا پێکدێت. لە دوای سـەلجوقییەکان هەمـوو ئەو خـانەدانە تورکـانەی ئێرانییـان

بەڕێـــوەبردووە، وەک (Harzemşahlar) شـــای خوارزمییەکـــان (١١٣٨ - ١٢٣٠) لە جیـاتی نازنـاوی (Şah) شـا نازنـاوی (Han) خانیـان هەڵبـژارد. ئەگەر سـەرنجی نەخشـەی سـەلجوقی مەزن بکەیـن، وەهـا دەردەکەوێـت کە نـوێنەرایەتی حەوزەی کلتـووری ئێران/فارس دەکات لەو خاکە.

بارودۆخی تری گرنگ لە قۆناغی سەلجوقییەکان تەنها پەیوەست نـیە بە هێـزی سـەربازی دەوڵەت بەڵکـو بـووە هـۆی یەکگرتنـی بیرکـردنەوەی ئایـدۆلۆژیای هاوبەشـی دەوروبەر. سـەلجوقییەکان بۆ ئەو ئامانجە مەزهەبی سـوننەی شـافعی و بـاوەڕی عەشـەریان بەکارهێنا. لەمیانەی سەدەی پازدەدا بەهێزبوونی بیرۆکەی شیعە سەفەوییەکان دەسەڵات یان گرتە دەست.




ئێران لە سەردەمی شا ئیسماعیلی سەفەوی

*(Kaynak: http://tarihvemedeniyet.org/2009/08/ hilafetin-osmanogullarina-gecisi.html)*

ئاشکرایە لە ڕۆژئاوا ئێستا بیرۆکەی دەوڵەتی ئێران بە تەواوی لەگەڵ بیـــــرۆکەی دەوڵەتـــــی ســــــەفەوی (١٥٠١ - ١٧٣٦) یەکدەگرێتەوە. لە دوای سەفەوییەکان، لە سەدەی بیستدا ئەوەی پەهلەوییەکـان کردیـان لەبـارەی سیاسـەتی بەیەکەوە گرێـدان و هاوجووت کردنی ئێران بەگوێرەی هەلومەرج و بارودۆخی ئەو سەردەم جێبەجێکراوە. لەو سەردەمدا هەروەک نووسەر ئەتابک دیاریکردووە، بەهۆی بەیەکەوە گرێدانی دەوڵەتی لەسەر بنەمای مەزهەبـی شـیعە، "ئەوی دی" ی ناسـنامەی شـیعەی دەوڵەتـی ئێـران، بە شـێوەیەکی سروشـتی بـوون بە وڵاتـانی سـوننە. پشتبەسـتن بە سـەفەوییەکان وەک خـانەدان، پشتبەسـتن بە بیرۆکەی شیعەگەری وەک ئایدۆلۆژیا لە نێوان دەریای قەزوین و کەنداوی عەرەبی (بەسرە) بە شێوەیەکی ئاشکرا و راگەیەنراو بنەمـای دەوڵەتێکـی ئێرانـی زۆر بەهێـز سـەریهەڵدا. دوای سـەفەوییەکان هـاتنی ئەفشـارییەکان (١٧٣٦ ز – ١٨٠٢ ز)، زەنـدییەکان (١٧٥٠ ز – ١٧٩٤ ز) و قاجارییەکـانیش (١٧٩٤ ز – ١٩٢٥ ز) دەوڵەتەکـانی خۆیـان لەسـەر خـاکی ئێـران دروستکردووە، واتە خاکی ئێران مەرکەزی ئەو دەوڵەتانە بووە و هەر یەک لەو دەوڵەتـانە بە تەواوکەری ئەوی دی دانـراوە. . دروشـمی "یەک دەوڵەت"، "یەک مـیللەت"ی ڕەزا شـای پەهـلەوی گوزارشـت نەبـوو لە شارسـتانیەتی کـۆنی خـاکی ئێـران بەڵکـو گوزارشـت بـوو لە بەیەکەوە بەسـتنەوە و پـێکەوە گرێـدانی پاشـماوە و میراتـی سـەفەوییەکان[٣١]. *لە سـەردەمی ئێستاشـدا دروشمی "باخچەی دواوە" یان "ناوچەی نفوس" یانیش "ئێرانی مەزن" کە دەوڵەتـی ئێـران مەبەسـتی پـێ ئەو ناوچـانەیە کە زۆرینەی دانیشتووانیان پێکهاتەی مەزهەبی شیعەن و وابەستە*

*و گرێدراون بە خاکی خانەدانە کۆنەکانی شیعەی ئێران.*
بەکورتی، ئەمڕۆش ئێران بەرهەمی ڕێبازی شیعەگەرییە، واتە گرنگترین ناسنامە لە نیشتیمانی ئێران ناسنامەی شیعەیە. تەنانەت دەربڕینێکی دی هەڵە نییە، ئەگەر ئێران یەکسان بکرێت بە شیعە. بەم شێوەیە کاتێک لە چوارچێوەی چاکسازییەکانی ڕەزاشای پەهلەوی کارکرا بۆ دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەی ئێران لەسەر بنەمای لایسیزم فاکتەری ئایین بەتەواوی پەراوێزخرا. سەرەڕایی پشتگوێ خستنی فاکتەری ئایین لەبنەما و پێکهاتەی دەوڵەت، بەڵام لە بناغەی گەڵ خاوەنی شوێنێکی بەهێزە و وەک گرنگترین ناسنامە بۆ ئەوانەی لە چوارچێوەی ئاینی ئیسلامدان زیاتر بەهێز بوو. لە دەرئەنجام شیعەگەری خۆی وەک ناسنامەی دەوڵەت جێگیرکرد[٣٢].

## ١.٥. بە سیاسیکردنی شیعەی ئیسلامی

پەیوەندی نێوان ئایین و سیاسەت هەر لە کۆنەوە تاکو ئێستا بابەتی گفتووگۆیە لە هەموو کۆمەڵگەکان. لە ئایینی ئیسلام پیغەمبەر موحەمەد هەم وەک ڕابەر (ئیمام) هەمیش وەک سەرۆکی دەوڵەت وەزیفەی لە ئەستۆگرتبوو، بەهەمان شێوە خەلیفەکانی دوای ئەویش هەمان ئەرکیان هەبوو. بەڵام لە سەردەمی خانەدانەکان بەهۆی بەکارهێنانی ئایین لە سیاسەت دا هەندێک دەرئەنجامی نەویستراو پەیدا بوون. لەبەر ئەوەش بیرۆکەی جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت هاتەکایەوە. ئەم تێگەیشتنە بە تایبەتی لەنێو ئیمامەکانی باوەڕی ماتوریدی (Abu Mansur al-Maturidi) وەک باوەڕێکی بەهێز لە ئاسیای

ناوەڕاست بەفراوانی بڵاوبووەوە. بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئایین هەموو کات لەنێو سیاسەت بوونی هەیە. شیعەگەریش لە ئەنجـــامی گفتووگــــۆ ساســـییەکان، واتە لەبـــابەتی خەلافەت هاتۆتەکـایەوە. لە ســەردەمی ســەفەوییەکانەوە تائێســتا ڕێبــازی شیعەگەری بە تەواوی لەناوەندی دەوڵەت جێگیربووە.

لە ناوەڕاسـتی سـەدەی نـۆزدەوە لەلایەن ڕوناکبیرە ئایینییەکـان ویسـتی بەهێزکردنـی پـێگەی ئـایین دەسـتی پێکـردووە. بەڵام لە شۆرشـی مەشـروتییەتی سـاڵی ۱۹۰٦ و دەسـتوری دەوڵەتـدا شوێن بۆ ئیمامەکان نەکراوەتەوە، واتە دەستور ئاماژەی بەپێگە و ئەرکی ئیمام نەکردووە. بەکورتی، بە درێژایی حەفتا ساڵ لە ئێـران ئیمامەکـانی شـیعە لە دەرەوەی سیاسـەت بـوون، بەڵام پێکهـاتەی ڕێکخسـتنیان زۆر بەهێـز بـوو. لە قۆنـاغی شۆڕشـی ۱۹۷۹دا بەهۆی ئەوەی هەموو ئەو گروپە دژبەرانەی دەوڵەت کە لە بـــــواری سیاســــــەتدا لەلایەن ڕژێمــــــی پەهلەویـــــیەوە سـەرکوتکرابوون، لەدوای شـۆرش بـوون بە سـەرکردەی گـروپە ئیســـلامییەکان. لە ئێـــران وەک ئەوەی (Murtaza Mutahhari) "مورتەزا موتەهەری" دیاریکردووە، کە یەکێکە لەناوە هەرە دیار و بەرچاوەکـــانی گـــروپە ئیســـلامییەکان و هەلگیرســـێنەرەکانی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، پێی وایە؛ "نەتەوەی ئێران یەکسانە بە نەتەوەی ئیسلام"(۳۳).

لەگەڵ ڕاگەیانـــدنی شۆڕشـــی کۆمـــاری ئیســـلامی ئێـــران لە دەستوردا، بیرۆکەی دوازدەی ئیمامی جەعفەری واتە مەزهەبی شیعە وەک ئایینی فەرمی دەوڵەت دیاریکرا. هەروەک ئاشکرایە، بە گوێرەی مەزهەبی شیعە، لە چاوەڕێی هاتنی ئیمامی دوازدەن

که ئیمـامی "مەهـدی"یە. "بەگـوێرەی ڕێبـازی شـیعەگەری، بەر لە گەڕانەوەی ئیمـامی مەهـدی دروسـتکردنی دەسـەڵاتێکی ئـایینی ڕەوا وەک کـوفر پەسـەند دەکرێـت. چـونکە تەنهـا ئەو مـافی دەسـەڵاتدارێتی هەیە." [٣٤] لەم روانـگەیەوە، وەهـا لێکـدەدەرێتەوە چـالاکی شۆڕشـگێڕی ئیمـامی خـومەینی بەر لە هـاتنی ئیمـام مەهـدی، وەک ئامادەکـارییەک لەپێنـاو دروسـتکردنی کـۆمەڵگەیەکی نمـوونەی ئیسـلامی ئەو ڕۆلە چـالاکەی لە ئەسـتۆگرتووە. کەواتە یەیـامی شۆڕشـگێڕی خـومەینی لەسـەر نکـۆڵیکردن لە بیـرۆکەی ئیمـامی مەهـدی دروسـتبووە[٣٥]. بە دەربڕینێکی دی ، بەیەکەوە لەگەڵ شۆڕشـی ئیسـلامی بیرباوەڕی ئیمـامی مەهـدی بەرەو ڕووی گۆرانکـاری بوویەوە و قۆنـاغی بە سیاسەتکردن تەواو دەبێت.

بە بـاوەڕی خـومەینی، ڕاگەیانـدنی شۆڕشـی ئیسـلامی قۆنـاغێکی گـرنگە لە دەرکەوتنـی ئیمـامی مەهـدی دا. ئیتـر سـەردەمی چـاوەڕوانی گـۆڕا بـۆ سـەردەمی ئامادەکـاری. وەک ئەوەی خومەینی دیاریکردبوو[٣٦]:

*"دەبێـت مرۆڤەکـان بـۆ کـاتی چـاوەروانی چەکـداربکرێن، چەکەکانیـان ئامـادە بـکەن، ئەم کـارە بەم شـێوەیە نابێـت کە چاوەڕوان بکەیت لەگەڵ دانانی چەکەکان. بۆ وەستانەوە لەدژی سـتەم و زۆرداری دەبێـت مرۆڤەکـان چەکـداربکرێن. چـونکە وەستانەوە لە دژی ستەم ئەرکی هەموو کەسێکە. بۆیە پێویستە لەسـەر هەمووومـان لە دژی ئەو ڕژێمـانە بوەسـتینەوە کە لەبەرامبەر ئیسلام دەوەستنەوە."*

لەم بارودۆخەدا ڕژێمی ئیسلامی ئێران کاردەکات بۆ هاتنی ئیمامی مەهدی (ئیمامی دوازدەیەمین). سوپای ئێران بەتایبەتی هێزەکانی پاراستنی شۆڕش، دەجەنگێن لەپێناو هاتنی ئیمامی مەهدی. بۆیە، موحەمەد عەلی جەعفەری فەرماندەی هێزەکانی پاراستنی شۆڕش لە ١٢ کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٦، لەروانگەی ئامانجە هاوبەشەکان لەگەڵ ئێران، ئامادەبوونی نزیکەی (٢٠٠) هەزار گەنجی چەکدار و ڕووداوەکانی ناوچەکە وەک ئامادەسازی بۆ هاتنی ئیمامی مەهدی گوزارشتی لێکردووە[٣٧]. ئەم جۆرە لێکدانەوانە، کارکردن لە بارەی بیرۆکەی شەڕی پێش هاتنی قیامەت و ئامادەسازی بۆ هاتنی ئیمامی مەهدی بەهێزدەکات. ئەو گروپانەی داوای زەمینەسازی بۆ هاتنی ئیمامی مەهدی دەکەن، ڕووداوە تیرۆریستیەکەی ٧ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٧ لەتاران دەتوانرێت وەک دەرفەت لێکدانەوەی بۆ بکرێت. هەروەک پ.د.موحەمەد سەیفەدی ئێرۆل دیاریکردووە، " لەگەڵ ڕەهەندی کات و ئامانجەکان هێرشی داعش؛ بەردەوامبوونی قەیرانی نێوان عەرەبستانی سعودیە و قەتەر، وەها دەردەکەوێت ئێران لەنێو ئەو جەنگە ناوخۆییەی نێو ئیسلام ڕۆڵی گێرشێوێنی لە ئەستۆ گرتبوو. ئەگەر ڕێگری لەم جەنگە نەکرابا، لەوانەیە وەک شەڕێکی کۆتایی لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهانیش دەستی پێکردبا." [٣٨] وەک دەرئەنجام، ئەو خاڵەی پێی گەیشتووین، ئیتر مەزهەبی شیعە وەک ناسنامەی کلتووری دەوڵەتی ئێران بوو بە گرنگترین کۆدی جیۆکلتووری لە سیاسەتی دەرەوەیدا.

## ٢.٥. ناسنامەی شیعە و ئەوانی دی: سوننە

ئێران وەک دەوڵەتێکی شیعە، پێچەوانە دەبێتەوە لەگەڵ دەوڵە سوونیەکان. ئێران، کاتێک لە ڕۆژئاوا لەگەڵ عوسمانی سوننە، لە باشووری ڕۆژهەڵاتدا لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتی مەغۆلی سوننە، لەباکووری ڕۆژهەڵاتیش لەگەڵ هانلکی ئۆزبەکی سوننە هاوسێ بوو. وەک ئەوەی نووسەر ئەتای ئاکدەڤەلی ئۆغلۆ ئاماژەی پێکردووە[٣٩]:

*"دروستکردنی دەوڵەتی سەفەوی لە تەبریز لەساڵی ١٥٠١، دەرکەوتنی مێژووی مۆدێرنی ئێرانە لە چوارچێوەی پەیوەستبوون لەگەڵ ئاسیا. ناونانی تورکستان وەک دەوڵەت لە ئاسیای ناوەڕاست، شەڕی مەزهەبی نێوان ئۆزبەکەکان لە مەزهەبی سوننە و ئازەرییەکان لە مەزهەبی شیعە، پچڕانی پەیوەندی تورکستانی لەگەڵ ئێران لێکەوتەوە کە پێشتر ئەو دوو دەوڵەتە لە پەیوەستبوونی ئۆرگانیکیدابوون."*

ئەم بارودۆخە تەنها پەیوەست نەبوو بە تورکستان، بەڵکو پەیوەست بوو بە پەیوەندی ئێران لەگەڵ هەموو ئەو دەوڵەتە سوننیەکانی دەوروبەری. ئێران بۆ بڵاوبوونەوەی ناسنامەی شیعە لەگەڵ هەموو دەوڵەتە دراوسێکانی پێچەوانە بوویەوە[٤٠]. ئەمە هەستی ئێرانییەکانە لە بارەی "دەورەدان لەلایەن دوژمنەکان"ەوە لە ئێستاشدا هەستی پێدەکرێت.

### ١.٢.٥. ئیمپراتۆریەتی عوسمانی/کۆماری تورکیا

"ئەوی دی" ی تەنانەت دوژمنی ناسنامەی شیعەی ئێرانی، بە تایبەتی دەوڵەتی عوسمانی بوو. چونکە عوسمانییەکان لە سەدەی شازدە دوای وەرگرتنی خەلافەت لە مەمالیکیەکان گەڕانەوە بۆ مەرکەزی جیهانی سوننەی ئیسلامی. لەهەمان سەردەم بڵاوبوونەوەی ناسنامەی شیعەی ئێرانی دەوڵەتی عوسمانی کردە "دوژمنێکی نەسازاو" لەگەڵ ئێران. لە ڕۆژگاری ئێستاشدا، ناکۆکییەکانی نێوان ئێران و عوسمانی ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر پیزانینی ڕۆشنبیران خەڵکی ئێران بەرامبەر دەوڵەتی تورکیا، بەهەمان شێوەش لەسەر پیزانینی ڕۆشنبیران خەڵکی تورکیا بەرامبەر دەوڵەتی ئێران. لە میانەی سەدەی بیستدا، بەهۆی کاریگەری لەگەڵ ڕۆژئاوا پاشەکشەی بابەتی ئایین، ناکۆکی نێوان شیعە و سوننە گۆڕدرا بۆ ململانێی نێوان تورک و فارس. ئەم گۆڕانکاریەش تەنها لەڕووی گۆڕانی ناوەکان بوو. هەروەک لەسەرەوە باسکراوە ناسیۆنالیزمی ئێرانی لەڕاستیدا لە سەر بنەمای تێگەیشتنی شیعەی ئێرانی بنیاتنراوە.

پاشەکشەی تورکیا لەخەلافەت، پێزانینی تورکەکانی لەبەرامبەر ئێران نەگۆڕی. ئەگەرچی لە سەرەدمی جەنگی سارد هەردوو دەوڵەت لە پاڵ یەکدابوون لە چوارچێوەی بلۆکی ڕۆژئاوا، بەڵام بێ متمانەیی نێوان هەردوو دەوڵەت بەردەوام بوو. لە میانەی سالآنی (١٩٨٠) و (١٩٩٠)ەکان کاتێک تورکیا شۆڕشگێڕی سیاسی ئیسلامی لە ئێران وەک هەڕەشە دەبینی، ئێرانیش

ناسیۆنالیزمی تورکی، یەکێتی تورک و بیروباوەڕی جیهانی تورک، وەک هەڕەشە لەسەر یەکێتی خاکی خۆی دەبینی. لە تورکیا دوای ساڵی ٢٠٠٢ هاتنی پارتی داد و گەشەپێدان بۆ دەسەڵات ئاراستەی سیاسەتی خۆی بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕی و لە ناوچەکە چووە نێو ململانێ لەگەڵ ئێران.

### ٢.٢.٥. عەرەبستانی سعودی

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەگەڵ پەراوێزخستنی ناسنامەی خەلافەت لە تورکیا، ئەمە ڕێگای کردەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕۆڵە لەلایەن عەرەبستانی سعودی لە ئەستۆ بگیرێت. لە دەرئەنجامی ئەم دۆخە دوژمنایەتی عەرەب لە ئێران زیاتر بەرزبووەوە. دوژمنکاری عەرەب کە لە سەردەمی ڕەزا شای پەهلەوی دروستببوو، لەگەڵ هاتنی ڕژێمی ئیسلامی شیعە ئەم ڕوانگەیە زیاتر بەهێزبوو. لێرەدا بنەمای ئایدیای ئێران ئەوەیە کە بەرەو پێش بردنی بیرۆکەی ئیسلامی وەهابیزم لەڕاستیدا وەک سەرچاوە پەیوەست نیە بە ئایینی ئیسلام بەڵکو بۆ ئەوەیە کە عەرەبستانی سعودی ببێتە مەرکەزی کلتووری عەرەبی. بەدەربڕینێکی دی، ڕۆشنبیرانی ئێران وەها بیردەکەنەوە کە ئەمە وەک پرۆسەی بە عەرەبکردنی ئیسلام دەگیرێتە بەر. لەڕاستیدا بەهەمان شێوە دەتوانرێت بگوترێت ئێرانیش مەبەستی بە فارسکردنی ئیسلامە. ئەم بارودۆخە بۆ موسلمانانی تریش ڕاستە. بۆ نموونە، مەزهەبی حەنەفی تێگەیشتنی لێبوردەیی لە سەر بنەمای کلتووری لەگەڵ تورکە کۆچەرییەکان. بەکورتی،


ڕێبازی شیعیزم ناسنامەی نەتەوەی ئێران بە گونجاو دەبینێت، بەهەمان شێوەش وەهابیزم ناسنامەی نەتەوەی عەرەب لە عەرەبستانی سعودی بە گونجاو دەبینێت.

لە جیهانی ئیسلامیدا ئەگەر بەراوردی ناسنامە لە نێوان ئێران و عەرەبستانی سعودی بکرێت، زۆر بەجوانی دەتوانرێت لە روانگەی پێغەمبەر حەزرەتی موحەمەد جیاوازی ناسنامەی نێوانیان ڕوون بکرێتەوە. ئایدۆلۆژیای وەهابیزم، بەهۆی ئەوەی سەرچاوەی سەرەکی لە قورئان وەرگیراوە، سونەتەکانی پێغەمبەر وەک ڕیزبەندی دووەم لێکدەداتەوە. ئایدۆلۆژیای شیعەی ئێرانیش خۆی بە بەرگریکاری پەیامی نەوەکانی پێغەمبەر دەزانێت. واتە پێغەمبەر و بنەچەی پێغەمبەر لە پێشەوە دێن لە ئێران. دوو تێگەیشتنی جیاوازی بەسیاسیکردنی ئیسلام، واتە هاتنە کایەی ناسنامەی سیاسی دەوڵەتەکان بێ متمانییەکی سەختی زۆر قوڵی لە نێوان هەردوو نەتەوە پێکهێناوە. بۆ دەربازبوونی ئەمەش بەر لە هەر شتێک پێویستی بە دوورخستنەوەی ناسنامەکان لە سیاسەت و جێهێشتنی ئەم بابەتە بۆ زاناکان و کەسانی شارەزا و پسپۆر هەیە.

### ٣.٢.٥. پاکستان

سەرەڕایی بوونی پاکستان وەک دەوڵەتێکی سوننی، بەڵام پەیوەندی نێوان ئێران و پاکستان بە ئاراستەیەکی جیاوازی لە بەرەو پێشچووندایە. وەها بیردەکرێتەوە ئەمە چەند هۆکاری هەبێت. یەکەم، پاکستان بەدرێژایی مێژوو کەوتۆتە نێو حەوزەی

کلتووری ئێران. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا ئەو دەوڵەتەی بە پاکستان ناونراوە لە باکووری ڕۆژئاوای هیندستان بە شێوەیەکی کلاسیکی ناوچەی نفوزی مەرکەزییەتی ئیمپراتۆریەتەکانی ئێران بووە. لە سەردەمی جیگیرکردنی ناسنامەی شیعە، لە پاکستان دەوڵەتی نوێی مەغۆل لە ژێر سەرکردایەتی (Zahirüddin Muhammed Babür) زاهیرەدین موحەمەد بابوور دروست دەکرێت. بەردەوامبوونی پێگەی ئەم دەوڵەتە تاو داگیرکردنی هیندستان لەلایەن بەریتانیاوە ئەم دەوڵەتە زمانی فارسی وەک زمانی فەرمی دەوڵەت بەکاردەهێنێت. بە گوزارشتێکی دی، لە ناوچەکە زمان و کلتووری ئێران زەمینەسازی کرد بۆ دورستبوونی پەیوەندی و نزیکایەتی لە نێوان هەردوو دەوڵەت.




نەخشەی جیهانی ئیسلامی لە سەدەی شازدەهەم

*(Kaynak: https://ballandalus.wordpress. com/2013/12/14/map-of-gunpowder-empires-ottomans-safavids-and-mughals-ca-1600/)*

دووەم، کاتێــک بــاس لە ناســنامەی شــیعە و ســوننە دەکرێــت، لەڕاســتیدا بــاس لە ناســـنامەی سیاســـی دەکرێــت. لەبەر ئەوە هەنــدێک جــار لە روانــگەی کلتــوورییەوە هەنــدێک جــاریش لە روانـگەی بەرژەوەنـدییە سیاسـییەکان بەکاردەهێنرێت. یـانیش بە پــێچەوانەوە ناســـنامە کلتوورییەکـــان لە بەرامـــبەر قەیـــرانە سیاسـییەکان سـەریهەڵداوە. وەهـا بیردەکـرێتەوە لە بـارودۆخی ئێــران بــوونی هەردووکیــان دروســت بێــت، لە دەرئەنجامــدا ناسنامەی شیعەی ئێرانی ڕووداوێکی سیاسییە. بەهەمـان شێوە، ئێران لەلایەکەوە لەگەڵ عوسمانییەکان لەلایەکی تریشـەوە لەگەڵ ئۆزبەکیەکـان  لە پێنـاو ئاییندا  لەشــەڕ دابــووە، بەپێـی دوایـن شـیکردنەوە بـابەتی سـەرەکی بەرژەوەنـدییە سیاسـییەکانن. لەم ڕوانگەیەوە کاتێـک سـەیری پەیوەنـدی نێـوان ئێـران و پاکسـتان، پێزانینییان بەرامبەر  بەیەکتر دەکرێت، ئۆزبەکەکان کە هـاتن بۆ بـاکوور دەوڵەتـی تەیموریەکـانی لە ئاسـیای ناوەڕاسـت کۆتـای پێهێنــا، نەوەی تەیمــور بــابور بابریــان لە ئاســیای ناوەڕاســت دەرکرد. لەشەڕی ئۆزبەکەکان لەگەڵ دەوڵەتـی سـەفەوی ئێرانـی، بە شــێوەیەکی سروشــتی بــابور بــوو بە هاوپەیمــانی ئێــران. کــوژرانی ئــۆزبەک خــان لە شــەڕی لەگەڵ ســەفەوییەکان وەک تــۆڵەکردنەوە لەلایەن بــابورەوە لێکــدەدرێتەوە. بەکــورتی لە روانــگەی ڕووداوە سیاســییەکان پاکســتان لەو ســەردەم نــاوی دەوڵەتـی مەغۆل لەگەڵ ئێرانـی شـیعی پەیوەنـدییەکان بەشێوەی ئەرێنــی دەســتیان پێکــرد. هەردوو دەوڵەت لە رێــگەی شــاری قەنـدەهارەوە لەگەڵ بـوونی تۆمـارکردنی هەڵاوێردنـی شـەڕەکان بە شــێوەیەکی گشــتی خەڵکــی هەردووو دەوڵەت بە ئەرێنــی

هەستیان بەیەکتری کرد. کاتێک ڕێگە نەدرا  بە تێپەڕبوونی حاجیەکان کە لە تورکستانەوە هاتبوون بە خاکی ئێران، بەڵام ئەو حاجیانەی لە دەوڵەتی مەغولەوە هاتبوون بە ئاسودەیی بە خاکی ئێران دەیانتوانی تێپەڕبن.

سێیەم، هۆکاری بوونی ئەرێنی پەیوەندی نێوان ئێران و پاکستان و هەستی بەرامبەریەتی، لەوانەیە گەشەپێدانی کلتووری یەکترقبوڵ کردنی موسلمانەکانی هیندستانی بێت. لە مێژوودا موسلمانە هیندییەکان، واتە پاکستانی ئەمڕۆ، دەسەڵات لە بەرامبەر ئەو موسلمانە شیعیانە و بوزییە هیندییەکان کە لە ژێر  دەسەڵاتی دەژیان، جیاکارییان بەرامبەر بەکارنەهێنراوە. لە ڕۆژگاری ئێستا هەندێک لە گروپە توندڕەوەکان هەلوێستی خراپ لەبەرامبەر کەمینەی شیعە دەنوێنن، بەڵام لەسەر ئاستی دەوڵەت پاکستانیەکان هەم لەگەڵ ئێران هەمیش لەگەڵ شیعەکان پەیوەست دەبێت. بۆ نموونە، بەپێی ڕاپرسییەکی ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست کە لە ساڵی ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە، پاکستانیەکان تاکە گەلن لە جیهان بە ڕێژەی لە ٧٦٪ خەڵکەکەی لە بەرامبەر ئێران هەلوێستی ئەرێنییان هەیە[٤١].

لە ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی پاکستان لە ساڵی ١٩٤٧ تا ئەمڕۆ، پەیوەندی باشی نێوان ئەم دوو دەڵەتە وەک بابەتی سەرەکی دەردەکەوێت. بەهۆی ئەوەی ئێران یەکەم دەوڵەت بوو کە دانی بە پاکستان دانا، لە بەرامبەردا پاکستانیش یەکەم دەوڵەت بوو دانی نا بە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩. ئەمڕۆ ئەو خاڵەی پێی گەیشتووە ئەوەیە، شیعەکان لەگەڵ ئێران،

وەهابییەکان لەگەڵ عەرەبستانی سعودی پەیوەندیەکانیان بەرەو پێش دەبەن، لە ڕاستیدا پاکستان دەتوانێت ڕۆڵێکی نێوەندگیری بگێڕێت لە جیهانی ئیسلامی لە نێوان ئەم دوو، سێ بەرە جیاوازە.

### ٤.٢.٥. ئەفغانستان

خاکی ئەمڕۆی ئەفغانستان بە درێژایی مێژوو، یان ڕاستر لە پێنج سەد ساڵی دواییدا، لەباکووردا ناوچەی کاریگەری ئۆزبەکیەکان، لە باشووردا ناوچەی کاریگەری دەوڵەتی مەغۆل و لەڕۆژهەڵاتیشدا ناوچەی کاریگەری ئێرانی بەردەوامی پێدراوە. وەک گرووپی ئیتنیکی و ئاینی ئەوانەی لە ئەفغانستان دەژین؛ پەشتونیەکان لەگەڵ پاکستان، لە باکووردا تاجیکیەکان و ئۆزبەکیەکان لەگەڵ تورکمانستان بەها هاوبەشەکانی خۆیان بەشدەکەن. لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا هازارییەکان لەگەڵ ئێران شیعەی ئیسلامی وەک بەهای هاوبەش بەشدەکەن. لەبەر ئەم جۆراوجۆری ناسنامەی ئەفغانستان شیکردنەوەی پێزانینی ئێران لە ئەفغانستان قورسە. بەڵام لەبەر هۆکاری مێژوویی و ناسنامەی ئاینی، ناوەندێتی هیرات لە باکووری ئەفغانستان، وەک پاشکۆی ئێران لە ئەفغانستان لێکدەدرێتەوە. ناوچەکانی تری وڵات لە سوننەکان پێکدێت.

لە رووی گرووپی ئیتنیکیەوە سوننەکان لە باکووردا "تاجیک و ئۆزبەکیەکان" و لە ڕۆژهەڵاتی باشوریشدا "پەشتونیەکان" دابەشکراون. پەشتونیەکان کە دەوڵەتی پاکستان پشتگیرییان

دەکات بۆ دروستکردنی باڵانس لەگەڵ ئەوانەی لە باکوردان، بە تایبەتی تاجیکییەکان کە ویستیان بە ئاراستەی دەوڵەتی ئێرانە. لەو سێگۆشەیەی "پەشتون – تاجیک – هازار" کە ناسنامەی ئەفغانستانیان پێکهێناوە، دوانیان ئێران بە دەوڵەتێکی ئەرێنی هەلدەسەنگێنن. لە دەرئەنجام، وەگەڕخستنی کۆدەکانی جیۆکلتووری سیاسەتی دەرەوەی ئێران بە ئاراستەی ئەفغانستان هەم ناسنامەی بەر لە ئیسلام ئێران/فارس هەمیش ناسنامەی شیعی لەپێشەوە دێن. ئەم دوو فاکتەرە کاریگەرە روانگەی تاران لە ئەفغانستان وەک پێگەی کۆدی جیۆکلتوور بەردەوامی پێدەدرێت. نووسەر ئاکدەڤەلی ئۆغلۆ، بەجەختکردنەوە لەسەر شیعەگەری لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران و کلتووری فارس بەیەکەوە ئەمانە دیاریدەکات[٤٢]:

*"لەگەڵ کۆکردنەوەی سەدەکان، بە قورسی بەدەستهێنانی بەرهەمەکانی فارس لە ئەدەبیاتی شیعە و دەرئەنجامی بە ئێرانیکردنی شیعە، زمانی فارسی و کلتووری فارس نیمچە پیرۆزییەکی بەدەستهێنا بۆ شیعە. لەبەرئەوە هیچ ناکۆکیەکی ڕاستەوخۆ نابینرێت لە نێوان سیاسەتی دەرەوە و ئایدۆلۆژیای ئێران. جیاکردنەوە ئاسان نیە لە نێوان ئاراستەی شیعیزم لە سیاسەتی دەرەوە لەگەڵ ئاراستەی کلتووری فارس لە سیاسەتی دەرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بوونی زۆری تاجیکیە سوننەکان لەناو کلتووری فارس یان قسەکردن بە زمانی فارسی لەگەڵ موسلمانەکانی جیاوازە، ڕۆڵ گێڕانی ئەم بیروباوەڕەش ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام لە جیاتی ئەوەی ئەم هەلوێستە وەک ناسیۆنالیزمی فارسی بێت، هەستی گرنگیبوونی*

*کلتووری فارسی لەنێو شیعەدا زیاتر هەستی پێدەکرێت.″*

ڕێبازی شیعەگەری و کلتووری فارسی وەک دوو پایەی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ئەفغانستان هاوشانی یەکترن، لە نموونەی لە سەر بنەمای ئەو شیکردنەوەی سەرەوە دەوڵەتانی نوێی ئاسیای ناوەڕاست لە سەر بنەمای ناسنامەی شیعە دیاریدەکرێن.

## ٥.٢.٥. تاجیکستان

کاتێک پەیوەندی ئێران لەگەڵ ئەو دەوڵەتە موسلمانە سوننانەی کە لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران جیابوونەوە لەروانگەی ناسنامە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت، پێویستە مانەوەی ئەو دەوڵەتانە لەژێر نفوزی رووسیا بۆ ماوەیەکی درێژ وەک وڵاتی داگیرکراو لەبیر نەکرێت. ئەو سەردەمەش نزیکەی (١٠٠) بۆ (١٥٠) ساڵی لەخۆگرتبوو، ئەو دەوڵەتانە یانیش بە دەربڕینێکی گونجاوتر گەلانی ئەو کۆمەڵگایانە، بەدابڕینیان لە هاوسێیەکانی باشوور، بە باکوورەوە لکێنران. بە تایبەت بە درێژایی (٧٠) ساڵی سەردەمی سۆڤیەت لەنێوان ئەو گەلانە و ئێران پەردەی ئاسنین بوونی هەبووە. لەکاتی ڕووخانی یەکێتی کۆمارەکانی سۆسیالیستی سۆڤیەت، ئەمانە هەریەکەیان بوونە ئەکتەری سەربەخۆ، ئەو دەوڵەتانە لەگەڵ ناسنامەی نوێ سەریان هەڵدا. بەواتایەکی دی، دەوڵەتانی یەکێتی سۆڤیەت بەهۆی دووربوونیان لە بەشکردنی بەها هاوبەشەکانی جیهانی ئیسلامی، بەهەمان شێوە پێزانینی دوژمنکاریشیان دووربووە.

ئەمەش بەو واتـایە دێـت پەیوەنـدی ئەو دەوڵەتـانە لەگەڵ ئێـران، هەرچۆنێک بێت لە سفرەوە واتە بە شێوەیەک کە پاکبکرێتەوە لە گومانەکـان لە لاپەڕەیەکـی نوێـوە دەسـتی پێکـردەوە. هەرچۆنێک بێـــت دەربـــڕینەکە بەکاردێـــت، چـــونکە پشـــتگیرییە کۆنەکـــان، وەبیرهێنـــانەوەی یـــادەوەری مێـــژووی ســـەرلەنوێ هەســـتی بەرامبەربوون پێکدێنێت. دووبـارە زمـان و ناسـنامەی ئیتنیکی کە لە سـەردەمی یەکێتـی سـۆڤیەت زیـاتر لە پێشـەوە دەردەکەوتـن، گـــرنگن لە پێکهێنـــانی ئەم پێـــزانینە نـــوێیە. لەبەرئەوە، لێـــرەدا جیـــاکردنەوەی تاجیکســـتان لە دەوڵەتـــانی دیکـــەی ئاســـیای ناوەڕاست دەربڕینێکی دروستە.

تاجیکسـتان، لە ئاسـیای ناوەڕاسـت زۆرتـرین کـاریگەری ئێرانـی پێوە دیارە. لە ڕووی زمانەوە، زمانی تاجیک دەچێتە نێو گروپی زمـانی فارسـی. کاتێـک تاجیکسـتان وەک ئیتنیـک و زمـان وەک پـارچەیەکی جیهـانی فارسـییە، وەک ئـایینیش بەشـێکە لە جیهـانی تورکســتان. تاجیکەکـانیش وەک فارســەکان خۆیـان لە ڕەگەزی ئاری هەژماردەکەن. لەڕاستیدا هەم لە روانگەی زمـان هەمیش لە روانگەی ئیتنیک تاجیکەکان و فارسـەکان لەهەمـان ڕەگوڕیشـەوە دێن.

لە سەردەمی سۆڤیەت بەهۆی ئەوەی ڕژێمـی دەوڵەت لە ئەتـایزم سـەرچاوەی گرتبـوو لە تورکسـتان ناسـنامە ئـایینیە هاوبەشـەکان چەوسێنرانەوە. ئەمەش گەورەتـرین زیـان بـوو کە بەر بە یەکێتـی جوگرافیای تورکسـتان کەوت. ئیتـر نـاوچەکە هەمـووی وەک یەک ناســـنامە نـــیە، بەڵکـــو دابەشـــبوو بەســـەر پارچەکـــان و وەک

ناسـنامەی ئیتنیکـی جیـا جیـا بەردەوام دەبێـت. لە دوای یەکێتـی سـۆڤیەت بـوونی دەوڵەتە تورکەکـانی وەک ئۆزبەکسـتان، قرقیزسـتان، تورکمانسـتان و کازاخسـتان ناسـنامەی تورکیایـان بەهێزکرد، ئەمەش وایکرد تاجیکستان بە ئاراستەی ئێران بڕوات. بە تـایبەتی لە روانـگەی قۆنـاغی بنیاتنـانی ناسـنامە لە ئاسـیای ناوەڕاست ڕکابەری نێوان تاجیک و ئۆزبەک بەرچاودەکەوێت. لەبەرئەوە ناسـنامەی نەتەوەی تاجیـک لە سـەر بنەمـای "ئەوی دی"ی ناسـنامەی نەتەوەی ئۆزبەک/تـورک بنیـاتنراوە. لە سـاڵی ١٩٩١ تاجیکستان خۆی پێناسەکرد لەروانگەی زمـان و کلتووری فارسـی. لە ئـالای تاجیکیشـدا ڕەنگەکـانی سـەوز، سـپی و سـوور بەکـارهێنراون کە ئەم ڕەنگـانە لەدێـر زەمـانەوە لەلایەن دەوڵەتانی ئێران/فارس بەکارهاتووە.


ئالای پەسەندکراوی ساڵی ١٩٩٢ی تاجیکستان


ئالای نیشتیمانی کۆماری ئیسلامی ئێران

لە سـاڵانی یەکەمـی سـەربەخۆیدا، لە قۆنـاغی بنیاتنـانی دەوڵەت نەتەوەیـی تاجیـک، دوشـەنبە بـۆ ئەوەی لە وڵات ناسـنامەی تـاجیکی و بە تـایبەتیش زمـانی تـاجیکی لە بەرامـبەر زمـانی ڕووسی و ئۆزبەکی بەهێزبکات پێویستی بە هاوپەمانێک بوو لە

دەرەوە. ئەم هاوپەیمانەش بە سروشتی ئێران بوو، لەبەر هاوبەشی و لەیەک نزیک بوونی زمانیان. لەساڵی ١٩٩٢ دامەزراوەی زمانی کۆماری سۆسیالیستی سۆڤیەتی تاجیکستان پەسەندی ئەوەی کرد کە  زمانی تاجیکی و زمانی فارسی وەک یەک پێناسە بکرێن. بە شێوەیەکی فەرمی تاجیکستان خۆی وەک بەشێک لە جیهانی فارسی پێناسەکرد. تاجیکستان لەگەڵ ئەفغانستان بەیەکەوە لە ساڵی ١٩٩٢ لە بەرامبەر دروستکردنی بیرۆکەی یەکێتی دەوڵەتانی تورکزمان (ئەو دەوڵەتانەی بە تورکی قسە دەکەن) چوونە نێو پلاتفۆرمی یەکێتی دەوڵەتانی زمانی فارسی. لەڕاستیدا لەم بابەتەدا بارودۆخی تاجیکستان، بە کازاخستان دەچوێنرێت. حکومەتی کازاخستان لەپێناو کەمکردنەوەی کاریگەری رووسیا و بەهێزکردنی کازاخستان ڕەهەندی تورکیا و جیهانی تورکی بەکاردێنێت.

کازاخستان خۆی زیاتر لەنێو چەمکی جیهانی تورک دەبینێتەوە، تاجیکستانیش لە چوارچێوەی جیهانی فارسی، لە وڵاتێکی بێ بایەخی سنووری لە جیهانی یەکێتی سۆڤیەت بوو بە دەوڵەتێکی گرنگ و پڕبایەخ لە جیهانی ئێران/فارسی. هەروەک گفتوگۆی گۆڕینی ئەلفوبێی سیریلی بۆ ئەلفوبێی لاتینی لە کازاخستان و دەوڵەتانی دیکەی تورک لەدوای یەکێتی سۆڤیەت بە ئامانجی هەم دەربازبوون لە کاریگەری زمانی ڕووسی هەم خێراکردنی یەکبوون لەگەڵ تورکیا هەمیش بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی ڕوویدا، لە تاجیکستانیش بەهەمان شێوە گفتوگۆی گۆڕینی ئەلفوبێی سیریلی بۆ ئەلفوبێی عەرەبی ڕوویدا. لەم بابەتەدا ئەو مامۆستا ئێرانییانەی فێری زمانی عەرەبی کرابوون، کاریان کرد

بۆ ئەوەی لەرێگەی دەستەبەرکردنی بنەمای زمانی فارسی و چاپەمەنی ڕۆڵێکی یارمەتیدەر ببینن. بە کورتی ئەگەر بەردەوام بین لە بەراوردکردنی شوێنی کازاخستان لەگەڵ شوێنی تاجیکستان وەک چۆن کازاخستان دەکەوێتە ناوەڕاستی جیهانی ڕووسی لەگەڵ جیهانی تورکی، تاجیکستانیش لە ناوەڕاستی جیهانی ڕووسی لەگەڵ جیهانی فارسی دەبینرێت. هەروەک چۆن کازاخستان کاردەکات بۆ دروستکردنی بالانس لە نێوان کاریگەری کلتووری ڕووسی لەگەڵ جیهانی تورکی، تاجیکستانیش کاردەکات بۆ دروستکردنی بالانس لە نێوان کاریگەری کلتووری ڕووسی و جیهانی فارسی.

تاران یەکەم دەوڵەت بوو کە دانی نا بە سەربەخۆی تاجیکستان و یەکەم دەوڵەتیش بوو نوێنەرایەتی خۆی لە وڵاتەکە کردەوە. لەهەمان کاتدا بالیۆخانەی تاجیکستان لە تاران یەکەم نوێنەرایەتی تاجیکستان بوو کە لە دەرەوەی جوگرافیای یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بکاتەوە. ئەم بنەما هاوبەشە لە ڕووی بوونی پێزانینی ئەرێنی گرنگە. بە تایبەتی لە ڕووداوی یەکەم دانپێدانان ئاماژەیەکی بەهێزە لە نیازپاکی دبلۆماسیدا. بۆ نموونە، لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت یەکەم دەوڵەت کە دانی نا بە سەربەخۆیی دەوڵەتە تورکەکان، وڵاتی تورکیایە. هەمان بارودۆخ بابەتی سەرەکیە لە سەر ڕوانگەی ئێران بۆ تاجیکستان.

لەڕووی جوگرافییەوە هیچ سنووریکی وشکانی لەنێوان ئێران و تاجیکستان نییە، بەهۆی نەبوونی سنووری وشکانی بە شێوەیەکی گشتی بوونی هەستکردن بە هەڕەشە فاکتەری

ڕێگریکـردنه. چـونکه له سیاسـەتی دەروەی وڵاته دراوسـێیەکاندا بــاروودۆخی هەڕەشــەی بەرامــبەر بەردەوام له گۆشــەیەک دەوەستێت. لەبەر نەبوونی سنووری هـاوبەش لەنێوان ئـەو دوو وڵاتــه هەلوێســتی ئەرێنــی دوشــەنبه له بەرامــبەر ئێــران بەهێزدەکـات. هەروەهــا ئێـران له چوارچێـوەی دروسـتکردنی یەکێتـی دەوڵەتـانی فـارس زمـان له نێـوان ئێـران، تاجیکسـتان و ئەفغانســتان پەیوەنــدی نزیکــی خــۆی لەگەڵ تاجیکســتان دروســتدەکات. له ئەفغانســتاندا وەک ئایـدۆلۆژیا تالیبـان وەک ڕکـابەری ڕژێمـی ئیسـلامی ئێـران له ئەنجـامی دەسـتوەردانی ئەمریکــا له دەســەڵات دوور خــرایەوە، کــاریگەری ئێــران له ئەفغانســتان ڕۆژ دوای ڕۆژ لەبەرزبــوونەوە دایه. ئێــران له هەرسـێ دەوڵەتـی فـارس زمـان بەهـۆی توانـای ئـابووری و ئەزمـوونی ئەرێنـی دەوڵەتـداری وەک بـرا گەورە دەرکەوتـووە. لەبەرئەوە کاتێـک له جیهـانی شـیعه کۆدەکـانی جیۆکلتـووری سیاســەتی دەرەوەی ئێــران له ڕۆژئــاوا لەپێشــەوە دێــن، له ڕۆژهەڵاتیش جیهانی فارسی له پێشەوە دێت.

له دەرئەنجـام، تاجیکسـتان له ئاسـیای ناوەڕاسـتدا هاوپەیمـانی سروشـتی ئێـرانه. پەیوەنـدییه دوو لایەنەکـانی نێـوان ئەم دوو دەوڵەته لەلایەن بیرۆکــراته ئێرانیەکــان به ســتراتیجی پێناســه دەکرێت[٤٣]. هەروەک (Hayder Aliyev) حەیدەر ئالییڤ سـەرۆکی ئازەربایجـان له بـارەی تورکیـا و ئازەربایجـان وتـوویەتی "یەک میللەت دوو دەوڵەت"، بەهەمان شێوە سەرۆک کۆمـاری پێشـووی ئێـرانیش له بـارەی ئێـران و تاجیکسـتان بەو جـۆرە گوزارشـتی لێکردووە "ئێران و تاجیکستان گیانێکن له دوو جەستە".

### ٦.٢.٥. تورکستان/ دەوڵەتی تورک لە ئاسیای ناوەڕاست

"تورکستان" بە نیشتیمانی تورکەکان دەزانرێت، لە ئێستاشدا ئەو ناوچەیەی بە ئاسیای ناوەڕاست ناونراوە، بە درێژایی مێژوو هەمیشە وەک "ئەوی دی"ی ناسنامەی بووە. لە پێنج سەد ساڵی دوای جێگیربوونی ناسنامەی تورک لە ناوچەکە و ئەو ناسنامەیە لە دژی ئێران/سەفەوی/قزلباش بەشداربووە لە ناساندنی، لە کۆتایی سەدەی پازدە لەگەڵ دابەشبوونی دەوڵەتی سوپای زێڕین (١٢٥٦ - ١٤٦٦) ئۆزبەکەکان بە کۆچکردن لە باکوورەوە لەم ناوچەیە حاکمیەتی خۆیان دروستکرد. لە باڵی ڕۆژهەڵاتی سوپای زێڕین، بڵاوبوونەوەی ئۆزبەکەکان وەک هێزی سەرەکی لە ناوەندێتی جیهانی تورک بە ئاراستەی سنوورەکانی دەرەوە کۆتا تەوژمی تورکەکانە. کاتێک لە ناوچە کۆچەرییەکان خانە کازاکییەکان (١٤٦٦ - ١٨٤٨) دەسەڵات دەستەبەر دەکەن، لە ڕۆژهەڵاتدا خانە ئۆزبەکەکان (Hiva) هیڤا (١٥١٢ - ١٩٢٠)، (Buhara) بوهارا (١٧٥٣ - ١٩٢٠) و (Hokand) هۆکاند (١٧١٠ - ١٨٧٦) دەسەڵاتیان جێگیرکرد. لە سەدەی هەژدە و نۆزدە لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی ناوچەکە لەلایەن رووسیا، ناوچەکانی خانە ئۆزبەکەکان لە ئەیالەتی دەشتەکان، لە شوێنی خانە ئۆزبەکەکان ئەیالەتی تورکستان دروستکرا.

لە ناوچەی نێوان ڕووبارەکان (بلاد ما وراء النهر)، لە سەدەی یەکەمی ئیسلامەوە تا ئێستا تەقالیدی سوننی بەهێزە. تەنانەت لە جیهانی عەرەبیدا لە ڕووی فیقهو و باوەڕ دا لە بەرامبەر شیعە بنیاتنەرانی ڕێبازی سوننەگەری ئەبو حەنیفە و ئەبو مەنسور ماتوریدی لە ئاسیای ناوەڕاستەوە دەرکەوتووە. لەبەر ئەم

هۆکارە، وەک سەلجوقی و عوسمانییەکان لە پێشتر لە ناوچەکە ڕۆیشتبوون، ئۆزبەکەکان خۆیان بە شێوەیەکی بەهێز لەگەڵ ناسنامەی سوننە پێناسەکرد و لەگەڵ شیعەکان دەستیان کرد بە جەنگ. بۆیە، دەوڵەتی ئێران بووە "ئەوی دی"ی دەوڵەتی ئۆزبەک، کلتووری تاجیک/فارسی بوو بە "ئەوی دی"ی کلتووری ئۆزبەک/تورکی.

شەڕی ئۆزبەکەکان لەگەڵ سەفەوییەکان شوێن دەگرێت لەنێو داستانی هەموو گەلانی تورکستان. سەرلەنوێ دەرکەوتنی ئەو داستانانە لە قۆناغی بنیاتنانی ناسنامەی میللی، پێزانینی "ئەوی دی" تورکستان – ئێران سەرلەنوێ دروست دەبێتەوە. لەبەرئەوە کاتێ ناسنامەی میللی دەوڵەتانی ئاسیای ناوەڕاست بەهێزدەبن، پیزانینی ئەوانیش بۆ گریمانەی گۆڕانکاری زیاتر دەبێت، ئۆزبەکستان لە پێشەوەی هەموو ئەو دەوڵەتانەوە دێت.

ئۆزبەکستان هەم لەبەر دراوسێیەتی لەگەڵ تاجیکستان هەم لەبەر هۆکاری یادەوەری مێژوویی و جگە لەوەش لەبەرهۆکاری نیگەرانی ڕژێم پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران بە وریاییەکی زۆرەوە بەردەوامی پێدەدرێت. ئەگەر لە ڕووی هێزی ئۆزبەکستان بیربکرێتەوە لە ناوچەکە، یاسای "ناسنامە بەهێزەکان 'ئەوی دی' ی بەهێز دەبێت" لێرەدا جێبەجێدەکریت. دەوڵەتانی تری تورک "کازاخستان، قرقیزستان و تورکمانستان ڕەفتاری دژایەتیان بۆ ئێران نەرمترە. هۆکاری ئەمەش، تورکمانەکان لەگەڵ ئێران جەنگان لەژێر سەرکردایەتی خانی هیڤادا کە ئۆزبەکەکان خاوەنی سەروەری بوون، قرقیزییەکانیش لەگەڵ ئێران شەڕیانکرد لەژێر سەرکردایەتی خانی هۆکاند کە

ئۆزبەکەکان خاوەن سەروەری بوون. هەریەکە لە تورکمانەکان و قرقیزییەکان بەقەد ئۆزبەکەکان خاوەنی بنەما و دابونەریتی دەوڵەت نین. لەلایەکی ترەوە کازاکیەکان لە شەڕی بەردەوام دابوون لەگەڵ خانە ئۆزبەکەکان لەباشوور لەسەر خاکی خانەکانی کازاخستان لە دەشتەکان. تەنانەت لە سەرچاوەی مێژووییەوە دەزانرێت شاکانی سەفەوی ئێرانی هاوپەیمانیان لەگەڵ خانەکانی کازاخستان کردووە لە دژی ئۆزبەکەکان.

ئەگەر لەنێو ناوچەی تورکستان سەیری ناسنامەکان بکرێت، هەریەکە لە کازاکییەکان، قرقیزییەکان و تورکمانەکان، ئۆزبەکەکان وەک "ئەوی دی"ی خۆیان دەبینن. ئەم سێ گەلەش ناوی (Sart) سارت لە ئۆزبەکەکان دەنێن. بۆ نموونە، وتەیەکی کازاکی دەڵێت " کازاک – قرقیز لەدایک بووە، کێ لە سارت - ئۆزبەک لە دایک بووە؟". لێرەدا بەکارهێنانی وشەی "سارت" وشەیەکی بەسوک سەیرکراوی ئۆزبەکە. ئەگەر سەیری مێژووی وشەی سارت بکرێت، لەدێر زەمانەوە، بۆ نموونە لە سەردەمی تەیمور وشەی "سارت" لەگەڵ وشەی "فارس" وەک یەک مانا بەکاردەهێنرا. ئەمەش بەواتای ئەوە دێت کە هەریەکە لە کازاک، قرقیز و تورکمانەکان وەهایان دەبینی کە ئۆزبەکەکان بە فارسیکراون. لەژێر ڕۆشنایی پیزانینی ئۆزبەک وەک "ئەوی دی"ی کازاک، قیرقیز و تورکمانەکان ڕەفتاری دژایەتی ئیران – توران یانیش ئێران – تورکستان دەردەکەوێت.

بە شێوەیەکی گشتی لە ڕابردوودا کاتێک کازاکەکان لە دەشتەکان، قرقیزییەکان لە چیاکان، تورکمانەکانیش لە بیانەکان

به شێوەی کۆچەری دەژیان، ئۆزبەکەکان لەشارەکان دەژیان. جگە لەوەش ئۆزبەکەکان خەریکی بازرگانی بوون، ئەوانی تر بەسوک سەیری بازرگانییان دەکرد. چونکە ئەو کەسە یان خەڵکەی خەریکی بازرگانییە وەک فێڵباز، بەرژەوەندخواز و درۆزن دەبینرا. هەم شار هەم بازرگانی جیاوازی قوڵی لەنێوان ئۆزبەکەکان و ئەوانی دی بەجێهێشت. ئەگەر لەلایەن ئۆزبەکەکان سەیربکرێت، شار واتای شارستانیەت و کلتوور دەدات، بازرگانیش مانای ڕەوشت و ئەدەب بوو. لەڕاستیدا لەلایەن ئەو ئێرانییانەی خەریکی بازرگانی بوون، شار و بازرگانی بەهەمان واتا دێت. ئەگەر لە روانگەی ئیپستمۆلۆژەوە سەیری شار بکرێت، وەها دەزانرێت وشەی شار لە وشەی شا وەرگیرابێت. ئێرانیەکان لە کۆنەوە ناوی "ئێرانشار" بۆ دەوڵەتەکانی خۆیان بەکاردەهێنن.

لە بەرئەم هۆکارانە پێزانینی بەرامبەر لە نێوان ئێران و ئۆزبەکستان بەنەرێنی دەبینرێت لەبەر ڕەفتاری دژبەیەک لە نێوان شیعە و سوننە، زیاتر لە ناسنامەکان ورد بینەوە ئێران و ئۆزبەکستان وەک لانکەی شارستانیەتی شار لەپاڵ یەکتر رادەوەستن. لە نێوان هەردوو نەتەوە "زمانی شار" ی هاوبەش بوونی هەیە. ئەگەر لەلایەن دەوڵەتەکانی دیکەی تورک دوژمنکاری ئێرانی بەدی نەکرێت، لە روانگەی شارستاینەتی کۆچەرییە تورکەکان ئێران هەمیشە وەک "ئەوی دی" دەبینرێت. لەبەر ئەم گۆڕانکارییانەش ئێران لە سیاسەتی دەرەوەیدا لە ناوچەکە ئەولەویاتی جیۆپۆلیتیک زیاتر کە کۆدەکانی جیۆکلتووری پێناسە دەکات.

### ٧.٢.٥. کورد

لە نــاوچەکەدا بــوونی پێکهــاتەی دەوڵەت/ نەتەوەی کــورد بەدی ناکرێت. بەڵام هەرێمی کوردستانی عێراق لەگەڵ بوونی کورد لە تورکیــا، ســوریا و ئێــران لەبەرچــاو بگیردرێــت، گرنگــی ئەم کۆمەڵگەیە لە پێزانینی ئێران دەردەکەوێت. هەروەها پێویستە لە ڕووی مێـژووییەوە ئامــاژە بە بەهێزبــوونی ناســنامەی ســوننەی کــوردە بکرێــت. کاتێــک بەراوردی نێــوان عوســمانی و ئێــران دەکرێـــت، عوســـمانیەکان بـــۆ کەمکـــردنەوەی کـــاریگەری و چالاکیەکــانی شــیعە/عەلەویە تورکەکــان بەکارهێنــانی کــوردە سوننەکان ڕاستیەکە. بەپێی گوزارشتی نووسەر (Bekir Biçer) بەکـر بـیچەر، قەدەری یەکگرتــووی کوردەکــان لەگەڵ دەوڵەتــی عوســمانی لە ســەردەمی "یــاڤوز ســولتان ســەلیم"دا بــوو. لەو سەردەمە عوسمانیەکان لە بەرامبەر سەفەویەکان و تورکمانە عەلەویەکــان لەگەڵ کــوردە ســوننەکان هاوپەیمانییــان بەســت. لە شەڕی چاڵدێرانی ساڵی ١٥١٤ دەوڵەتی سەفەوی شکستی هێنا و ســـەفەویەکان تــا چیاکــانی زاگــرۆس کشــانەوە. بە گــوێرەی بۆچـــوونی نووســـەر مەهـــدی ئیلهـــان، ســـولتان ســـەلیم: "بـــۆ کۆکردنەوەی نــاڕێکی میرەکــان و فەرماندەکانی ناوچەکــانی ژێــر دەسەڵاتی عوسمانی لە دەریاچەی ئورمیە تا ڕۆژئاوای مەلاتیا، میــری نــاوچەی بەدلــیس مەلا ئیدریســـی بەدلیســـی نــارد بــۆ ناوچەکــانی ڕۆژهەڵاتــی ئەنــادۆڵ. لەو دەرئەنجــامی ڕێککــەوتنی مەلا ئیدریسی بەدلیسی، ئاغاکانی ناوچەکە هاتنە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتــی عوســمانی. لەگەڵ مەلا ئیدریســی بەدلیســی هەریەکە لە میرنشــینەکانی ئیرمــی، ئێســـنی، ســـۆران، سۆســـون، بەدلـــیس،

ئامێدی، حەسەن کێف، هیزان و ئۆمەریە حاکمیەتی ئیمپراتۆری عوسمانییان پەسەند." لەبەر ئەم هۆکارە ململانێی نێوان ئێران و عوسمانی لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆل لێکدانەوەکە بە جۆرێکە کە مەبەست لە تورکە زۆرینەی شیعە، کوردنیش زۆرینەیان سوننەن. ئەم خاڵەی ئەمڕۆ پێی گەیشتووە، پێزانینی کوردەکان بۆ ئێران وەک بابەتێک دەدەکەوێت کە پێویستی بە توێژینەوە و لێکۆلینەوە هەیە.


ئەگەر باس لە بەشکردنی بەها هاوبەشەکانی نێوان کورد و ئێران بکرێت، لەروانگەی زمانەوە، زمانی کوردی وەک زمانی فارسی و پەشتونی دەکەوێتە نێو گروپی خێزانی زمانی هیندی – ئەوروپی ئێرانی. لە روانگەی ئیتنیکیەوە کورد، بە هەمان شێوەی فارسەکان و تاجیکەکان خۆیان لە ڕەگەزی ئاری هەژماردەکەن. هەردوو گەڵیش جەژنی نەورۆز پیرۆز دەکەن. لەم روانگەیەوە ئێران لە ڕۆژهەڵاتدا چ جۆرە سیاسەتێک لە بەرامبەر تاجیکەکان پەیڕەو دەکات، لە ڕۆژئاواشدا لە بەرامبەر کورد دەتوانێت هەمان سیاسەت جێبەجێبکات. بەکورتی، کاردەکات بۆ دروستکردنی روانگەیەکی پۆزەتیڤ لەنێو کورد بۆ خۆی لەسەر بنەمای بەها هاوبەشەکان. وەک نیشاندانی ئاماژەیەک بۆ ئەم بابەتەش، (Adel Murad) عادل موراد ئەندامی دامەزرێنەری یەکێتی نیستیمانی کوردستان، جەخت لە پێویستی دروستبوونی ڕێککەتن لەگەڵ ئێران لەبەرامبەر تورکیا و عەرەبستانی سعودی دەکات و لەم چوارچێوەیەشدا دەربڕینێکی سەرنج ڕاکێشی بەکارهێناوە و دەلێت: "چونکە ئێرانی وەک تورکیا و عەرەبستانی سعودی نەفرەت لە کوردەکان ناکەن[٤٤]."

لێــرەدا پێویســـتە ئامـــاژە بەوە بکەیـــن کە ئێــرانیش هاوشـــانی دەوڵەتانی دیکەی کە  کوردستان بەسـەر دابەشکراوە بەردەوام سیاسـەتی ئەشکەنجەدان و پەراوێزخستن لەبەرامبەر کورد نێو خـاکی بەکاردەهێنێت لەبەر هۆکـاری سیاسـی و نەتەوەیـی. بـۆ نمـوونە تـا ئەمـڕۆش بـابەتی لە سـێدارەدان و زینـدانی کردنـی هەتاهەتایی بۆ کوردە لە ئێران زۆر باوە بەجۆرێک ڕۆژانە ئەم پرســـە بـــوونی هەیە. هەروەهـــا ئێـــران لەبەرامـــبەر بەرەو پێشـــچوونەکانی هەرێمـــی کوردســـتان/عێراق بـــێ ئوقرەیـــە و بەردەوام لە هەوڵـــی دەوردان و لاوازکردنـــی ئەم قەوارەیە دایە جا لە ڕێگەی حکومەتی ناوەندی عێراقەوە بێت یانیش لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەڕەشەری سەربازی بێت. (وەرگێڕ)

وەک دەرئەنجـــام، لەپەیوەنـــدی ئێـــران لەگەل کـــورد زمـــان و ڕەگەزی هاوبەش وەک کۆدی جیۆکلتووری سیاسـەتی دەرەوەی ئێران دەکرێت لەپێشەوە بێت. ئەگەر سـەرنج بدرێت، وەک چۆن ئـالای ئێـران بە ئـالای تاجیکسـتان دەچێت، بەهەمـان شـێوەش ئالای هەرێمی کوردستانی عێراق بە ئالای ئێران دەچوێنرێت.



ئالای هەرێمی کوردستانی عێراق



ئالای نیشتیمانی کۆماری ئیسلامی ئێران

دەکرێت ئەم ئالایانە بە جیاواز لێکبدرێنەوە، بەڵام لە دەرئەنجامدا دەتوانریت بەردەوامی پێبدرێت لە بەشکردنی هەست و جیهانبینی هاوبەشی نێوان ئەم دوو گەڵە. هەروەها سەرەڕایی هەست، زمان و ڕەگەزی هاوبەش، ئایینی زەردەشتیان بەر لە ئیسلام دروستکردووە. کاتێک پەیوەندی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەگەڵ کورد شیکردنەوەی بۆ دەکرێت، ئەم بەها هاوبەشانە بێگومان وەک کۆدی جیۆکلتووری دێنە نێو بابەتەکە.

### ٣.٥. دۆستەکانی ناسنامەی شیعە

ناسنامەی نەتەوەکان بەهەمان شێوەی ناسنامەی مرۆڤەکان لەسەر پەسەندکردنی هەندێک لە نەتەوەکان بە "ئەوی دی" هەندێکیشیان بە "دۆست" ڕادەوەستێت. وەها نیشاندەدرێت ناسنامەی شیعەی ئێرانی بە شێوەیەکی سروشتی لە ناوچەکە نزیکایەتی بۆ فاکتەری شیعەیە. لە ڕووی مانای جیۆکلتوورییەوە جوگرافیای شیعە، حەوزەی کلتووری ئێران پێکدەهێنرێت. دەوڵەتە دراوسێییەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتدا بەگشتی زۆربەی سوننەکان لە ناوچەکە دەژین، دراوسێکانی لە ڕۆژئاوا و باکووری وڵاتیشدا ناسنامەی شیعەی دەردەکەوێت. لە ڕووی دەوڵەت/ نەتەوە کاتێک شیعەکان لە عێراق و بەحرێن ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانی پێکدێنن، لەسوریا و یەمەنیش وەک کەمینەیەک دەژین. لە ئازەربایجان دابونەریتی ئایینی شیعەی ئیسلام، تێگەیشتنی سەرەکی ئایینی خەڵک پێکدێنێت. جگە لە

ئازەربایجـان لە هەمـوو ئەو دەوڵەتـانەدا کێشـەی ناسـنامەی نەتەوە بـوونی هەیە. سـەرکردەکانی ئەم دەوڵەتـانە ناسـنامەیەکی پەسـەندکراویان پـێ دەسـتەبەر نەکـراوە کە لەلایەن هەمـوو گەلانیـان جـێگەی ڕەزامـەنەی بێـت. هۆکـاری سـەرەکی ئەمەش، دانیشـتوانی ئەم دەوڵەتـانە بەیەکەوە گونجـا و هـاوجووت نـیە، بەڵکـو بـوونی جیـاوازی و نەسـازانە لەگەڵ یەکتـر. بـۆیە پەیوەنـدییەکانی ئەم دەوڵەتـانە لەگەڵ ئێـران پەیوەسـتە بە بەشـی ناسنامەی دەسەڵاتدارەکان.

### ١.٣.٥. عەرەبە شیعەکان

هیـزی نەرمـی ئێـران لە جیهـانی عەرەبیـدا، شـیعە عەرەبەکـانن. گەیشـتنیان بە دەسـەڵات لەو دەوڵەتـانەی تێـدا دەژیـن، بەمانـای نزیکبـوونی ئەو دەوڵەتـانە دێـت لە ئێـران. بە پێچەوانەشـەوە دوورخسـتنەوەی شـیعەکان لە دەسـەڵات بە واتـای تێکچـوونی پەیوەنـدییەکانی ئێـران لەگەڵ ئەو دەوڵەتـانە دێـت. لەبەر ئەم هۆکـارە تـاران بە هەمـوو هێـزی خـۆی پشـتگیری لە شـیعەکان دەکات کە لە دەسەڵاتن، باشـترین نموونەش بۆ سـەلماندنی ئەوە عێـراق و سـوریایە، کە ئێـران پشـگیری لە ئەسـەد و شـیعەکانی عێراق دەکات.

عێـراق لە سـەردەمی سـەدام حوسـێن وەک هەڕەشـە دەبینـرا لەسـەر ئێـران، لەبەرئەوەی سـەدام نـوێنەرایەتی بەشـێکی سوننەکانی وڵاتەکەی دەکرد. بۆ عێراق، کۆماری ئیسـلامی ئێران هەم لە روانـگەی ناسـیۆنالیزمی عەرەبـی هەمـیش لە روانـگەی

جیاوازی نێوان شیعە و سوننە "ئەوی دی" دەوڵەتی دوژمن بوو. بەڵام لەدوای گۆڕانی ڕژێمی سەدام حوسێن لەلایەن ئەمریکا گەیشتنی شیعەکان بە دەسەڵات بە شێوەیەکی بەهێز، عێراق بوو بە دۆستی ئێران. بەکورتی پێگەی ئێران لە عێراق بەرز بووەوە. لە سوریاش ڕژێمی ئەسەد ئێران بە ئەرێنی دەبینێت و ئەوەش لە پەیوەندییە دوولایەنی ڕەنگی داوەتەوە. ڕۆیشتنی ڕژێمی بەشار ئەسەد لە دەسەڵات دەکرا تێڕوانین و ڕوانگەی ئێرانی بە تەواوی لە بەرامبەر سوریا بگۆڕێت، بۆیە ئێران بە هەموو هێز و توانایەوە پشتگیری لە مانەوەی ڕژێمی ئەسەد کردووە، ئێستاش بەردەوامە لە پشتگیری کردنی.

### ٢.٣.٥. ئازەربایجان

سەرەڕای ئەوەی ئازەربایجانییەکان لەڕووی دابونەریت و مێژوو سەر بە مەزهەبی شیعەن[٤٥] بەڵام پێزانینی ئازەربایجان بۆ ئێران زۆر بەپەسەند نابینرێت. چونکە ئازەربایجان زیاتر خۆی وەک بەشێک لە جیهانی توركی دەناسێنێت نەک وەک بەشێک لە جیهانی شیعە/ئێران. ئەم ناسنامەیەی ئازەربایجان لەلایەن ئێرانەوە وەک هەڕەشە هەستی پێدەکرێت لەسەر یەکگرتووی خاکەکەی. بەواتایەکی دی، لە ڕوانگەی ئایینەوە ناسنامەی ئازەربایجان بۆ ئێران وەک ناسنامەی دۆست، بەڵام لە ڕوانگەی ناسنامەی ئیتنیکییەوە وەک "ئەوی دی" هەژمار دەکرێت. تاران لە ڕووی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ ئازەربایجان زیاتر سیاسەتێکی پراگماتیکی هەڵبژارد.

لێرەدا، کۆدەکانی جیۆپۆلیتیکی لە کۆدەکانی جیۆکلتووری زیاتر ناهاوسەنگ دەبێت. لە دوای دابەشبوونی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، پشتگیری کردنی ئێران بۆ ئەرمەنستان بەرچاوترین نموونەیە لە شەڕی قەرەباغی سەروو لە نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان، لەبەرئەوە، ئازەربایجان هەست ناکات وەک بەشێک لە جیهانی شیعەی ئێرانی. بە شێوەیەک کە سەیری ناسنامەی ئازەربایجان دەکرێت، لە ڕووی ئایینیەوە بەرەو ئێران، لە ڕووی ئیتنیکەوە بەرەو تورکیا و لە ڕووی فۆرم و شیوازی ژیانیشەوە بەرەو ئەوروپا دەکشێت. ئەم سێگۆشەیەش لەسەرەتای سەدەی بیست دا لە پرۆسەی ڕۆشنگەر ئازەربایجان وەک "بەئیسلامیبوون"، "بەتورکبوون"، "بەئەوروپایبوون" داڕێژرا. بەگوێرەی خوێن، لە ئالای ئازەربایجاندا ڕەنگی سوور نیشانەی ڕۆژئاوایبوونە، ڕەنگی شین نیشانەی تورکبوونە ، ڕەنگی سەوزیش نیشانەی ئیسلامیبوونە.



ئالای نیشتیمانی ئازەربایجان

ئەگەر لە ڕێگەی ئەم سێ ناسنامەیە سەیری ئازەربایجان بکەین، ئازەربایجـــــان لە رووی جیۆکلتــــووری، جیۆپۆلیتیــــــک و جیۆئیکۆنــۆمیکییەوە پــایەکی لە ئێــران دەمینێــتەوە. ســەرباری ئەوەش، ئەگەر ســەیری ژمـارەی دانیشـتوانی ڕەسـەنی تـورک لە ئێـران بکرێـت، لە نێـوان هەردوو دەوڵەت بەهـای هاوبەشـی زۆر دەبینـــــرێن. ئیـــــران ئەم دوو ڕەهەنــــدە (جیۆپــــۆلیتیکی - جیۆکلتــووری) وەک فــاکتەری سیاســەتی دەرەوە بەکاردێنێــت. چــونکە دوو پــایەکەی دیکــەی ناســنامەی ئازەربایجــان زیــاتر تورکبـوون و ئەوروپـاییبوونە. هەروەهـا دووبـارە لەگەل کاتـدا بە ئایینیبوونی کۆمەڵگەی ئازەربایجان دەکرێ ڕەهەندی ئیسلام لە ناســنامەی دەوڵەت بەهێزبکرێــت، لەم بــارودۆخەش دەکـــرێ کـــاریگەری ئێـــران لە ئازەربایجـــان زیـــاد بکـــات. یـــانیش بە پـــێچەوانەوە لە ئەگەری گریمـــانەی ئەوەی ئێـــران بچێـــتە نێـــو پرۆســـەیەکی دیموکراســـییەوە، ئەوکـــاتیش بەهـــۆی بەهاکـــانی ڕۆژئـــاوا دەکـرێ پەیوەنـدییەکانی نێـوان ئێـران و ئازەربایجـان ئاسایی بێتەوە.

### ٦. کلتووری ڕۆژئاوا

ناســـنامەی ئێرانـــی کاتێـــک لەســـەر بنەمـــای پـــایەی ڕۆژئـــاوا باسـدەکرێت، دوو جـۆری ناسـنامە دەردەکەون: ئەوانـیش ئەرێنـی و نەرێنـــی. ئەمەش هۆکـــاری ئەوەیە ئێـــران لە دوو ڕووەوە کەوتـۆتە ژێرگـاریگەری ڕۆژئـاوا. ئەگەر رووسـیاش بـۆ ڕۆژائـاوا زیـاد بکرێـت، ئێـران لە گۆڕەپـانی شـــەڕدا شکســتی هێنــاوە لە نــاکۆکی نێـوان رووسـیا و بەریتانیـا. ئێـران لەدەرئەنجـامی ئەم

شکستانەدا، دەستی کردووە بە وەرگرتنی مۆدێرنیتەی ڕۆژئاوا. لە سەرەوە گفتووگۆی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، کە ئێرانی زیاتر بەرەو هاوجووتکردن برد، دەرئەنجامی کارلێکی دەوڵەتە لەگەڵ ڕۆژئاوا. کۆماری ئیسلامی ئێرانیش وەک دەوڵەتێکی مۆدێرن دروستکراوی بنەمای ستانداری ڕۆژئاوایە. لە دەرئەنجامدا دوو "دژە" ناسنامەی ڕۆژئاوایی ئێرانی هەست پێدەکرێت وەک دوو جیاوازی ڕۆژئاوا. کاتێک ناسنامەی ئەرێنی پێویستی بە هاریکاری کردنە لەگەڵ ڕۆژئاوا، ناسنامەی نەرێنیش ڕۆژئاوا وەک دوژمن/ئەوی دی دەبینێت.

ناسنامەی ئەرێنی ڕۆژئاوا لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم بەهێز بووە. تایبەتمەندی ڕۆژئاوا لە چەمکە ئەرێنیەکانی خوێندەواری، پەروەردەی عەقلانی، پەروەردە و پێشکەوتن هەستی پێدەکرێت. لە ڕۆژئاوا یان لە باکووردا ئەوانەی لە قوتانخانەکانی رووسیا خوێندوویانە کە بە چینی ڕۆشنبیر ناودەبرێن لە سەرەتای سەدەی بیست بە سەرکردایەتی بەشەکەی دیکەی خەڵک، لە ساڵی ١٩٠٦ مەشروتیەت واتە یەکەم دەستوری ئێرانیان ڕاگەیاند. لە ساڵی ١٩٢٥دا پەرلەمانی ئێران دەستوری ساڵی ١٩٠٦ی پەسەندکرد و خانەدانەکانی قاجاری (١٧٩٤ - ١٩٢٥) گۆڕی بۆ خانەدانی پەهلەوی (١٩٢٥ - ١٩٧٩). بەکورتی، لە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ هەموو چینە جیاوازەکان خرانە ژێر سەرکردایەتی گروپی ئایینی، بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیست سۆسیال دیموکراتەکان سەرکردایەتی شۆڕشیان کرد. ئەو گروپە لەلایەن ڕەزا شا کە بەلایەنگری ڕۆژئاوا ناسرابوو هێنرایە نێو

دەسەڵاتەوە.

قۆنـاغی بنیاتنـانی نەتەوەی ئێـران کە لە سـەرەوە باسـکرا، لەگەڵ قۆنـــاغی بەرۆژئـــاواییکردن بەیەکەوە جێبەجێکـــراوە، بەڵام پەیوەسـتبوونی بەشـێکی گەورەی کـۆمەڵگە بەئـایین بـووە هـۆی ئەوەی ڕیفۆرمەکـانی ڕەزا شـای پەهـلەوی بە "بـێ دینکـردن" لێکبـدرێتەوە. بەرۆژئـاوایکردنی دەوڵەت تـا شۆڕشـی ئیسـلامی سـاڵی ١٩٧٩ بەردەوام بـوو، سیاسـەتی "بـێ رەگوڕیشـەکردن" ئیمامەکانی گەیاندە دەسەڵات.

ناسنامەی نێگەتیڤی ڕۆژئاوا، لەگەڵ بەهێزبوونی بەرۆژئاوایکردن دەسـتپێیکرد. داگیرکردنـی ئێـران لەلایەن رووسـیا و بەریتانیـا لە یادەوەری خەڵک بە زینـدوویی مـاوەتەوە. لەبەرئەوەش هاوکـاری ڕژێمـی پەهـلەوی لەگەڵ ڕۆژئـاوا بینینـی وەک خیـانەت دەسـتی پێکـرد. بە تـایبەتی لە سـاڵی ١٩٥٣ دا پشـتگیری کردنـی سـەرۆک وەزیـران مـوحەمەد موسـەدەق لە بە خۆمـاڵیکردنی کۆمپانیـا نەوتیەکـان بـووە هـۆی دوورخسـتنەوەی لە دەسـەڵات لەلایەن دەزگـــای موخـــابەراتی ئەمریکـــا و بەریتانیـــا، ئەم ڕووداوە هەڵوێسـتی خەڵکـی ئێرانـی لە دژی پەهـلەوی و ڕۆژئـاوا زیـاتر بەهێزکرد.

لە ساڵی ١٩٦٢ جەلال ئەحمەد لەپەرتووکێک بەنـاوی "غەربزادە"، لەکـۆمەڵگەدا سـەدایەکی گەورەی نـایەوە. چەمکـی "غەربـزادە"ی وەک ژەهرخـــواردنی ڕۆژئـــاوا دەتوانرێـــت وەربگێڕدرێـــت(٤٦). نووسەر لە پەرتووکەکەیدا ڕۆژئاوای بەراوردکرد بە تۆرانیەکـان لە شـانامە. ڕۆژئـاوا وەهـا پێناسـەکرا کە هێزێکـی فێلبـاز و

بەتوانـایە، کە سـەرنجی هەمـوو کەس ڕادەکێشـێت وەک تـوران. بەگـوێرەی نووسـەر ئەبباس ئامانێـت، ئێـران یەکەم جـار بـوو تێگەیشـتنی بەهێـزی وەک "تـاعونی ڕۆژئـاوا" هـاتە دیـتن دوای دوژمنکاری سوننە لە سەردەمی سەفەویەکان[٤٧].

## ١.٦. ناسنامەی ئەوانی دیکەی ڕۆژئاوایی ئێران

ئەزموونی مێژووی ئێران لەگەڵ دەوڵەتان ڕۆژئـاوا هەم "پێزانینـی دەوڵەتانی ڕۆژئـاوا" هەم "پێزانینی دەوڵەتـانی دەرەوەی ڕۆژئـاوا" پێکـدەهێنێت. لێـرەدا "پێزانینـی دەوڵەتـانی دەرەوەی ڕۆژئـاوا" ڕاستەوخۆ دەوکەونە ژێر کاریگەری "پێزانینی ڕۆژئاوا".

### ١.١.٦. هەستی بەڕۆژئاوایی بوونی ئێران

کاتێـک لە ئیـران باسـی ڕۆژئـاوا بە تـایبەتی ئەورووپـا دەکرێـت یەکەم دەوڵەت کە بەعەقلـی مـرۆڤەوە دێـت بەریتانیـایە. پیزانینـی ئیـران بـۆ بەریتانیـا دەتوانریـت "هەم وەک دۆسـت هەمـیش وەک دوژمـن" پێناسـە بکرێت. لەکۆنەوە تـا سـەرەتای سـەدەی بیسـت پێزانینی ئیرانیەکان بۆ بەریتانیا ئەرێنی بوو. بەهاکانی بەریتابیـا تێنـووی خەیاڵەکـانی ئێرانییەکـان بـووە. ئەو هێـزەی لە پشـتی شۆڕشی مەشروتیەتی ساڵی (١٩٠٦) بوو، ئێرانییەکان ئامانجیـان بـوو ڕژێمێـک دروسـت بـکەن لەسـەر شـێوازی بەریتـانی. واتە بەریتانیا ناوەندی سـەرنج و پەسـەندی ئێران بوو. بەڵام لەکـاتی شـەڕی یەکەم و دووەمـی جیهانیـدا ئێرانییەکـان لە روانـگەی بەریتانیـا بەرەو ڕووی نائومێـدی بـوونەوە. لەبەر ئەم هۆکـارە،

دروســتبوونی چەمکەکــانی "لەژێــر هەر بەردێــک ئینگلیزەکــان دەردەکەون"، "دەستی نهێنی ئینگلیز" دەستی پێکرد[٤٨]. بە تـایبەتی بە زۆر ئەنجامــدانی ڕیفۆرمەکــانی بەڕۆژئــاوایکردنی ڕژێمــی پەهلەوی، هۆکاری ئەو هەموو بەڵا و ناخۆشیانە بوو کە بەسـەر ئێراندا هات لە روانگەی خەڵکی ئێرانەوە. لەراستیدا گواستنەوەی دەســەڵات بـۆ ئیســلامییەکان ئەم دوژمنکاریــەی بێگــانە بـوو لە ئێران.

لە سـاڵی ١٩٥٣ دوای دوورخســتنەوەی مـوحەمەد موســەدەق لە دەســەڵات لەڕێــگەی کودەتــاوە لەلایەن دەزگــای موخــابەراتی ئەمریکا (CIA) و دەزگای موخـابەراتی بەریتانیا (MI5) لە شـوێنی دوژمنکـاری بەریتانیـا، دوژمنکـاری ئەمریکـا دەسـتی پیکـرد. لە ســاڵی ١٩٧٠ کانــدا، "پێشــبینی کــردن بــۆ دە ســاڵی دواتــر کە پەیوەنـدی نێـوان ئێـران و ئەمریکـا بە تەواوی دەپچڕێـت" کەس بـڕوای بە پێشــبینیەکی لەم جـۆرە نەدەکـرد. بەڵام لەدەرئەنجـام دوای قەیرانــی بـارمتە ئەمریکیەکـان لە ئێـران پەیوەنـدی نێـوان هەردوو دەوڵەت ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرەو نەمـان دەچـوو، لە سـاڵی ١٩٨٠ پەیوەندییەکان بە تەواوی پچڕا. ناسـاندنی ئەمریکا لەلایەن خــــومەینی وەک "شــــەیتانی گەورە"، لەگەڵ هــــاتنی ســــاڵانی (٢٠٠٠)ەکــان بەپــۆلێن کردنــی ئێــران لە "تەوەری خراپەکــار" لەلایەن ئەمریکــا، ئەمە نیشــانەیەکی ئاشــکرایە لەوەی هەردوو دەوڵەت چەند یەکتری وەک دوژمن دەبینن.

دووبــارە ئەو بەشــە لە کــۆمەڵگەی ئێرانــی ڕۆژ دوای ڕۆژ لە زیــادبوون دایە کە ڕۆژئــاوا بە تــایبەت ئەمریکــا و بەریتانیــا بە ئەرێنی دەبینن. نووسەر مەنسور فەرهەنگ دیاریکردووە[٤٩]:

*"شۆڕشـــی ئیســـلامی لە بابەتەکـــانی ســـێکۆلاریزم، پلـــۆرالیزم و ســـــەروەری گەڵ زیـــــاتر هەســـــتیاربوونی دەســـــتەبەرکرد. ئەزموونەکـــانی دەســـەڵاتی ئـــایینی/تیۆکراتی ئەم بەهایـــانەی بە شێوەیەکی سیستماتیک لەناوبرد و بەم شێوەیە بایەخی بەها لە دەســتچووەکان دەردەکەوێــت. بە شــێوەیەکی ئاســایی هــاوڵاتی نــاتوانێ گوزارشــت لە هەلوێســتی خــۆی بکــات لەڕێــگەی ئەم چەمکـــانە بەڵام ڕوون و ئاشـــکرایە ئەو دژی ســـنووردارکردنی بوارەکـــانی خـــۆی و یاریکردنـــە بە ســـونبلەکانی ئیســـلام بـــۆ مەبەستی ستەم و زۆرداری."*

بەکـــورتی، جیێبەجێکردنـــی زۆرداری ڕژێـــم دەســـتی لایەنە ڕۆژئاواییەکانی بەهێزکرد لە ئێران. ئیتر تاوانبارکردنی ڕۆژئاوا بۆ هەموو ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی کۆمەڵگە بوونەوە. هەموو ئەو ستەمکاریەی ڕژێمی پەهلەوی جیێبەجێیکرد، بەهەمان شێوە ڕژێمی ئیسـلامیش توندوتیژی جیێبەجێکرد. داخوازی ژینگەی ئـازادی ڕۆژئـاوا زیـاتر دەبێـت، هەروەک دەگەڕێـت بـۆ ئەو کەســانەی دێــن بــۆ نــاو ژیــنگەکە. لەم بــابەتە تورکیــا وەک هاوپەیمانی نزیکی ڕۆژئاوا ڕۆلێکی گرنگی گێڕا. ئەو ئێرانیانەی تورکیایـان بینیـوە مەزەنـدە و خەیـالی دەوڵەتێک دەکەن لەسـەر شێوازی تورکیا.

هەموو ئەو گرووپە ئۆپۆزسیۆنانەی ئێران لە دژی رژێم لەلایەن ڕۆژئـــاوا یەکـــدەگرن. لە ســـەرکردەی ئەم گـــرووپە هاشـــمی ڕەفسنجانی کۆچکردوو هەبوو. لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی ڕەفسـنجانیدا ئاسـایی بـوونەوەی پەیوەنـدییەکانی ئێـران لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا دەستی پێکردبوو. ڕەفسنجانی سەرکەوتوو

بــوو لەوەی زەمینەســازی کــرد بــۆ ئەوەی سیاســەتی دەرەوەی ئێــران زیــاتر سیاســەتێکی ڕیالیســتی بێــت. لەهەمــان کاتــدا ڕەفسنجانی لە پشتی هاوکارییەکانی ئیران بووە لەگەڵ رووسیا و چــین. پــاش جێبەجێکردنــی ئەرکــی ســەرۆک کۆمــاری لە دوو خولدا، پشتگیری لە سەرۆک کۆمار موحەمەد خاتەمی کرد کە لە سەردەمی ئەودا وەزیری ڕۆشنبیری و کلتوور بوو.

ئامــانجی خــاتەمی بەلیبرالــی کردنــی دەوڵەت و ڕێکخســتنەوەی پەیوەنــدییەکانی تــاران لەگەڵ دەولەتــانی ڕۆژئــاوا بــوو. لە ســەردەمی خاتەمیــدا لە ئێــران چــاپەمەنی ئــازاد و پێشخســتنی پلــۆرالیزمی میــدیا دەســتی پێکــرد. لە سیاســەتی دەرەوەشــدا، پەیوەنــــدییەکانی لەگەڵ زۆرێـــــک لە دەوڵەتــــانی ئەوروپـــــا ڕێکخستەوە. سـەرۆک کۆمـار حەسـەن ڕۆحـانیش لەسـەر هەمـان هێل بەردەوامی پێدەدات. لێرەدا وەک دەرئەنجام دەتوانرێت ئەم دەرهاوێشــتەیە لێکبــدرێتەوە: لەگەڵ بەهێزبــوونی ناســنامەی ڕۆژئـــاوایی لە ئێـــران واتە وەرگرتنـــی پەروەدە لە ڕۆژئـــاوا، تێگەیشتن لە ڕۆژئاوا و لەگەڵ هاتنی ئەو گروپە بۆ دەسـەڵات کە کەموکورتییەکـانی ڕژێمـی ئیسـلامی دەزانـن، ئەمەش پەیوەنـدی ئیـران لەگەڵ ڕۆژئـاوا بەهێـز دەکـات. بە پـێچەوانەوە لە ڕێچـکەی ئەحمەدی نەژاد لەگەڵ هـاتنی گـروپە توندڕەوەکان بۆ دەسـەڵات پەیوەندی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوا بەرەو خراپی دەچێت.

### ٢.١.٦. روانگەی ئێران بۆ رووسیا، چین و هیندستان

لە روانگەی ناسنامەی ڕۆژئاوا بۆ ئێران، پێویستی بەتێگەیشتنی رووســیایە لە ئێــران. رووســیا لە ئێــران "نەوەک دۆســت نەوەک دوژمــن" دەبینرێـت. کاتیـک هەریەکە لەئەمریکـا و بەریتانیـا وەک

دوژمـن هەسـتی پێدەکرێت لەلایەن ئێرانەوە، بە شـێوەیەکی زۆر سـەرنج ڕاکـێش ئەندێشـە و بیرکـردنەوەی رووسـیا بەو جـۆرە نێگەتیـڤ نابینرێـت لە ئیـران. لەکاتێکـدا رووسـیا ئەو دەوڵەتەیە زۆرتـرین شـەری لەگەڵ ئێـران کـردووە، لە زۆربەی شـەڕەکان شکسـتی هێنـاوە، خـاکەکەی لەدەسـتداوە، چەنـدین جـار لەلایەن رووسـیاوە داگیرکـراوە، بەهەڕەشـەکردن لە یەکگرتـووی خـاکەکەی پشـتگیری لە چەپەکـانی وڵاتەکە دەکـات، تەنـانەت لە بـاکووری ئێرانـدا وڵاتێکـی دروسـتکرد. نووسـەر (Rudi Matthee) رودی ماتسـی لەسـەر ئەم بـابەتە کـاریکردووە: "هۆکـاری ئەمەش ئەوەیە کە ئێرانییەکان ناڕازی نـابن لە رووسـیا وەک لە نمـوونەی بەریتانیـا ڕوویـدا." ئەمەش بە دەرئەنجامێـک دەگـات[٥٠]. دەربڕینێکی چینـی هەیە دەلیـت: "پێشـبینیەکان چەنـدە بەرزبـن بـێ ئومێـدیەکانیش ئەوەنـدە قـووڵ دەبـن". پەیوەنـدییەکانی نێـوانی ئێران و چین بەم شێوەیە دەتوانرێت لەیەکتر نزیک ببنەوە.

ڕوونەدانی هیچ کێشەیەک لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و چین هۆکاری ئەوەیە کە ئێران، چین بەئەرێنی دەبینێ. هەمـان بیرۆکە بـۆ هیندسـتانیش راسـتە ئەم سـێ شارسـتانییەتە کـۆنە وەک مێـژوو لەدێـر زەمـانەوە لە ژێـر کاریگەریـدا بـوونە. مێـژووی پەیوەنـدی بازرگـانی نێـوان ئەم سـێ شارسـتانییەتە "ڕێگـای ئاوریشـم" پیکـدێنێت. لەم ڕێگـایەش ئێرانییەکـان وەک بازرگـان لەپێشەوە دێن. لەڕووی سیاسییەوە ئەگەر کۆنترۆلی ئێرانییەکـان نەکرێت لە ڕێگەی ئاوریشـم، کۆلۆنیـالی بارزگـانە ئێرانییەکـان تـا سـنوورەکانی چـین درەێـژ دەبێـتەوە. لە دەرئەنجامـدا ڕێـگەی ئاوریشم هەردوو شارستانیەتی لەیەکتر نزیک کردەوە. بەهەمـان شـێوە لە ئێستاشـدا چەمکـی ڕێـگەی ئاوریشـم وەک بەهـایەک

لەلایەن چـین و ئێـرانەوە بەشـدەکرێت[٥١]. لە کۆتاییـدا، هەردوو شارستانییەتەکە لەگۆڕەپانی جەنگ هیچ کات ڕووبەڕووی یەکتـر نەبوونەتەوە. لەبەرئەوە، ئەمڕۆ پەرەسـەندن و هەسـتی هـاوبەش لەنێوان ئێران و چین زۆر پۆزەتیڤە.

ئەگەر ئامـاژە بەهەسـتی بەرامبەر/هـاوبەش لە نێـوان ئێـران و هیندسـتان بکرێـت، هیندسـتان هەرچەنـدە خـۆی وەک شارسـتانییەتێکی تـایبەت پێش بخـات لە باشـووری ئاسـیا، بەڵام ئەم شارسـتانییەتە هـیچ کاتێـک لە شـێوەی ئیمپراتۆرییەتێـک بە ئاراستەی ئێران بڵاونەبۆتەوە. بە پێچەوانەوە ئەو دەوڵەتـانەی لە ئێـران دروسـتبوون بەردەوام پالەپەسـتۆیان لەسـەر هیندسـتان کـردووە. بەڵام لە هەزار سـاڵی دواییـدا، بەئیسـلامیکردن لەلایەن هیندستان لەبەرامبەر ئێران نـاوچەی ئـارام لە نێوان هیندسـتان و ئێران هاتە ئـاراوە، لەڕاسـتیدا لێرە دەوڵەتـی پاکسـتان دروسـتکرا. لەبەر ئەوە لە ڕۆژگـاری ئەمـڕۆ لە تێگەیشـتنی ئێرانییەکـان هیندسـتانێکی نەگەتیـڤ بـوونی نـیە، بەهەمـان شـێوە هیندسـتانییەکان زۆر ئێـران بە نێگەتیـڤ نـابینن. ئەم تێگەیشـتنە هاوبەشە لەپەیوەندییە دوو لایەنەکان ڕەنگدەداتەوە.

لەڕاسـتیدا تایبەتمەنـدی گرنـگ کە دیزاینـی پێزانینـی ئیـران بـۆ رووسـیا، چـین و هیندسـتان دەکـات، روانـگە و پێزانینـی ئیرانە لە بەرامـبەر ئەمریکـا. لێـرەدا بەکارهێنـانی گوزارشـتی "دوژمنـی دوژمـنم دۆسـتمە" لە روانـگەی جیۆکلتـوورییەوە زۆر مانـادار دەبێت. بە دەربڕینێکی دی، ئێران لە بازنەی جیهانی پشتگیری لە هەوڵەکانی رووسیا و چین دەکات بۆ ئەوەی هیندستان بێتە نێو سیسـتمی فرەجەمسـەری جیهـانی. ئەم سـێ دەوڵەتە کرۆکـی

سەرەكی (BRICS) بریكس "بەرازیل، رووسیا، هیندستان، چین و كۆماری باشووری ئەفریقا" پێكدێنن. پیزانین و تێڕوانینی نێگەتیڤی ئێران بۆ ئەمریكا، ڕوانگەی پۆزەتیڤی رووسیا، چین و هیندستان پیكدێنێت.

لە روانگەی سیاسەتی ناوخۆییەوە، بەهێزبوونی ناسنامەی ڕۆژئاوای ئێرانی بەمانی باشبوونی پەیوەندییەكانی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوا دێت كە پێشتر ئاماژەی پێكراوە. بەهەمان شێوە مانەوەی پیاوانی ئایینی لە دەسەلات كە دەیانەوێت ڕژێمی ئۆتۆریتەر/دەسەلاتخواز بەهێز بێت لە ئێران، بەمانای بەهێزبوونی پەیوەندییەكان ئێران لەگەڵ چین دێت. بەڕەفتاركردن لەگەڵ ئەم مەنتقە لە ئێران وەها بیردەكرێتەوە، ئۆپۆزسیۆنی لایەنگری ڕۆژئاوا لە ئێران پێیان وایە بەهێزبوونی پیاوانی ئایینی لە ئێران لە ڕێگەی پشتگیری رووسیاوەیە. لە هەڵبژاردنەكانی سەرۆك كۆمار لە ساڵی ٢٠٠٩ بە دەرئەنجامی گوماناوی ئەحمەدی نەژاد دەرچوو، لە خوولی دووەمی سەرۆك كۆمارێی ئەحمەدی نەژاد خۆپیشاندان سەری هەڵدا و خەڵك ڕژانە سەر شەقام و بەدروشمی "مردن بۆ رووسیا". واتە خەڵك پێیان وابوو رووسیا پشتگیری لە ئەحمەدی نەژاد كردووە بەهۆی ئەوەی لەژێر دەستی رووسیادا بووە. بەهەمان شێوە لەسەر گۆڕی ڕەفسنجانی هەمان دروشمیان دەگوتەوە لە بەرامبەر دژایەتی كردنی ڕژێم ئەمریكا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوایان بە هاوپەیمانی خۆیان دەبینی، ڕژێمیش بۆ مانەوەی لەسەر پێی خۆی، كار دەكات بۆ وەرگرتنی پشتگیری لە رووسیا و چین.

**دەرئەنجام**

لە دەرئەنجامدا، بۆ باسکردنی کۆدەکانی جیۆکلتووری سیاسەتی دەرەوەی ئێران پێویستە سەرنج بخرێتە سەر فاکتەرەکانی پێکهێنانی ناسنامەی نیشتیمانی ئێران. وەک لە شیکردنەوەکەدا بینرا ناسنامەی ئێران پێکدێت لە هەرسێ فاکتەری نەتەوەیی، ئایینی و ڕۆژئاوایی. ناسنامەی ئێرانی پشتبەستوو بە ناسیۆنالیزمی ئێرانی، دەستەبەری ئەوەی کردووە کە ئێران وەک دەوڵەتێک لەسەر پێی خۆی بوەستێت. لەبەرئەوەی ئەم ناسنامەیە هێزی سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی پێش ئیسلامی وەرگرتووە، بۆتە هۆی دەستەبەری بڕوا بەخۆبوون بۆ ئێران و لە ناوچەکەشدا هەستی هەژموونگەرایی بەهێزدەکات.

لە ڕوانگەی کلتووری نەتەوەیی ئێران، هەریەکە لە ناوچەکانی ناوەراستی ئاسیا، باشووری ئاسیا، قەفقاسیا و ڕۆژئاوای ئاسیا ڕێڕەوی کلتووری ئێرانن. ئێران بەدرێژایی سەدەکان وەک ناوەندی پێکهێنانی شارستانییەتی ناوچەکە، دوای ئەمەش ئامادەگی هەبوو بۆ ئەوەی ڕۆلێکی کاریگەر بگێڕێت. چونکە لە ڕوانگەی کلتووری نەتەوەیی ئێران، لە ناوچەکەدا ئێران ئامادەگی کلتووری، بواری زمانەوانی و ئەدەبیاتی تێدا هەیە.

کلتووری نەتەوەیی ئێران لەگەڵ ئایینەکەی واتە لەگەڵ ناسنامەی ئیسلامی شیعی زیاتر بەهێز دەبێت. لەڕووی واقیعییەوە ئەگەر ناسنامەی شیعی پێگەی ئێران سنوردار بکات، بەڵام چەمکی جیهانی ئیسلامی، ئێرانی لە ناوەڕاستی ناوچەکە جێگیرکردووە. مانەوەی ئیسلامی سیاسی بە زیندوویی، لە دەوڵەتانی ئێران و تورکیا لە ڕوانگەی پشتگیری کردنی ئیسلامی سیاسی لە تەواوی جیهان وەک مۆدێلێکی سیاسی لە مانەوە بەردەوام دەبێت.

لەدوای شۆڕشـــی ئیســـلامی، ئێـــران بە ناســـاندنی خـــۆی وەک دەوڵەتێـــک پرۆســـــەی بە ڕۆژئـــــاوایکردنی ڕەتکـــــردەوە. لەم ڕووەشـــــەوە دەســـــەڵاتی تیۆکراســـــی (ئـــایینی) ئێـــران لەگەڵ دیموکراســـــیەتی ڕۆژئـــــاوا بەرەو ڕووی نـــــاکۆکی دەبێـــــتەوە. لەڕاســـــتیدا شۆڕشـــــی ئیســـــلامی ڕووداوێـــکە کە لە ئەنجـــامی ڕەتکـردنەوەی پرۆسـەی بە ڕوژئـاوایکردنی ئێـران سـەریهەڵداوە. ئەگەر بـــارودۆخەکەش بەم شـــێوەیە بێـــت، لەگەڵ بەهێزبـــوونی ناسـنامەی ئێـران، نابێـت ناسـنامەی  ڕۆژئـاوایی ئێـران پشـتگوێ بخرێـــت.  ئەم ناســـــنامەیەی ڕۆژئـــــاوا وەهـــــا نیشـــــاندەدات بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئێران هەست بکات کات پێچەوانە دەبێتەوە.
لە شـیکردنەوەدا گفتووگـۆکردنی هەرسـێ ناسـنامەی "نەتەوەی، ئـــایینی و ڕۆژائـــاوایی" دەوڵەتە جیاوازەکـــان وەک ناســـــنامەی "ئەوی دی" هەســـــتی پێـــدەکەن. بـــۆ دیـــاریکردنی کۆدەکـــانی جیۆکلتــووری سیاســەتی دەرەوەی ئێـران، هەروەهـا دەگونجێـت لەگەڵ کــارکردنی بــابەتی پێزانینــی دەوڵەتــانی بیــانی لە ئێــران. لەبەرئەوە پێویسـت بە گەیشـتن بە ڕای گشـتی ئێران و ڕاپرسـی کردن دەبێت.
ناســنامەی کلتــووری ئێــران، هەســتی ســەروەریێتی بــۆ ئێــران دەســتەبەر دەکــات لە بەرامــبەر وڵاتــانی نــاوچەکە، شــۆڤینیزمی ئێـــران لە تەواوی دەوڵەتـــانی دراوســـێی ئێـــران جێبەجێـــدەکرێت. ئێـــران خـــۆی بە ســـەروەرتر و بەرزتـــر دەبینـــێ بە تـــایبەت لە بەرامـــبەر تـــورک و عەرەب. ئەم شـــۆڤینیزمە ڕاســـتەوخۆ وەک کۆدی جیۆکلتووری بۆ سیاسەتی دەرەوە ڕەنگدەداتەوە.
بڵاوبـوونەوەی ناسـنامەی شـیعی ئێـران وەک کۆمـاری ئیسـلامی دووبـــارە لەلایەن دەوڵەتـــانی ســـوننی دەوروبەری ئێـــران وەک "ئەوی دی" پێویســـــتە هەســـــتی پێبکرێـــت. لەم ڕووەوە ناوەنـــدی

خەلافەتی سوننە لە مێژوودا عەرەبستانی سعودی (لەسەدەمی حەزرەتی ئەبوبەکر، حەزرەتی عومەر، حەزرەتی عوسمان)، میسر (لەسەردەمی مەمالیکیەکان) و تورکیا (لەسەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانی) وەک ناسنامەی "ئەوانی دیکەی" ئێران دەردەکەون. ئێران وەک دەوڵەتێکی شیعە، ڕەوایەتی تێگەیشتنی ئیسلامی ئەو دەوڵەتانە دەخاتە ژێر پرسیار، تەنانەت وەک نەبوون هەژمار دەکات بەهۆی زەوتکردن و دەستبەسەرداگرتنی بیرکردنەوەی خەلافەت، حەزرەتی عەلی و نەوەکانی لە روانگەی تێگەیشتنی ئێرانەوە. شیعەگەری وەک کۆدی جیۆکلتووری ڕەوایەتی و سەروەریێتی ئێرانی زیاتر دووپات دەکاتەوە، ئەمەش لە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی دەرەوە دەبینرێت.
ئێران بوو بە خاوەنی نەوەکانی حەزرەتی عەلی و بێبەشی و مەحرومیەتی ئەوان وەک نیشاندانی لە ئێستادا بە شێوەیەکی بەهێز لە بەرامبەر جیهانی ڕۆژئاوادا بۆتە هۆی ئەوەی کە ئێران وەک ناوەندی بوونی دەوڵەتانی چەوساوەی جیهانی ئیسلامی تەنانەت هەموو دەوڵەتانی جیهانی سێیەمیش دەربکەوێت. لەم روانگەوە ئێران وەک "ئەوی دی" ناسنامەی ڕۆژئاوا دەناسێت، ئەمەش پێویستییەکی مەشروعییەتی شۆڕشی ئیسلامی. هەستی دوژمنایەتی ئێران بەردەوام دەبێت لەسەر ئاستی جیهانی بۆ ئەمریکا و لەسەر ئاستی ناوچەکەش بۆ ئیسرائیل. هەروەک ئاشکرایە لە دوای شۆڕشی ئیسلامی ئەوانەی هاتوونەتە سەردەسەڵات لە ئێران بۆ ئەوەی لە دەسەڵات بمێننەوە بەردەوام پێویستیان بە دروستکردن و بەهێزکردنی هەستی دوژمنکاری هەبووە. ئێران بۆ مانەوەی لەسەر پێی خۆی وەک کۆماری ئیسلامی پێویستی بە دوژمنە بەهێزەکانی وەک ئەمریکا و ئیسرائیل هەبووە.

## پەراوێزەکان :


1. Samuel P. Huntington, *The Clash of Civilizations and the Remaking of World Order*, Simon & Schuster, 1996.
2. Glen Fisher, *Mindsets: The Role of Culture and Perception in International relations*, 1996.
3 . Henry Kissinger, *Diplomacy*, Simon & Schuster, 1994.
4. *A.g.e.*
5. Mansour Farhang, “Foreword: Iran and the Prism of Political Culture”, Samih K. Farsoun and Mehrdad Mashayekhi (eds.), *Iran: Political Culture in the Islamic Republic*, Routledge, 1992.
6. Mehmet Seyfettin Erol, Emre Ozan, “Dış Politikada İdeolojini Rolü”, Doç. Dr. Ertan Efegil – Doç.Dr. Mehmet Seyfettin Erol (derleyen), *Dış Politika Analizinde Teorik Yaklaşımlar: Türk Dış Politikası Örneği*, Barış Kitabevi, Ankara 2012, s. 358.
7. Touraj Atabaki, “Recasting Oneself, Rejecting the Other: Pan- Turkism and Iranian Nationalism”, Willem van Schendel ve Erik j. Zuè rcher (eds.), *Identity Politics in Central Asia and the Muslim World: Nationalism, Ethnicity and Labour in the Twentieth Century*, I.B. Tauris, 2001, s. 65.
8. Michael Axworthy, *A History of Iran*, Basic Books, 2008, s. 3.
9 . Fereshteh Davaran, *Continuity in Iranian Identity: Resilience of a Cultural Heritage*, Routledge, 2010, s. 220.
10. Samih K.Farsoun and Mehrdad Mashayekhi, “Introduction: Iran’s political culture”, Samih K. Farsoun ve Mehrdad Mashayekhi (eds.), *Iran: Political Culture in the Islamic Republic*, Routledge, 1992, s. 4.
11. Abbas Amanat, “Introduction: Iranian Identity Boundaries a Historical Overview”, Abbas Amanat and Farzin Vejdani, *Iran Facing Others: Identity Boundaries in a Historical Perspective*, Palgrave, Palgrave, 2012, s. 4.
12. Amanat, *a.g.m.*, s. 7.
13. Mehrzad Boroujerdi, “Gharbzadegi: The Dominant Intellectual Discourse of Pre- and Post-Revolutionary Iran”, Samih K. Farsoun ve Mehrdad Mashayekhi (eds.), *Iran: Political Culture in the Islamic Republic*, Routledge, 1992, s. 23.
14. Ervand Abrahamian, *A History of Modern Iran*, Cambridge University Press, 2008, s. 2.
15. Atabaki, *a.g.m.*, s. 65.
16. Touraj Atabaki, “Iranian History in Transition: Recasting the Symbolic

Identity of Babak Khorramdin", in Abbas Amanat and Farzin Vejdani, *Iran Facing Others: Identity Boundaries in a Historical Perspective*, Palgrave, 2012, s. 74.

17. Mehrdad Mashayekhi, "The Politics of Nationalism and Political Culture", Samih K.Farsoun ve Mehrdad Mashayekhi (eds.), *Iran: Political Culture in the Islamic Republic*, Routledge, 1992, s. 58.
18. John Farndon, *Iran: Everything You Need to Know*, Icon Books, 2006, s. 25.
19 . Farndon, *a.g.e.*, s. 23.
20 . Farndon, *a.g.e.*, s. 23.
21. Sandra Mackey, *The Iranians: Persia, Islam and the Soul of a Nation*, Plume Book, 1998.
22. İbrahim Kafesoğlu, *Türk Milli Kültürü*, Ötüken Yayınları, İstanbul 1997.
23. Sandra Mackey, *The Iranians: Persia, Islam and the Soul of a Nation*, Plume Book, 1998.
24 . Amanat, *a.g.m.*, s. 22.
25. Dick Davis, "Iran and Aniran: The Shaping of a Legend" in Abbas Amanat and Farzin Vejdani, *Iran Facing Others: Identity Boundaries in a Historical Perspective*, Palgrave, 2012, s. 49.
26 . Amanat, *a.g.m.*, s. 21.
27 . Fereshteh Davaran, *Continuity in Iranian Identity: Resilience of a Cultural Heritage*, Routledge, 2010, s. 9.
28 . Davaran, *a.g.e.*, s. 138.
29 . Davaran, *a.g.e.*, s. 153.
30. Davaran, *a.g.e.*, s. 153.
31. Touraj Atabaki, "Iranian History in Transition Recasting the Symbolic Identity of Babak Khorramdin", in Abbas Amanat and Farzin Vejdani, *Iran Facing Others: Identity Boundaries in a Historical Perspective*, Palgrave, 2012, s. 74-75.
32. Kadir Ertaç Çelik, "İslam Devrimi Sonrası İran'da Kimlik ve Dış Politika: Konstrüktivist Bir Bakış", *Bölgesel Çalışmalar Dergisi*, Cilt:1, Sayı: 1, 2016, s. 261.
33. Atabaki, *a.g.e.*, 2012, s. 76.
34. Selin Çağlayan, *Şii Düşüncesinde İslamcılık: İran Mehdi'yi Beklerken*, Cinius Yayınlar, İstanbul 2012, s. 295.
35. A.g.k., s 296.
36. Rashid Yaluh, *Mahdism in contemporary Iran: Ahmadinejad and the occult Imam*, Arab Center for Research and Policy Studies (Doha Institute) 2011, http://english.dohainstitute.org/ file/get/ef643c91-5988-

46bc-b6b2-b1705c01ae66.pdf, (Erişim Tarihi: 14.04.2017).

37. "İran 5 Ülkede 200 Bin Genci silahlandırdı", 12.01.2016, http://www.haber7.com/ortadogu/haber/1747061-iran-5-ulkede-200- bin-genci-silahlandirdi, (Erişim Tarihi: 14.05.2017).
38. Mehmet Seyfettin Erol, "İran'daki Saldırılar Ne Anlama Geliyor, Neler Yapılabilir?", *ANKASAM,* https://ankasam.org/ irandaki-saldirilar-ne-anlama-geliyor-neler-yapilabilir/, (Erişim Tarihi: 08.06.2017).
39. Atay Akdevelioğlu, "İran İslam Cumhuriyeti'nin Orta Asya ve Azerbaycan Politikaları", *Uluslararası İlişkiler*, Cilt: 1, Sayı: 2, Yaz 2004, s. 130.
40. Mehmet Seyfettin Erol, Osman Nuri Beyhan, "Dış Politikanın Belirlenmesi Sürecindeki Siyasal Rejimlerin Rolü ve Türkiye Örneği", Ertan Efegil, Rıdvan Kalaycı (derleyen), *Dış Politika Teorileri Bağlamında Türk Dış Politikasının Analizi*, Cilt: 1, Nobel Yayın, Ankara 2012, s. 341.
41. Max Fisher, "Iran is popular in Pakistan, overwhelmingly disliked everywhere else", January 11, 2013, https://www.washingtonpost.com/news/worldviews/wp/2013/01/11/iran-is-popular-in-pakistan-overwhelmingly-disliked-everywhere-else/?utm_term=.635adefe035d, (Erişim Tarihi: 13.03.2017).
42. Akdevelioğlu, *a.g.m.*, s. 151.
43. "Iran, Tajikistan maintain strategic relations" Chairman of the Committee for Foreign Policy and National Security of Iran Alaeddin Boroujerdi has said Tehran and Dushanbe have strategic relationship based on strengthening and consolidating cooperation. Tue 7 March 2017, http://en.mehrnews.com/ news/124049/Iran-Tajikistan-maintain-strategic-relations, (Erişim Tarihi: 18.03.2017).
44. Lazar Berman, "The Iranian Penetration of Iraqi Kurdistan", January 21, 2016, http://jcpa.org/article/the-iranian-penetration-of-iraqi-kurdistan/
45. Azerbaycan Cumhurbaşkanı Kütüphanesi'nin sunduğu *Religion in Azerbaijan* kitabına göre ülkede yaşayan Müslümanların %85'i Şii, %15'i de Sünni'dir. http://files.preslib.az/projects/remz/pdf_en/atr_din.pdf, (Erişim Tarihi: 13.03.2017).
46. Boroujerdi, *a.g.m.*, s. 20.
47. Abbas Amanat, "Introduction: Iranian Identity Boundaries: A Historical Overview" in Abbas Amanat and Farzin Vejdani, *Iran Facing Others: Identity Boundaries in a Historical Perspective*, Palgrave, 2012, s. 23.
48. Amanat, *a.g.m.*, s. 48.
49. Mansour Farhang, "Foreword: Iran and the Prism of Political Culture", Samih K.Farsoun ve Mehrdad Mashayekhi (eds.), *Iran: Political Culture*

*in the Islamic Republic*, Routledge, 1992, s. x.

50. Rudi Matthee, "Facing a Rude and Barbarous Neighbor: Iranian Perceptions of Russia and the Russians from the Safavids to the Qajars", in Abbas Amanat and Farzin Vejdani, *Iran Facing Others: Identity Boundaries in a Historical Perspective*, Palgrave, 2012, s. 101.
51. Dr. Dinmuhammed AMETBEK, "Chinese-Iranian Relations Within the Contexts of the Discourse of Civilisation", Apr 28, 2017, https://ankasam.org/en/chinese-iranian-relations-within-contexts-discourse-civilisation/, (Erişim Tarihi: 02.05.2017).

## سەرچاوەكان :


1. ABRAHAMIAN Ervand, *A History of Modern Iran*, Cambridge University Press, 2008.
2. AKDEVELIOĞLU Atay, "İran İslam Cumhuriyeti'nin Orta Asya ve Azerbaycan Politikaları", *Uluslararası İlişkiler*, Cilt: 1, Sayı: 2, Yaz 2004.
3. AMANAT Abbas, "Introduction: Iranian Identity Boundaries a Historical Overview", Abbas Amanat and Farzin Vejdani, *Iran Facing Others: Identity Boundaries in a Historical Perspective*, Palgrave, 2012.
4. AMETBEK Dinmuhammed, "Chinese-Iranian Relations Within the Contexts of the Discourse of Civilisation", Apr 28, 2017, https://ankasam.org/en/chinese-iranian-relations-within-contexts-discourse-civilisation/
5. ATABAKI Touraj, "Iranian History in Transition: Recasting the Symbolic Identity of Babak Khorramdin", in Abbas Amanat and Farzin Vejdani, *Iran Facing Others: Identity Boundaries in a Historical Perspective*, Palgrave, 2012.
6. ATABAKI Touraj, "Recasting Oneself, Rejecting the Other: Pan-Turkism and Iranian Nationalism", Willem van Schendel ve Erik j. Zuè rcher (eds.), *Identity Politics in Central Asia and the Muslim World: Nationalism, Ethnicity and Labour in the Twentieth Century*, I.B. Tauris, 2001.
7. AXWORTHY Michael, *A History of Iran*, Basic Books, 2008.
8. BERMAN Lazar, "The Iranian Penetration of Iraqi Kurdistan",

January 21, 2016, http://jcpa.org/article/the-iranian-penetration-of-iraqi-kurdistan/
9. BIÇER Bekir, “Sultan II. Abdülhamid’in Kürt Politikası”, http:// www.altayli.net/sultan-ii-abdulhamidin-kurt-politikasi.html.
10. BOROUJERDI Mehrzad, “Gharbzadegi: The Dominant Intellectual Discourse of Pre- and Post-Revolutionary Iran”, Samih K.Farsoun ve Mehrdad Mashayekhi (eds.), *Iran: Political Culture in the Islamic Republic*, Routledge, 1992.
11. ÇAĞLAYAN Selin, *Şii Düşüncesinde İslamcılık: İran Mehdi’yi Beklerken*, Cinius Yayınlar, İstanbul 2012.
12. ÇELİK Kadir Ertaç, “İslam Devrimi Sonrası İran’da Kimlik ve Dış Politika: Konstrüktivist Bir Bakış”, *Bölgesel Çalışmalar Dergisi*, Cilt: 1, Sayı: 1, 2016. http://bolgeselcalismalar.gazi.edu.tr/index.php/dergi/article/view/12/15
13. DAVARAN Fereshteh, *Continuity in Iranian Identity: Resilience of a Cultural Heritage*, Routledge, 2010.
14. DAVIS Dick, “Iran and Aniran: The Shaping of a Legend” in Abbas Amanat and Farzin Vejdani, *Iran Facing Others: Identity Boundaries in a Historical Perspective*, Palgrave, 2012.
15. EROL Mehmet Seyfettin, Osman Nuri Beyhan, “Dış Politikanın Belirlenmesi Sürecindeki Siyasal Rejimlerin Rolü ve Türkiye Örneği”, Ertan Efegil, Rıdvan Kalaycı (derleyen), *Dış Politika Teorileri Bağlamında Türk Dış Politikasının Analizi*, Cilt: 1, Nobel Yayın, Ankara 2012.
16. EROL Mehmet Seyfettin, Emre Ozan, “Dış Politikada İdeolojini Rolü”, Doç.Dr.Ertan Efegil – Doç.Dr. Mehmet Seyfettin Erol (derleyen), *Dış Politika Analizinde Teorik Yaklaşımlar: Türk Dış Politikası Örneği*, Barış Kitabevi, Ankara 2012.
17. EROL Mehmet Seyfettin, “İran’daki Saldırılar Ne Anlama Geliyor, Neler Yapılabilir?”, *ANKASAM,* https://ankasam.org/irandaki-saldirilar-ne-anlama-geliyor-neler-yapilabilir/, (Erişim Tarihi: 08.06.2017).
18. FARHANG Mansour, “Foreword: Iran and the Prism of Political Culture”, Samih K. Farsoun and Mehrdad Mashayekhi

(eds.), *Iran: Political Culture in the Islamic Republic*, Routledge, 1992.

19. FARNDON John, *Iran: Everything You Need to Know*, Icon Books, 2006.
20. FARSOUN Samih K., MASHAYEKHI Mehrdad, “Introduction: Iran’s political culture”, Samih K.Farsoun ve Mehrdad Mashayekhi (eds.), *Iran: Political Culture in the Islamic Republic*, Routledge, 1992.
21. FISHER Glen, *Mindsets: The Role of Culture and Perception in International relations*, 1996.
22. FISHER Max, “Iran is popular in Pakistan, overwhelmingly disliked everywhere else”, January 11, 2013, https://www.washingtonpost.com/news/worldviews/wp/2013/01/11/iran-is-popular-in-pakistan-overwhelmingly-disliked-everywhere-else/?utm_term=.635adefe035d, (Erişim Tarihi: 13.03.2017).
23. HUNTINGTON Samuel P., *The Clash of Civilizations and the Remaking of World Order*, Simon & Schuster, 1996.
24. İLHAN M. Mehdi, Amid (Diyarbakır), TTK Yayınları, Ankara 2000, s. 73.
25. KAFESOĞLU İbrahim, *Türk Milli Kültürü*, Ötüken Yayınları, İstanbul 1997.
26. KISSINGER Henry, *Diplomacy*, Simon & Schuster, 1994.
27. MACKEY Sandra, *The Iranians: Persia, Islam and the Soul of a Nation*, Plume Book, 1998.
28. MASHAYEKHI Mehrdad, “The Politics of Nationalism and Political Culture”, Samih K.Farsoun ve Mehrdad Mashayekhi (eds.), *Iran: Political Culture in the Islamic Republic*, Routledge, 1992.
29. MATTHEE Rudi, “Facing a Rude and Barbarous Neighbor: Iranian Perceptions of Russia and the Russians from the Safavids to the Qajars”, in Abbas Amanat and Farzin Vejdani, *Iran Facing Others: Identity Boundaries in a Historical Perspective*, Palgrave, 2012.
30. YALUH Rashid, *Mahdism in contemporary Iran: Ahmadinejad and the occult Imam*, Arab Center for Research and Policy Studies (Doha Institute) 2011, http://english.dohainstitute.org/file/get/ef643c91-5988- 46bc-b6b2- b1705c01ae66.pdf, (Erişim Tarihi: 14.04.2017).

## لەبارەی نووسەرەوە

د. دینموحەمەد ئامێدبەک لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٠ لە گوندی شاویلدیر لە باشووری کازاخستان لە دایک بووە. لە دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی وئامادەیی لە وڵاتی خۆی، لە ساڵی ١٩٩٩ لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی نیشتیمانی فارابی – کازاخ لە شاری ئەلماتی لە ماستەر وەرگیراوە و لە ساڵی ٢٠٠٤ لەژێر ناونیشانی (کازاخستانیەکان وپرسی گەڕانەوەی کۆچبەری) بەسەرکەوتووی ماستەرنامەکەی تەواوکردووە. لە ساڵی ٢٠٠٥ لە زانکۆی خینژیانگ (XİNJİANG)ی چینی دوای تەواوکردنی خولی زمانی چینی دەستی بەکار کردووە لە فەرمانگەی کۆچبەران و دیموگرافیای سەربە وەزارەتی کار و ئاسایشی کۆمەڵایەتی کە ئەم فەرمانگەیە تایبەتمەندە بە گەڕانەوەی ئەو کۆچبەرانەی کە لە دەرەوەی کازاخستان دەژین و گەراونەتەوە. لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦ – ٢٠٠٨ وەک بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی دەرەوەی زانکۆی ئۆراسیای نیشتیمانی لیڤ گومیلۆڤی ( LEV GUMİLYOV AVRASYA ULUSAL ÜNİVERSİTESİ) کاری کردووە. د.ئامێدبەک لە ساڵی ٢٠٠٨ لە پەیمانگای توێژینەوەی دونیای تورکی سەربە زانکۆی ئیجە دوای وەرگرتنی کۆرسیکی یەک ساڵەی زمانی تورکی خوێندنی دکتۆرای لە بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ( MIDDLE EAST) دەست پێکرد ولە ساڵی ٢٠١٥ لەژێر ناونیشانی (دیاریکردنی شوێنی تورکیا لە چوارچێوەی ناسنامەی ئۆراسی

کازاخستانی) ( Kazakistan’ın Avrasya Kimliğindeki Türkiye’nin Konumu) دکتۆرانـــامەکەی بەســـەرکەوتووی تەواو کـــرد و نازنـــاوی دکتـــۆرای وەرگـــرت. د.ئامێـــدبەک تایبەتمەنـــدە لەم بوارەکـانی "سیاسـەتی دەرەوەی کازاخسـتان، دونیـای تـورکی، بـابەتی ناسـنامە و کلتـور، ئۆراسـیایی و دیـد و ڕوانـگەی نـوێی تیۆرەکانی پەیوەندی نێودەوڵەتی". نوسـەر وەک سـەرۆکی بەشـی تـوێژینەوەی ئۆراســی لە ناوەنــدی ئەنــقەرە بـۆ قەیرانەکــان و توێژینەوەی سیاسـی " Ankara Kriz ve Siyaset Araştırmaları Merkezi" (ANKASAM) کار دەکات. هەروەهـا نـابراو ئێسـتا وەک یاریدەدەری سەرنوسـەر لە گۆڤارەکـانی (Bölgesel Araştırmalar) لێکــۆڵینەوەی هەرێمــی و (Uluslararası Kriz ve Siyaset Araştırmalar) قەیـــــرانە نێودەوڵەتییەکـــــان و لێکــــــۆڵینەوە سیاسییەکان لە ئەنکاسام کار دەکات. د.ئامێدبەک جگە لە زمـانی فــەرمی خــۆی کە زمــانی کازاخســتانیە، زمانەکــانی تــورکی، ئینگلیـزی، ڕوسـی و چینـی دەزانـی. نـاوبراو ژیـانی هاوسـەرگیری پێکهێناوە و منداڵێکی هەیە.

**وەرگێڕ لە چەند دێڕێکدا:**

- تەحسین وسو عەبدوڵلا
- لە دایک بووی ١٩٨٨/١٠/٢٥، هەولێر، دەڤەری زرارەتی.
- شوێنی کارکردنی کۆلیژی زانستە سیاسییەکان/ زانکۆی سەڵاحەدین – هەولێر.
- ژمارەی تەلەفۆن و ئیمەیل:09647504904356
tahseen.abdullah88@gmail.com tahseen.wsu@su.edu.krd
- ٢٠١٢ – ٢٠١٣ بکالۆریۆس لە زانستە سیاسییەکان/ زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر / کۆلیژی یاسا و زانستە سیاسییەکان/ بەشی زانستە سیاسییەکان، یەکەمی سەر ئاستی بەش/ بەیانیان.
- ناونیشانی توێژینەوەی دەرچوونی قۆناغی بکالۆریۆس : کاریگەری شۆڕشی ٢٥ی یەنایەری ٢٠١١ی میسر لە سەر ستراتیژییەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست.
- ٢٠١٥- ٢٠١٨ ماستەر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان/ زانکۆی غازی لە شاری ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا.
- تێزی ماستەر نامە: ئامرازە سیاسییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە عێراق بەکارهێنراون لە ٢٠٠٣ – ٢٠١٨.

- **خاوەنی سێ توێژینەوەیە بە زمانی تورکی:**

✓ ئامانجە سیاسییەکانی ئێران لە عێراق دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس.
✓ پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق (١٩٧٩ – ٢٠٠٣).
✓ ئەو ئامرازە سیاسییانەی لەلایەن ئێرانەوە بەکارهێنراون بۆ زیادکردنی نفوزی خۆی لە عێراق لە دوای ٢٠٠٣.

- **خاوەنی چوار توێژینەوەیە بە زمانی کوردی:**
  - ✓ ئامانجە سیاسییەکانی ئێران لە عێراق دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس.
  - ✓ سیاسییەتی ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستان لە دوای ٢٠٠٣.
  - ✓ هێزی نەرم لە سیاسییەتی دەرەوەی ئێران.
  - ✓ هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی ئێران.
- خاوەنی دەیان وتار و شیکردنەوەی سیاسییە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و سایتە ئەلیکترۆنییەکانە.